# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٢٧)- (٢٦)ی ئابی ٢٠٢٤

جڵەوی شەڕی داهاتوو لە دەستی ئەو لایەنە دەبێت کە پڕۆگرام و سۆفتوێری زیرەکیی دەستکردی باشی هەیە، نەك تانك و فڕۆکەی باش

درۆنێك کە نرخەکەی ٥٠٠ دۆلارە دەتوانێت دەبابەیەك پەك بخات کە نرخەکەی لە سەرووی ١٠ ملیۆن دۆلارە

حەفتا لە سەدی کۆی درۆنی بازرگانی لە جیهاندا کۆمپانیای (DJI)ی چینی بەرهەمی دەهێنێت

# کاریگەریی زیرەکیی دەستکرد لە نەخشەدانان و ئاراستەکردنی شەڕی سەربازیدا






# کۆنفڕانسی سۆشیالدیموکراتەکان لە ٢٦ی حوزەیران ٢٠٠٧

١٢٨

ئینتەرنەشنالّ سۆشیالدیموکرات کۆنفڕانسەکەیان لە شاری جنیف ساز دا. بانگێهشتنامەیەکیان بۆ ناردم کە تێیدا بەشدار بین. هەر چەند وەک پارتی ئەندام نەبووین لە سۆشیالدیموکرات، بەلاّم هەمیشە پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان پارتی و سۆشیالدیموکراتەکاندا هەبوو.

ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، دەست بە کارەکانی کۆنفڕانس کرا و چەندان وتار پێشکەش کران. منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی وتارم پێشکەش کرد. چەندان کەسایەتی و شاند لە شوێن و ولاّتی جیاجیاوە ئامادەی کۆنفڕانسەکە بوون، بۆ نموونە مەحموود عەباس، سەرۆکی فەلەستین، بینەزیر بۆتۆ[(١)] و چەندان کەسایەتی لەسەر ئاستی ئەورووپا و دەنیز بایکالّ، سەرۆکی پارتی کۆماریی تورکیا.

بایکالّ زۆر سەیر بوو، چونکە کاتێک مام جەلال وتارەکەی پێشکەش کرد وەک نارەزایەتی هۆلّی کۆنفرانسی بەجێ هێشت. منیش سرنجێکم بۆ مام جەلال نووسی کە بایکالّ ئەم ڕەفتارەی کردووە، بۆیە لە کاتی قسەکردنی ئەودا تۆش هۆلّەکە بەجێ بهێلّە و ئێمەش هەموو کورد هۆلّەکە بەجێ دەهێلّین و دەچینە دەرەوە. لە کاتی چوونە دەرەوەی بایکالّ وەک دەربڕینی نارەزایی، تەنیا جەماعەتەکەی لەگەلّی چوون، بەلاّم کاتێک ئێمە چووینە دەرەوە، نیوەی هۆلّەکە لەگەلّمان هاتنە دەرەوە. هەموو پارتە کوردییەکان لەگەلّ ژمارەیەک لە دۆستە بیانییەکانیشمان هۆلّەکەیان بەجێ هێشت.

دواتر بینەزیر بۆتۆ هاتە لام و پێی گوتم: (من دەگەڕێمەوە پاکستان، هیوادارم پەیوەندییەکانمان بەردەوام بن و زۆر خۆشحالّیشم کە برا کوردەکان لە عێراق ئەم دەستکەوتە گەورانەیان بەدەست هێناوە).

دوای کاروبارەکانی کۆنفرانس، ڕۆژی ٤ی تەمووزی ٢٠٠٧ گەڕامەوە کوردستان.

---

(١) بینەزیر بۆتۆ، سیاسەتمەداری پاکستانی و سەرۆکی حزبی گەلی ئەو ولاتە و کچی سەرۆکی پێشووی پاکستان زولفەقار عەلی بۆتۆیە. بینەزیر بۆتۆ دوو جار بووە سەرۆکوەزیرانی پاکستان و لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ بەهۆی پەلامارێکی تیرۆریستی لە شاری کەراجی گیانی لەدەست دا.

# چاپکراوی نوێ




کتێبی (یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK- بەڵگەنامەکانی شەشەم کۆنگرە) لە نووسینی غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK چاپ و بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبە گوڵبژێرێکە لەو وتار و پەیامانەی کە لە شەشەمین کۆنگرەی YNDK پێشکەشکراون و خوێنراونەتەوە، هەروەها ڕاپۆرتی سیاسی و بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ کە پەسندکراوی شەشەم کۆنگرەن، جگە لەمانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان و پاشکۆی وێنەکانی کۆنگرە هەن، بە مەبەستی پاراستن و بە ئەرشیفکردن، ئەو وتار و پەیام و وێنە و بەڵگەنامانە لێرەدا بڵاوکراونەتەوە.

لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی کار و خەباتی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥-٢٠٢٣ بەردەوام لە خۆنوێکردنەوەدا بووە، هەوڵی داوە بە جۆرەها شێواز و کار و خەباتی خۆی بەردەوام بێت، ڕوانین و سیاسەتی کوردانە و کوردستانییانەی خۆی بە هەموو لایەك ڕابگەیەنێت.

یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK تا ئێستا شەش کۆنگرەی بەستووە: یەکەمین کۆنگرەی لە ١٧-١٩ی ئاداری ١٩٩٥ لە شارۆچکەی عەنکاوە بەستووە، دووەمین کۆنگرەی لە ٥-٧ی ئایاری ١٩٩٦ لە شارۆچکەی شەقڵاوە، سێیەمین کۆنگرەی لە ١٠-١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ لە شاری هەولێر، چوارەمین کۆنگرەی لە ١٠-١١ی شوباتی ٢٠٠٢ لە شاری هەولێر، کۆنگرەی پێنجەمی لە ١٢-١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ لە شاری هەولێر و دوا کۆنگرەشی (شەشەم) لە ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ لە شاری هەولێر بەستووە.

شایانی باسە هەر یەك لە کۆنگرەکانی YNDK وێستگەیەکی گرنگی بەخۆداچوونەوە و خۆنوێکردنەوە بوون، کە لەو کۆنگرانەدا پرسە سیاسی و کەلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و کارو خەباتی یەکێتییەکە شرۆڤەکراون و هەڵسەنگێنراون.

سعود مستۆ نەجم:



## عێراق بەرامبەر کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان شەرمەزارە و یەک هەنگاویشی بۆ ئازادکردنی ڕفێندراوەکان نەناوە

شاکر مەحموود نوعمانی:



## کوردی فەیلی بە هۆی بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلوول مافی هاووڵاتیبوونیان لێ سەندرایەوە و ڕووبەڕووی شاڵاوی ڕاگواستن بوونەوە

دکتۆر ئاوات مەحموود نەقشبەندی:



## کوردستان نیشتمانی گەورەی کوردانە و خاوەنی پێگەیەکی گەورەی مێژوویی پیرۆزە بە دەقی قورئان (رب أنزلني منزلاً مباركاً)

دکتۆر مستەفا مەهدی:



## نرخی نەوت و خستنەڕووی دۆلار کاریگەریی لەسەر بەهای دینار هەیە





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
ئارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکریی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری
***Web: www.gulanmedia.com***

ئەحمەد نەبی ئیسماعیل:



**لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە بڕی زیاتر لە ٨ ملیار دینار پڕۆژە لە ناحیەی دارەتوو جێبەجێ کراوە**

نەرمین سندی:

**خێزان و پارتی وایان پەروەردە کردووم، کە هەر کارێکم پێ بسپێرن، بەوپەڕی دڵسۆزی و تواناوە ئەنجامی دەدەم**



**هۆکارەکانی ئازاری جومگەی نێک**



**بەرهەمهێنانی میمۆری کارتی ٨ ترابایتی**




ئەفسانە ئەمینی نیا:

**مایەی شانازییە کە نموونەی کارەکانم وەک دیاری پێشکەش بە یادگەی بارزانی نەمر کردووە**



ئایندە محەممەد:

**هەر یاریزانێک خۆی ماندوو بکات و هەوڵی زۆر بدات ڕکابەرێکی باش دەبێت**







# کاریگەریی زیرەکیی دەستکرد لە هەڵسووڕان و ئاراستەکردنی تەکنەلۆژیای سەربازیدا

« گۆڕەپانی شەڕی ئۆکرانیا بووەتە ئەو شانۆیەی کە نمایشی شەڕی ئایندەی لەسەر دەکرێت، بە هەزاران درۆن کە بە سیستمی ئەلگۆریزم و زیرەکیی دەستکرد ئاراستە دەکرێن، ئاسمانی شەڕەکەی پڕکردووە کە توانایان هەیە، ئاستەنگەکان تێپەڕێنن و زۆر بە وردی ئەو ئامانجەی دەیانەوێت دیاری دەکەن. ئەو مۆدێلە تازەیەی تێکەڵاوکردنی زیرەکیی دەستکرد لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەربازی بە جۆرێک یارمەتیی سەربازانی ئۆکرانیای داوە، کە دەتوانن ئامانجەکان بە وردی دیاری بکەن و بزانن لە کوێ دەدەن، توانیویانە زۆر بە باشی دەبابەکان تێک بشکێنن و فڕۆکەکانی ڕووسیا بخەنە خوارەوە، هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ لە بەری ڕووسیاوە بەردەوام لەژێر چاودێریی وردایە و توانیویانە هۆیەکانی پەیوەندیی بەرانبەر بپچڕێنن. لە ئێستادا هەردوولا (ڕووسیا و ئۆکرانیا) لە هەوڵی ئەوەدان تەکنەلۆژیای سەربازیی بەستراوە بە زیرەکیی دەستکرد لە دژی یەکتری بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن هێرشەکانی سەر یەکتری تێک بشکێنن».




توێژینەوەی «ئەمریکا بۆ شەڕەکانی داهاتوو ئامادەباشیی نییە»
ژمارەی ئەیلوول و تشرینی دووەمی ٢٠٢٤
گۆڤاری فۆرین ئەفێرز

## گۆڕینی سرووشتی شەڕەکان

هەموو کات شەڕەکان هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ داهێنان، هەموو داهێنانێکیش سرووشتی شەڕەکانی بەپێی سەردەمی خۆی گۆڕیوە، ئەمەش هەر لە بەکارهێنانی ئەسپ لە شەڕدا و پاشان بە کارهێنانی شمشێر و ڕم و تیروکەوان، تا دەگاتە دۆزینەوەی باروت لە سەدەی نۆیەمی زایینی، سرووشتی شەڕەکان گۆڕانکاریی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە و، لەگەڵ پێشکەوتنی چەک و کەرەستەی سەربازیشدا، ژمارەی قوربانییانی مرۆڤ لە شەڕەکاندا زیاتر بووە.

لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی پیشەسازی، پیشەسازیی سەربازییش لەگەڵیدا سەری هەڵداوە، هەر داهێنانێک لە ئاکامی شۆڕشەکانی پیشەسازی هاتبێتە ئاراوە، دیوێکی بۆ سەربازی بەکار هێنراوە، هەر بۆ نموونە داهێنانەکانی وەک «کەشتیی هەڵمی، ئۆتۆمبێل، ڕادیۆ، کۆمپیوتەر، فڕۆکە، باروت بۆ تەقاندنەوە و ڕێگە دروستکردن، هێزی ئەتۆم و...هتد». هەموو ئەمانە کە دیوێکی خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات، بە دیوێکی دیکەی بووەتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر مرۆڤایەتی و سرووشتی خویناویی شەڕەکانیان ئاڵۆزتر کردووە.

لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەوەی بووە هۆکاری ئەوەی جەنگەکە بۆ بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا یەکلایی ببێتەوە و هەر دوو ئیمپراتۆریەتی هەنگاریا و عوسمانی بڕووخێنن، بەرهەمەکانی شۆڕشی پیشەسازیی یەکەم و دووەم بوو کە توانییان «تفەنگ، ڕەشاش، تانک و زرێپۆش، فڕۆکە و کەشتی» بەکار بهێنن و چارەنووسی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، هەموو دەوڵەتانی پێشکەوتوو توانییان باشتر دەستیان بگاتە تەکنەلۆژیا و باشتر لە بواری سەربازیدا سوودی لێوەربگرن، هەموو دەوڵەتەکان چەکی «زرێپۆش، تۆپ و تانک، فڕۆکەی جەنگی، ڕادیۆ و...هتد»یان خستە خزمەتی ئەو شەڕەوە. ئەڵمانیا لە هەموو دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپا توانی چەندین جار زیاتر لە دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپا تەکنەلۆژیا لە پیشەسازیی سەربازیدا بەکار بهێنێت، شێوازێکی تازەی تاکتیکی شەڕی بەکار هێنا، کە ناویان لێ نا «شەڕی لە ناکاو - Blitzkrieg»، ئەمەش واتە ئەنجامدانی شاڵاوی سەربازیی چڕ بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی سەربازی بە خێرایی. ئەم شێوازە تازەیەی شەڕ کە هیتلەر پیادەی کرد، بەرهەمی ئەو تەکنەلۆژیا تازانە بوو کە لە شەڕەکەدا بە سەرکەوتوویی بەکارهێنران. ئەگەر بەرگریی سۆڤیەت نەبوایە لە ستالینگراد و ئەو زیانە گەورەیەی بە ئەڵمانیا نەگەیاندایە و، لە هەمان کاتدا ئەمریکا نەهاتبایەتە ناو شەڕەکە، ئەوا هیچ دوور نەبوو کە شەڕی دووەمی جیهان بە سەرکەوتنی هیتلەر یەکلایی ببووایەتەوە.

قورسی و سەختیی شەڕی دووەمی جیهانی، وای کرد کە داهێنانەکان زیاتر کاری لەسەر بکرێت، بۆیە هەر دوو بەرە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بۆمبی ئەتۆمی دروست بکەن، کە لەمەیاندا ئەمریکا توانی لە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی سەرکەوتوو بێت و بۆ یەکەمین جار هێزی «بۆمبی ئەتۆم»ی پیشانی جیهان دا، کاتێک هەر دوو شاری «هیرۆشیما و ناکازاکی»ی ژاپۆنی پێ بوردمان کرد.

مەترسیی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی زیاتر بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووش توانی بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات. چەندین جار یەکێتیی سۆڤیەت لە پرسەکانی «دابەشکردنی ئەڵمانیا، دابەشکردنی بەرلین، کەنداوی بەرازان لە کوبا» هەڕەشەی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرانبەرەکەشی (ئەمریکا و ڕۆژئاوا) خاوەنی هەمان چەک بوون، سەرەنجام گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی کە سنوورێك بۆ بڵاوەپێکردن و ڕێگرتن لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دابنرێت، بەمەش سەردەمی شەڕی سارد دەستی پێکرد، کە ماوەی ٤٥ ساڵ درێژەی کێشا و بە ڕووخانی دیواری بەرلین و دواتریش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت کۆتایی هات.

**سرووشتی شەڕەکان گۆڕانکاریی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە و، لەگەڵ پێشکەوتنی چەک و کەرەستەی سەربازیشدا، ژمارەی قوربانییانی مرۆڤ لە شەڕەکاندا زیاتر بووە**

**ئەگەر بەرگریی سۆڤیەت نەبوایە لە ستالینگراد و ئەو زیانە گەورەیەی بە ئەڵمانیا نەگەیاندایە و، لە هەمان کاتدا ئەمریکا نەهاتبایەتە ناو شەڕەکە، ئەوا هیچ دوور نەبوو کە شەڕی دووەمی جیهان بە سەرکەوتنی هیتلەر یەکلایی ببووایەتەوە**

**سەرکەوتنی گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان لە شکاندنی سوپای سۆڤیەت و پاشانیش دروستکردنی گرووپی چەکداریی ئیسلامی توندڕەو، بووە هۆکاری ئەوەی لە تەواوی جیهاندا بەتایبەتی لەناو کۆمەڵگە موسڵمانەکانی ڕۆژئاوا، هزری توندڕەویی ڕادیکاڵیی ئیسلامی بەرەو هەڵکشانێکی زۆر گەورە بچێت**

**گرووپی تیرۆریستی زیاتر ئاماژەیە بۆ گرووپە چەکدارییە ئیسلامییەکانی سوننە و بە گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی شیعە دەگوترێت «بەرەی مقاومە»، بەڵام هەر دوو گرووپەکە بە یەک ستراتیژیی سەربازی و سیاسی کار دەکەن**

**هەموو ئەو ئیسلامییە ڕادیکاڵانەی لە ڕۆژئاوا دەژین، بەها و یاساکانی لیبراڵ دیموکراتی وەک چەکێک دژی خودی سیستمە لیبڕاڵی و دیموکراتییەکە بەکار دەهێنن**

**ئەو هەوڵانەی ئیسرائیل دەیدات بۆ کوشتنی نەیارەکانی لە غەززە و لوبنان، هەموویان لەلایەن زیرەکیی دەستکردەوە مەزندە دەکرێن و شوێنەکانیان دەدۆزرێتەوە و هەر بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردیش بۆمبەکە دەتەقێنرێت و ئامانجەکان دەپێکێت**

● **سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مەدەنی بۆ مەبەستی سەربازی**

لە ماوەی ساڵانی شەڕی سارد (١٩٤٥-١٩٩١)، کێشە و ململانێی سەرەکی لە نێوان دەوڵەتانی ئەوەی پێی دەگوترا «هاوپەیمانیی وارشۆ» و دەوڵەتانی «هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی» کە یەکەمیان لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەت و دووەمیان لەلایەن ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکران، لەو ماوەیەدا چەندین گرووپی جیاواز هەبوون کە شەڕیان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە کردووە، بەڵام هەریەک لەم گرووپانە لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکاوە پشتگیریان لێدەکرا و ڕاشکاوانەتر لەبری یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکا، شەڕی بەوەکالەتیان دەکرد، هەر کاتێکیش لایەک لەو گرووپە وەکیلانە کەوتبێتنە مەترسییەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ هەردوو لا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەستتێوەردانیان لە شەڕەکەدا کردووە، هەر بۆ نموونە لە شەڕی کۆریا لە ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٣، چین و یەکێتیی سۆڤیەت بۆ بەرژەوەندیی کۆریای باکوور و ئەمریکا بۆ بەرژەوەندیی کۆریای باشوور دەستتێوەردانیان کرد و سەرەنجام بە هێڵی ٣٨ ی پانی کۆریا دابەش کرا بۆ باکوور و باشوور و هەر بەشێکیان بووە هاوپەیمانی لایەکیان.

ئەم سیناریۆیە لە شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڤێتنامی «باکوور و باشوور» دووبارە بووەوە، بەڵام سەرەنجام لە ناوەڕاستی حەفتاکان بە کشانەوەی ئەمریکا لە ڤێتنام کۆتایی هات و ڤێتنام بووە هاوپەیمانی بلۆکی سۆڤیەتی پێشوو. بێگومان ئەم شەڕ و پێکدادانانە لە چەند شوێنێکی دیکەی جیهانیش وەك ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی دووبارە بوونەتەوە، کە دواییینیان دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە دەستی پێکرد و، پشتگیریی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بوو بۆ گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان کە دژی سوپای سۆڤیەت شەڕیان دەکرد، پاشان ئەم گرووپانەش دوای کشانەوەی سۆڤیەت لە ئەفغانستان و دواتریش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت خۆیان لەناو چەندین گرووپی چەکداریی جیاواز ڕێکخست، کە دیارترینیان ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە و بزووتنەوەی تاڵیبان بوو، کە ئێستا حوکمڕانیی دەوڵەتی ئەفغانستان دەکات.

سەرکەوتنی گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان لە شکاندنی سوپای سۆڤیەت و پاشانیش دروستکردنی گرووپی چەکداریی ئیسلامی توندڕەو، بووە هۆکاری ئەوەی لە تەواوی جیهاندا بەتایبەتی لەناو کۆمەڵگە موسڵمانەکانی ڕۆژئاوا، هێزی توندڕەویی ڕادیکاڵیی ئیسلامی بەرەو هەڵکشانێکی زۆر گەورە بچێت و، بەوەش جۆرێك لە بروابەخۆبوون لەناو هێزی ڕادیکاڵیی ئیسلامی دروست بوو، بەتایبەتی کە تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لەلایەن «دیکتاتۆریەتی سەربازی و پاشایەتی و ئەمیری ڕەهاوە» بەڕێوە دەبران. بۆیە ئەمە ئەو زەمینەیەی هێنایە ئاراوە کە ئەفغانستان ببێتە سەربازگەی مەشق و ڕاهێنان بۆ کۆی گرووپ و ڕێکخراوە چەکدارییە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، هەروەها ئەفغانستان بووە مەرجەعێك بۆ ڕێکخستن و برەودانی هێزی توندڕۆیی ڕادیکاڵیی ئیسلامی لە تەواوی ڕۆژئاوادا، ئەمەش ئەو دیاردەیەی لە ڕۆژئاوا هێنایە ئاراوە کە ناویان لێ نا «ترس لە ئیسلام- Islamophobia».

ئەم سەردەمە کە لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت دەستی پێکردووە و هەتا ئێستا بەردەوامی هەیە، دەکرێت پێی بگوترێت «سەردەمی سەرهەڵدانی گرووپی چەکداریی تیرۆریستی»، ئەم گرووپە چەکدارییانە لە هەر دوو مەزهەبی ئیسلام (شیعە و سوننە) هەن، بەڵام زیاتر گرووپی تیرۆریستی ئاماژەیە بۆ گرووپە چەکدارییە ئیسلامییەکانی سوننە و بە گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی شیعە دەگوترێت «بەرەی مقاومە»، بەڵام هەر دوو گرووپەکە بە یەك ستراتیژیی سەربازی و سیاسی کار دەکەن، ئەویش بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مەدەنییە بۆ مەبەستی سەربازی و بڵاوکردنەوەی هێزی توندڕۆیی لە ناوخۆ و لە جیهانیشدا، لەوانە:

● هەموو ئەو ئیسلامییە ڕادیکاڵانەی

لە رۆژئاوا دەژین، بەها و یاساکانی لیبراڵ دیموکراتی وەك چەکێك دژی خودی سیستەمە لیبراڵی و دیموکراتییەکە بەکار دەهێنن.

- گۆڕینی سرووشتی ئامێرە مەدەنییەکان وەك (فڕۆکە، ئۆتۆمبێل، تاقیگە زانستییەکانی زانکۆکان ...هتد) بۆ کاری تێکدان و سەربازی، هەروەك چۆن هەر دوو باڵاخانەی بازرگانی جیهانی لە ئەیلوولی ٢٠٠١ بە فڕۆکەی مەدەنی تەقێنرانەوە.
- بە کارهێنانی مرۆڤ وەك چەك و بۆمبی خۆکوژ کە ئەمەیان لووتکەی بێڕێزیکردنە بە کەرامەتی مرۆڤ.
- بەکارهێنانی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا وەك (یوتیوب، گەمەی ئەلکترۆنی، تۆڕەکانی سۆشیال میدیا و...هتد) بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و توندڕەوی.
- بەکارهێنانی درۆنی هەرزان و بۆمبڕێژکردنی بۆ هێرشی تیرۆریستی.

ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن، چەند نموونەیەکی زۆر بەرچاوبوون کە لەگەڵ سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکان وەرچەرخانی لە سرووشتی شەڕی نەریتی و سوپادا دروست کردووە و، مرۆڤایەتی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەرکی سوپای نەریتی کە پڕچەکە بە رۆکێت و فڕۆکەی پێشکەوتوو و کەشتیی فڕۆکەهەڵگر و بۆمبی ئەتۆمی ژێر ئاو، بەرەو کۆتایی بچێت و چاوەڕێی ئەوە بکرێت، کاتێك سەرکردایەتیی شەڕەکانی داهاتوو لە مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە بۆ زیرەکیی دەستکرد، نازانرێت ئایندەی مرۆڤایەتی بە کوێ دەگات.

## سەرکردایەتیی زیرەکیی دەستکرد و سرووشتی شەڕی داهاتوو لە جیهاندا

پرۆفیسۆر ئەریك سمیس سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیای گوگڵ و هاونووسەری کتێبی «سەردەمی زیرەکیی دەستکرد: ئایندەی مرۆڤایەتیمان»، لە دوایین وتاریدا لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٢١ دەوڵەتی ئیسرائیل پۆلێك درۆنی لە غەززە بەکارهێناوە کە پێی دەگوترێت «درۆنێك خاوەنی بینی کەسەکانە - person-view aerial drones»، ئەم پۆلە درۆنە بە سیستەمی زیرەکیی دەستکردەوە پێکەوە گرێ دراون و توانیویانە لە ئاسمان پێکەوە بڕیارێکی دەستەجەمعی بدەن و بڕیار بدەن بەرەو کام ئامانجە دەچن و دەیپێکن.

هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە ئەو هەوڵانەی ئیسرائیل دەیدات بۆ کوشتنی نەیارەکانی لە غەززە و لوبنان، هەموویان لەلایەن زیرەکیی دەستکردەوە مەزندە دەکرێن و شوێنەکانیان دەدۆزرێتەوە و هەر بە رێگەی زیرەکیی دەستکردیش بۆمبەکە دەتەقێنرێت و ئامانجەکان دەپێکێت.

پرۆفیسۆر سمیس، شەڕ و بەردەوامیی شەڕەکان بە فاکتەر و هاندەری گرنگیی داهێنانەکان لە قەڵەم دەدات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێداویستیی شەڕەکان و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی قوربانییەکان داهێنانی سەیر بەرهەم دەهێنێت. هەر بۆ نموونە لە ئێستای شەڕی ئۆکرانیادا، ڕووسەکان تانکێکیان دروست کردووە کە شۆفێری نییە، بەڵام ئەم تانکە بە رێگەی زیرەکیی دەستکرد توانای هاویشتنی رۆکێت و پێکانی ئامانجەکانی هەیە، لە هەمان کاتدا وەك مرۆڤ توانای هەڵدانی نارنجۆکی دەستی هەیە بۆ سەنگەرەکانی دوژمن، بە هەمان شێوە ئۆکرانییەکانیش بە رۆبۆت چاودێریی هێڵی پێشەوەی سەنگەری شەڕ لە بەرانبەر رووسیا دەکەن و هیچ سەربازێك لە هێڵی پێشەوە نییە، ئەگەر سوپای رووسیاش هێرش بکات، رۆبۆتەکان توانای بەرگریکردنیان هەیە. لەم چوارچێوەیەدا سمیس دەڵێت: «جڵەوی شەڕی داهاتوو لە دەستی ئەو لایەنە نابێت کە سوپای گەورە و فڕۆکەی پێشکەوتوو و دەبابە و زرێپۆشی باشی هەیە، بەڵکو لەدەستی ئەو لایەنە دەبێت کە پرۆگرام و سۆفتوێری زیرەکیی دەستکردی باشی هەیە».

مستەفا سلێمان خاوەنی کۆمپانیای «Deep Mind»ی زیرەکی دەستکرد و نووسەری کتێبی «شەپۆلی داهاتوو» ئاماژە بەوە دەکات، هێزی زیرەکی دەستکرد بەرەو ئەوە هەنگاو

> **ڕووسەکان تانکێکیان دروست کردووە کە شۆفێری نییە، بەڵام ئەم تانکە بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد توانای هاویشتنی ڕۆکێت و پێکانی ئامانجەکانی هەیە**

> **جڵەوی شەڕی داهاتوو لە دەستی ئەو لایەنە نابێت کە سوپای گەورە و فڕۆکەی پێشکەوتوو و دەبابە و زرێپۆشی باشی هەیە، بەڵکو لەدەستی ئەو لایەنە دەبێت کە پرۆگرام و سۆفتوێری زیرەکیی دەستکردی باشی هەیە**

> **کاتێك زیرەکیی دەستکرد سەرکردایەتی دەکات، ئەوا لە ماوەی چەندین چرکەدا دەتوانێت کۆمەڵێك گۆڕانکاری و ئەگەر جۆراوجۆر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شێوازی شەڕەکە بگۆڕێت و ئاراستەی شەڕەکە بەرەو لایەکی دیکە بەرێت**

**شەترەنجی زیرەکیی دەستکرد «ALPHAZERO CHESS» توانی تەنیا لە ماوەی چوار کاتژمێر مەشقکردندا لە شەترەنجی کۆمپیوتەر بباتەوە، کە ئەزموونی ٣٠٠ ساڵی گەمەی شەترەنجی تیادا هەڵگیرابوو**

**شەڕی غەززە ئەوەی پیشان داین کە زیرەکیی دەستکرد توانای مەزندەکردنی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بزانێت، فلان کەسی نەیار لەناو کام ئەپارتمان نیشتەجێیە، لەناو ئەپارتمانەکە لەناو کامە یەکەیان دەژی، لەناو یەکەکەش لەناو کام ژوورە و هەر خۆیشی ئاراستەی دەکات و ئامانجەکە لەو ژوورەدا دەپێکێت**

هەڵدەگرێت، بتوانێت لە یەك کاتدا چەند ئەرکێك « General purpose»جێبەجێ بکات و ئەمەی ناو لێ ناوە، زیرەکیی دەستکردی فرە ئەرك «AIG»، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر بمانەوێت کۆمپانیایەك بە زیرەکیی دەستکرد بەڕێوە بەرین، ئەوا لە یەك کاتدا تەنیا ئەپلیکەیشنێك دەتوانێت ڕۆڵی «بەڕێوەبەری کارگێڕی، کارمەندی ژمێریاری، کارمەندی مارکتینگ، ڕێکخستنی دواکاریی کڕیارەکان، کەمکردنەوەی خەرجی کۆمپانیا و دارشتنی پلانی سەرکەوتوو» جێبەجێ بکات.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەتوانرێت زیرەکی دەستکردی فرە ئەرك «AIG» لە بواری سەربازیشدا بەکار بهێنرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەریك سمیس دەڵێت: «لە ئێستادا لە بازاڕی درۆنی بازرگانیدا چین باڵادەستە و تەنیا کۆمپانیای DJI ڕێژەی زیاتر لە٧٠٪ کۆی درۆنی بازرگانی لە جیهاندا بەرهەم دەهێنێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی بونیادی سیستمی یاسایی چین تۆتالیتارییە، سوپای چینی توانیویەتی لێهاتوویی خۆی بسلەمێنێت و کۆمەڵێك گۆڕانکاری و چەمکی تازەی تەکنەلۆژی لە بواری سەربازیدا بەرهەم بهێنێت کە پێی دەگوترێت «شەڕی زۆر وردی فرە بوار- mul-tidomain precision warfare »، بەم تەکنەلۆژیا تازە سەربازییە سوپای چین دەتوانێت، زانیاریی ورد کۆ بکاتەوە و بە چڕی چاودێری بکات، هەروەها بە زۆر شێوە چەکەکان بەکار بهێنێت.

چین هەتا ئێستا بە شێوەی پراکتیکی ئەم تەکنەلۆژیایەی لەناو سوپای وڵاتەکەی بەکار نەهێناوە و تەنیا بە شێوەی دیزاینی ئیلیکترۆنی (Simulation) دروست کراوە و تواناکەی تاقی کراوەتەوە. بۆیە گواستنەوەی ئەم دیزاینە ئیلکترۆنییە بۆ سەر ئەرزی واقیع و پراکتیزەکردنی کارێکی قورس نابێت، هەروەها هەندێك لە کۆمپانیاکانی زیرەکیی دەستکرد وەك «Open AI، Deep mind» لەو گەمانەی دروستیان کردووە، توانیویانە شێوازێك لە سەرکردایەتیی زیرەکیی دەستکرد لەناو ئەو گەمانە دروست بکەن، کە لە یەك کاتدا دەتوانێت چەندین بواری ورد و گرنگ بەڕێوەبەرێت، ئەمەی ئێستا بە شێوازی دیزاینی ئەلیکترۆنی لە زیرەکیی دەستکرد پێی گەیشتوون، ئەگەر سنوورێکی بۆ دانرێت، وەك ئەو سنوورانەی بۆ چەکی ئەتۆمی و کێبڕکێی چەك لە سەردەمی شەڕی سارد (ئەمریکا و سۆڤیەت) پێوەی پابەند بوون، مەترسییەکانی کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمریکا و چین لە بواری زیرەکیی دەستکرد ئەو لێکتێگەیشتنە لە نێوانیان نەبێت، مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی کارەسات دەبێتەوە.

لایەنێکی دیکە کە سەرکردایەتیی زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت لە بواری سەربازیدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت، ئەوەیە کە سەرکردە سەربازییە نەریتییەکان بەردەوام لە شەڕەکاندا پێویستیان بەوەیە کە لەگەڵ گۆڕانکاریی سرووشتیی شەڕەکە مامەڵە بکەن و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە نەخشە و پلان و تاکتیکە سەربازییەکان بگۆڕن، ئەمە هەموو کات کاتێکی زۆری پێویست بووە، بەڵام کاتێك زیرەکیی دەستکرد سەرکردایەتی دەکات، ئەوا لە ماوەی چەندین چرکەدا دەتوانێت کۆمەڵێك گۆڕانگاری و ئەگەر جۆراوجۆر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شێوازی شەڕەکە بگۆڕێت و ئاراستەی شەڕەکە بەرەو لایەکی دیکە بەرێت، لەمەش زیاتر زیرەکیی دەستکرد کە تێکەڵی تەکنەلۆژیای سەربازی دەکرێت، یان بە دیوێکی دیکە زیرەکیی دەستکرد ئاراستەی تەکنەلۆژیای سەربازی دەکات، ئەوا زۆر بە وردتر لە مرۆڤ دەتوانێت ئەرکەکانی ئەنجام بدات، هەر بۆ نموونە زیرەکیی دەستکرد وەك لە شەڕی ئۆکرانیا بینیمان، توانی کێڵگە مینرێژکراوەکان پاك بکاتەوە، مینی چێنراو پووچەڵ بکاتەوە، لەمەش زیاتر توانرا بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد، بریندارەکان لەناو گۆڕەپانەکانی شەڕ ڕزگار بکرێن و لاشەکان بگوێزرێنەوە و دەست دوژمن نەکەون.

لە ئێستا کە درۆن لەسەر ئاستی ئاسمانی و ئاوی، زۆر بە فراوانی بەکار دەهێنرێت، لە شەڕی ئۆکرانیادا هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بە شێوەی زەمینی «سەربازی پیادە»ش بەکار بهێنرێت، ئەم تەکنەلۆژیایە کاتێك مرۆڤ ئاراستەی دەکات، یان لە دوورەوە کۆنترۆڵی دەکات بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستەی دەکات، لەبەر ئەوەی ئەزموون و زانیارییەکانی

بەردەستی مرۆڤ سنووردارە بەراورد بە زیرەکیی دەستکرد، ئەوا کاریگەری ئەم تەکنەلۆژیایەش سنووردار دەبێت و ناگاتە ئەو ئاستەی کە زیرەکیی دەستکرد ئاراستەی دەکات، هەر بۆیە کاتێك ئاراستەکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەربازی بە «ئەلگۆریزم» یان سیستمی زیرەکیی دەستکرد گرێ دەدرێتەوە، ئەوا ئاستی کاریگەریی ئەم تەکنەلۆژیایە دەگاتە ئەو ئاستەی کە مێشکی مرۆڤ باوەڕی پێنەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەك خاوەنی کۆمپانیای «Deep mind» لە کتێبی «شەپۆلی داهاتوو» ئاماژەی پێکردووە، لە ناو ئەپلیکەیشنی زیرەکیی دەستکرددا و بە ڕێگەی ئەلگۆریزم زیرەکیی دەستکرد زانیارییەکان لەناو خۆیدا ئالۆویر دەکات و زانیاریی تازەیان تێدا بەرهەم دەهێنێت، هەروەك چۆن شەترەنجی و توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ بەهێزترە و، تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بۆ پەشیمان کردنەوەی ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێت، کە لە ڕۆژئاوا بڕیاری خۆکوشتن دەدەن، لە ئێستادا ئەپلیکەیشنێك دروست کراوە بە ناوی suicide chat»»، ئەوانەی بڕیاری خۆکوشتن دەدەن، پێشتر ئازادانە دڵی خۆیان بۆ ئەم ئەپلیکەیشنە دەکەنەوە و بەشی هەرە زۆری ئەوانەی پەنا بۆ ئەم ڕێگەیە دەبەن، لە بڕیاری خۆکوشتنەکەیان پاشگەز دەبنەوە.

لە بواری پزیشکی بەتایبەتی خوێندنەوەی «پشکنینەکان و خوێندنەوەی وێنەی تیشك» زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە ماوەی چەند چرکەیەکدا بە جۆرێك ئەو پشکنین و وێنە تیشکییانە بخوێنێتەوە کە هیچ پزیشکێك لە توانایدا



زیرەکی دەستکرد «alphazero chess» توانی تەنیا لە ماوەی چوار کاتژمێر مەشقکردندا لە شەترەنجی کۆمپیوتەر بباتەوە، کە ئەزموونی ٣٠٠ ساڵی گەمەی شەترەنجی تیادا هەڵگیرابوو، لەمەش زیاتر لە یەکێك لە گەمەکانی ئەم شەترەنجە لەگەڵ پاڵەوانی جیهانی شەترەنج، بە جووڵەیەك کۆتایی بە یارییەکە هێناوە، کە هەموو توانای مرۆڤ ئەو جووڵەیەی بە هەڵە زانیوە، بەڵام زیرەکیی دەستکرد سەلماندی ئەو جووڵەیە ڕاستە و توانی کش و مات بە پادشای شەترەنجە بکات.

توانای زیرەکیی دەستکرد لە زۆر بواری سڤیل و دامەزراوە دەوڵەتی و حکوومییەکان تاقی کراوەتەوە، کە هەزاران جار لە توانا نییە، لەمەش زیاتر لە بواری بەرهەمهێنانی دەرمان و ڤاکسین توانای زیرەکیی دەستکرد لەو ئاستەیەدا کە دەتوانێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا هەندێك کار ئەنجام بدات، کە لەوانەیە پزیشکەکان پێشتر بە چەندین مانگ نەیانتوانیبێت ئەو کارە ئەنجام بدەن.

هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئاست و توانای زیرەکیی دەستکرد و بەراوردنەکردنی لەگەڵ توانای هزری مرۆڤ، بۆ ئەوەیە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەوە بکەین، ئەگەر ئەم توانایە بە بێ کۆنترۆڵ بگوازرێتەوە بۆ ناو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، یان ئەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە بگاتە دەستی تیرۆریستان، چ کارەساتێك ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە؟ سمیس لە

تازەترین توێژینەوەیدا «ئەمریکا ئامادەباشی بۆ شەڕی داهاتوو نییە»، زۆر ڕاشکاوانە لەسەر توانای زیرەکیی دەستکرد لە شەڕی غەززە هەڵوەستەی کردووە، بەوەی توانای زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئەوەی زۆر بە ئاسانی ئەو دیوی سەنگەرەکانی دوژمن ببینێت، ئامانجەکان دیاری بکات، هەر خۆیشی ئامانجەکە بپێکێت، هەروەها شەڕی غەززە ئەوەی پیشان داین کە زیرەکیی دەستکرد توانای مەزندەکردنی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بزانێت، فلان کەسی نەیار لەناو کام ئەپارتمان نیشتەجێیە، لەناو ئەپارتمانەکە لەناو کامە یەکەیان دەژی، لەناو یەکەکەش لەناو کام ژوورە و هەر خۆیشی ئاراستەی دەکات و ئامانجەکە لەو ژوورەدا دەپێکێت.

**● زیرەکیی دەستکرد هێرشی سەربازی ئاسان دەکات بەرگریکردن زۆر قورس دەکات**

سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیی کۆمپانیای گوگڵ دەڵێت: «ئەو هێرشە بەرفراوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەمساڵدا بە درۆن و ڕۆکێت کردییە سەر ئیسرائیل، تێچووەکەی بۆ ئێران کەمتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام تێچووی بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە لە سەرووی دوو ملیار دۆلار بووە»، لەمەش زیاتر تەنیا ١٠ درۆنی «خاوەنی تێڕوانینی کەسی person-view aerial drones» کە تەنیا نرخەکەی ٥٠٠ دۆلارە هەر دەیان دەکاتە (٥٠٠٠ دۆلار) لە شەڕی ئۆکرانیادا توانیویانە دەبابەیەکی ڕووسی پەك بخەن کە نرخەکەی لە سەرووی ١٠ ملیۆن دۆلارە.

ئەم بەراوردە لەڕووی نرخی چەکی درۆن و بەکارهێنانی بە هۆی زیرەکیی دەستکردەوە، بووەتە سەرەتایەك بۆ کۆتاییهێنان بە سەردەمی سوپای نەریتی. سیمیس ئاماژە بەوە دەکات کە گرانترین درۆن کە ناوی «reaper 9 drone - MQ»یە، توانای ١٠٠٠ میلی هەیە لە ئاسماندا بیبڕێت و بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی، کە تەنیا چارەکی تێچووی یەك فڕۆکەی شەڕکەری جۆری 35F ـە و وەك بە پراکتیکیش دەرکەوتووە درۆنی «9MQ» زۆر لە فڕۆکەیەکی جەنگیی (35F) کاریگەرترە و باشتر ئامانجەکان دەپێکێت و مەترسیی قوربانیدانی مرۆڤیشی تێدا نییە.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر گواستنەوەی ڕۆبۆت وەك «سەربازی پیادە» بۆ گۆڕەپانەکانی شەڕ، ئەوجا مەزندەی ئەوە بکەین، چۆن پۆلە درۆنەکانی «person-view aerial drones» لە ئاسماندا بە هۆی زیرەکیی دەستکردەوە بڕیاری دەستەجەمعی دروست دەکەن و بەرەو ئەو ئامانجە دەڕۆن کە لەسەری ڕێك دەکەون، ئەوا ئەگەر ئەو ڕۆبۆتانەشی ڕۆڵی «سەربازی پیادە» دەبینن لەناو گۆڕەپانەکانی شەڕ بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد و لەناو گۆڕەپانی شەڕ بگەنە ئەو بڕیارە دەستەجەمعییەی خۆیان و بڕیاری هێرشکردن بدەن و، خۆیان بڕیار بدەن چۆن چەکەکانیان بەکار بهێنن و هەر خۆشیان ئامانجەکە دیاری بکەن، ئایا چەمکی شەڕ لە داهاتوودا چ گۆڕانکارییەکی مەترسیداری بەسەردا دێت؟

لە ئێستادا کە دەوڵەتە گەورە و پێشکەوتووەکانی بواری تەکنەلۆژیای پێشکەتوو و زیرەکیی دەستکرد، جارێکی دیکە وەك سەردەمانی شەڕی ساردی سەدەی ڕابردوو کە خەریکی کێبڕکێی خۆپڕچەککردن و دروستکردنی کلاوەی ئەتۆمی بوون، ئێستا خەریکی ئەوەن تەکنەلۆژیای سەربازی و زیرەکیی دەستکرد بگوازنەوە بۆ ناو سوپا و دروستکردنی چەکی پێشکەوتوو و بەکارهێنانی بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد و، کێبڕکێیانە کامیان لە فەزای سایبەردا بە سەری ئەوی دیکەدا زاڵ بێت، بەوەش جارێکی دیکە چارەنووسی مرۆڤایەتی کەوتووەتە ئەو دووڕێیانەی کە پێشتر لە ئەگەری بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی مرۆڤایەتی مەزندەی دەکرد.

پێش شەڕەکانی «ئیسرائیل و غەززە، ڕووسیا و ئۆکرانیا» بە شێوەیەکی گشتی بیرمەندان سەرقاڵی ئەوە بوون، چۆن مرۆڤایەتی لە زیانەکانی «گۆڕینی کەشوهەوا، دەرهاویشتە خراپەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر بێکاری، بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی» دوور بخەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەم شەڕانە بوون بە تاقیگەیەك بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی زیرەکیی دەستکرد لە گۆڕەپانەکانی شەڕ،

**ئەو هێرشە بەرفراوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەمساڵدا بە درۆن و ڕۆکێت کردییە سەر ئیسرائیل، تێچووەکەی بۆ ئێران کەمتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام تێچووی بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە لە سەرووی دوو ملیار دۆلار بووە**

**دەوڵەتە گەورە و پێشکەوتووەکانی بواری تەکنەلۆژیای پێشکەتوو و زیرەکیی دەستکرد، جارێکی دیکە وەک سەردەمانی شەڕی ساردی سەدەی ڕابردوو کە خەریکی کێبڕکێی خۆپڕچەککردن و دروستکردنی کلاوەی ئەتۆمی بوون، ئێستا خەریکی ئەوەن تەکنەلۆژیای سەربازی و زیرەکیی دەستکرد بگوازنەوە بۆ ناو سوپا و دروستکردنی چەکی پێشکەوتوو**



مەترسییەکان بوونە ئەوەی چۆن ڕێگری لەوە بکرێت، زیرەکیی دەستکرد نەبێتە بەشێك لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا و چین لە ڕووی پرانسیپەوە جۆرێك لێکتێگەیشتنیان هەیە، بەڵام هەتا ئێستا نەبووەتە هەنگاوی کردەیی لە نێوانیان و پێ ناچێت هەتا ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ چین بەردەوام بێت، کە ئێستا گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆر لەسەر چارەنووسی تایوان و ڕێرەوە ئاوییەکەی دەریای باشووری چین هەیە و، شی جین پینگ ئامانجی ئەوەی هەیە لە ٢٠٢٧ تایوان بگێڕێتەوە بۆ چین و، وەك هۆنگ کۆنگ مامەڵەی پارێزگایەکی چینی لەگەڵ بکات.



سیاسییەکان ڕێ بدەن پرسی بودجە و مووچە و نەوت لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چارەسەر دەبێت

گۆڕینی زەویی کشتوکاڵی بۆ نیشتەجێبوون کەرتی کشتوکاڵ و ئابووریی لەناو برد

دکتۆر مستەفا مەهدی

پسپۆڕ و شارەزا لە بواری سیاسەتی دارایی و نەختینەیی بۆ گوڵان:

# نرخی نەوت و خستنەڕووی دۆلار کاریگەریی لەسەر بەهای دینار هەیە

**عێراق وێڕای ئەوەی وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی سرووشتی و مرۆیی، هاوکات بەرزیی نرخی بەرمیلێك نەوت داهاتێکی باشی بۆ دەستەبەر کردووە، کەچی ئەم وڵاتە بەردەوام لە ناو گێژاوی قەیران و کێشەکانی خراپیی خزمەتگوزاری و بەرزیی ڕێژەی بێکاری و هەژاریدایە و بەهای دراوەکەشی جێگیر نییە. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر مستەفا مەهدی حەسەن شارەزای سیاسەتی دارایی و نەختینەیی لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی بەسرا ساز دا.**

*** ئابووریناسان باس لەوە دەکەن کە کێشەی دارایی لە عێراقدا نییە، بەڵکو ئەوەی کێشە بێت، خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورییەکەیەتی، وەکو شارەزایەکی بواری دارایی و نەختینەیی خوێندنەوەت بۆ ئەم بارودۆخە چییە؟**

- عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی سرووشتی و مرۆیی، خۆ ئەگەر داهاتی باشی فرۆشتنی نەوتەکەشی بخەینە سەر، ئەوا ئەو داهاتەی لە بەردەستیدایە بەشی هەرە زۆری پێداویستییەکان و پەرەپێدانی ئابوورییەکەشی دەکات و دەگەینە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بەڵام بەداخەوە لە عێراق عەقڵییەتێکی زانستییانە و ئابوورییانە و دڵسۆزانەی وا نییە تاوەکو ئەم هەموو داهات و دەرامەتانە بە ئاراستەی پەرەپێدانی ئابووری و وەبەرهێناندا پەلکێش بکات. بە واتایەکی دیکە لە عێراقدا کێشەی دارایی نییە، هێندەی ئەوەی کێشەی سیاسی و ئابووری هەیە، حوکمڕانییەکی نیشتمانیی بەهێز نییە، تاوەکو ئابووری و وڵات لەم گێژاو و بێسەروبەرییە دەربهێنێت. داهاتی نەوت لەم وڵاتەدا کەم نییە و سیولەیەکی نەختینەیی باشی بۆ فەراهەم کردووین و بەشی زۆربەی پێداویستی و هەڵسانەوەی بارودۆخی ئابوورییەکەشی دەکات، ئەگەر بەسەر کۆمەڵێك ئالنگاریدا زاڵ بین و چارەسەر بنەڕەتی بۆ کێشە قووڵ و درێژخایەنەکان بدۆزینەوە. لێرەدا بە کورتی و پوختی دەتوانین چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێك بخەینەڕوو، لەوانە:

١- هاوسەنگی بکرێت لە خەرجکردنی داهاتی نەوت لە ناو بودجەی بەکارخستن و بودجەی وەبەرهێناندا.

٢- زیادکردنی پشکی بووژانەوەی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی کە لە ئێستادا لە ناو بودجەدا لە ٣٪ تێپەڕ ناکات.

٣- پەیوەندیی ئابووریی نێوان کەرت و سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی ئابووری نییە، لە کاتێکدا دەبێت پەرەپێدانی ئابووری بە هەماهەنگی بێت لە نێوان سەرجەم بوار و سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا.

٤- گەندەڵیی ئیداری بنبڕ بکرێت، کە زۆربەی دەرامەتەکان دەچێتە گیرفانی گەندەڵەکانەوە و پارەکانیش بۆ دەرەوەی وڵات ئاودیو دەکرێن.

٥- پاشاکشەی ڕێژەی جێبەجێکردنی ئینفاقی فیعلی لە ناو بودجەدا بە ڕادەیەکە هەندێك ساڵ بۆ ١٠٪ کەمی کردووە.

*** لەم ڕاسپاردە و پێشنیارانەت دەردەکەوێت کە بۆ ڕاگرتنی بەهەدەردان و نەزیفی دارایی تەنیا ڕێگە هەنگاوانە بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری، ئایا وەکو ئەکادیمییەکی ئابووری پێت وانییە پشتگوێخستنی ئەم بوارە بەتایبەتی لە شارێکی ئابووریی وەکو بەسرادا بۆ هۆکاری سیاسی دەگەڕێتەوە؟**

- لە پایتەختە ئابوورییەکەی عێراق و گەورەترین شار و دەوڵەمەندترین پارێزگا کە بەسرایە، کێشەی خراپیی بەڕێوەبردنی ئابووری هەیە، لە کاتێکدا ڕێژەی هەرە زۆری بودجەی عێراق لە بەسراوە تەمویل دەکرێت. لە بەسرا گەندەڵی و دزی و تاڵانکردنی سامان هەیە، وەبەرهێنان کەم بووە و هەژاری و بێکاری زۆرە و خزمەتگوزارییەکان و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە

**لە عێراق عەقڵییەتێکی زانستییانە و ئابوورییانە و دڵسۆزانەی وا نییە تاوەکو ئەم هەموو داهات و دەرامەتانە بە ئاراستەی پەرەپێدانی ئابووری و وەبەرهێناندا پەلکێش بکات**

**لە پایتەختە ئابوورییەکەی عێراق و گەورەترین شار و دەوڵەمەندترین پارێزگا کە بەسرایە، کێشەی خراپیی بەڕێوەبردنی ئابووری هەیە، لە کاتێکدا ڕێژەی هەرە زۆری بودجەی عێراق لە بەسراوە تەمویل دەکرێت**

کەمن. من وا هەست دەکەم ڤیتۆ هەیە دژی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بەسرا و عێراق بەگشتی، فرەچەشنکردنی ئابووری و گرنگیدان بە سێکتەرە بەرهەمهێنەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ڕێگە ڕاست و دروستەکەی بەڕێوەبەردنی ئابووریی وڵاتە، بەسرا کە خاوەنی زیاتر لە یەك ملیۆن دار خورما بوو، بە یەکەمین شاری جیهان دادەنرا لە بەروبوومی خورمادا، کەچی ئێستا لە دواوەی ئەو شارانە دێت کە خورمای تێدایە، ڕاستە لە هەشتاکان لە شەڕی عێراق- ئێران و کۆچکردنی جووتیاران لە گوندەکانەوە بۆ ناو شارەکان هۆکاری نەمانی کێڵگەکانی دار خورما بووە، بەڵام لە ئێستادا گۆڕینی زەویی کشتوکاڵی بۆ نیشتەجێبوون، کەرتی کشتوکاڵی و ئابووریی لەناو بردووە. لە بەسرا بە دەیان پرۆژە و کارگەی پیشەسازی و بەندەر و کێڵگەی نەوتی هەبوو، کەچی ئێستا زۆربەیان لەکار کەوتوون و وێران بوون. لە خولەکانی پێشووی پەرلەمان و حکومەتەکانی ڕابردووەوە پرۆژەی گەورە و ستراتیژی لە بەسرا هەبوو، کەچی تاکو ئێستا ڕاوەستاوە، ئەجێندەی سیاسی و پاشکۆی لایەنە سیاسییەکان بۆ وڵاتانی دراوسێ کاریگەریی خراپی لەسەر پەرەپێدانی ئابووری و ئەو پرۆژە گەورە و ستراتیژییە بەرهەمهێنانە هەبووە کە ئابووریی بەسرا و عێراق هەڵدەستێنێتەوە.

*** یەکێك لە کێشەکانی بەردەم حکومەتی عێراق هەڵکشانی بودجەی تایبەت بە خەرجی بەکارخستن و دابینکردنی سیولەیە بۆ مووچەکان، ئایا ئەمە لە دوارۆژدا تا چەند کێشە بۆ بارودۆخی دارایی عێراق دروست دەکات؟**

- کاتێك ٣٠٪ی کۆی بودجە بۆ مووچە بڕوات، ئەمە مەترسییە گەورەکەیە، چ لە ڕووی بەفیڕۆدانی پارەیەکی زۆر لە بوارێکی دوور لە وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان بێت، یان لە مەترسیی ئەگەری داشکانی بەهای نەوت و فراوانبوونی کەلێنی کورتهێنانی بودجەکەوە بێت، لە هەر دوو حاڵەتدا ئەمە ئیدارەدانێکی خراپی حوکمڕانی و ئابوورییە کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت گەشەیەکی ئابووریی باش لە ناو ئەم جۆرە سیاسەت و بەڕێوەبردنەدا بەدەست بهێنرێت و، تەنانەت کاریگەریی لەسەر بەهای دیناریش کردووە.

*** سەبارەت بە بەهای دینار بەرانبەر دۆلار و ئەو ناسەقامگیرییەی کە ئێستا بە خۆیەوە دەیبینێت، ئایا شوێنەوارەکانی ئەم هەڵکشان و داشکانەی بەهای دینار بۆ ئەم خراپ بەڕێوەبردنەی ئابووری و دارایی دەگەڕێتەوە؟**

- نرخی دۆلار وەکو نرخی هەر کالایەك بەندە بە هاوکێشەی خواست و خستنەڕووەوە، ئەگەر خستنەڕوو زیاد بوو، نرخەکەی کەم دەبێتەوە و بەپێچەوانەوە بەرز دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر دەوڵەت خواستی بەهێزبوونی نرخی دیناری هەبێت، دەبێت خواست لەسەر دراوی دینار زیاد بکات، بەمەش ئەگەر دەوڵەت سەرکەوتوو نەبوو، نرخی دیناری عێراقی دەشکێت و ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە پێی دەڵێن نرخی دۆلار بەرانبەر دینار زیادی کرد. ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە لە بانکی ناوەندی کێشەیەکمان هەیە لە مەزادی دۆلاردا کە بۆ جێگیری و سەقامگیریی نرخی دینار بەرانبەر دۆلار جێبەجێی دەکەین، ئەمەش پەیوەندی بە دوو هۆکارەوە هەیە، ئەویش نرخی داشکانی دۆلار و ڕێژەی سوود، ئەم پرۆسەیەش ناتوانرێت بەردەوام بین لەسەری بە نرخێکی بەرز دۆلار بکڕین و بە هەرزانتر لەو مەزادە بیفرۆشینەوە، تاوەکو نرخی دینار ڕابگیرێت و لەگەڵ هەر گۆڕانێکی دەرەکی ئەم هاوکێشەیە تێك نەچێت. باشە کە داهاتی عێراق لە نەوت بۆ بانکی فیدڕاڵیی ئەمریکا دەچێت و بانکەکەش بۆ خستنە بازاڕی دۆلار پشت بەو بڕە دۆلارە دەبەستێت کە بانکی فیدڕاڵیی ئەمریکا دەیداتێ و پشتئەستوورە بە تاکە سەرچاوەی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت، هەر گۆڕانکارییەك لەو بڕە دۆلارەی لە بانکی فیدڕاڵیی ئەمریکاوە دەنێردرێتە بانکی فیدڕاڵیی عێراق کاریگەریی خراپی لەسەر بەهای دینار بەرانبەر دۆلار دەبێت، کە دوور نییە وەکو فشارێکی سیاسی بەکار نەهێنرێت بە بیانووی ئەوەی عێراق تۆمەتبار دەکرێت کە دۆلارەکە ئاودیوی ئێران دەکرێت. ئەم مەترسییە لەسەر ئەگەری هاتنەسەر حوکمی ترامپ زیاتر دەبێت، چونکە ئێمە قۆناغی حوکمڕانیی ترامپمان بینی کە لەسەر بنەمای کێشە و

**من وا هەست دەکەم ڤیتۆ هەیە دژی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بەسرا و عێراق بەگشتی**

**بەسرا کە خاوەنی زیاتر لە یەک ملیۆن دار خورما بوو، بە یەکەمین شاری جیهان دادەنرا لە بەروبوومی خورمادا، کەچی ئێستا لە دواوەی ئەو شارانە دێت کە خورمای تێدایە**

**ئەجێندەی سیاسی و پاشکۆی لایەنە سیاسییەکان بۆ وڵاتانی دراوسێ کاریگەریی خراپی لەسەر پەرەپێدانی ئابووری و ئەو پرۆژە گەورە و ستراتیژییە بەرهەمهێنانە هەبووە کە ئابووریی بەسرا و عێراق هەڵدەستێنێتەوە**

**هەر گۆڕانکارییەک لەو بڕە دۆلارەی لە بانکی فیدڕاڵیی ئەمریکاوە دەنێردرێتە بانکی فیدڕاڵیی عێراق کاریگەریی خراپی لەسەر بەهای دینار بەرانبەر دۆلار دەبێت**



ململانێکان لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناسراوە و سیاسەتێکی توندی لەگەڵ چین و ئێراندا پیادە دەکرد، بۆیە بە هەر جوولەیەکی میلیشیاکان دژی ئیسرائیل و ئەمریکا، یان پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق بە جێبەجێکردنی ئەجیندەکان، ڕووبەڕووی گەمارۆ دەبینەوە، جێبەجێکردنی ئەم گەمارۆیەش ئاسانە، مادام هەموو دەرامەت و داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت لە بانکی فیدراڵیی ئەمریکادایە.

*** ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر دارایی و داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق هەبووە؟ ئایا چی ڕێگە لەوەی ئاستەنگە سیاسییەکان تێپەڕێندرێت و دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم بکرێت؟**

- بێگومان ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کاریگەریی خراپی لەسەر دۆخی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق کردووە. من خۆم سیاسەتی نەناردنی مووچە و برسیکردنم بەدڵ نییە، دوا جار ئەوانیش هاوشێوەی ئێمە هاووڵاتی عێراقین، ئەرکی سەرشانی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقە ئەم دۆخە چەقبەستووە و ئالنگارییەکان تێپەڕێنن و چارەسەری بنەڕەتی بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت و داهاتی ناوخۆ و داهاتی گومرگەکان و پشکی بودجە چارەسەر بکەن و، داهاتە نێوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان بگەڕێندرێتەوە گەنجینەی عێراق و لە بەرانبەردا پشکی هەرێم لە بودجە بنێردرێت، هەموو ئەمانەش دوور لە موزایەدە و تێکەڵکردنی پرسی مووچە بێت کە زۆرجار دوومانگ تێپەڕ دەبێت و فەرمانبەری کوردستان مووچەکەی وەرنەگرتووە، هەموومان پێویستیمان بە شەفافییەت هەیە و ناکرێت ئەم ململانێ سیاسییە کە کاریگەریی خراپی لەسەر دۆخی ئابووری و دارایی هەیە، بەردەوام بێت، چارەسەری ئەم کێشانە بە گفتوگۆی شەفاف و نیشتمانپەروەری دەبێت.

**بێگومان ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کاریگەریی خراپی لەسەر دۆخی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق کردووە**

### پڕۆفیسۆر گلێن دیزەن بۆ گوڵان:

# داگیرکردنی کورسک لەلایەن ئۆکرانیاوە لە ڕووی ستراتیژیی سەربازییەوە لۆژیکێکی ئەوتۆی تێدا نییە

پڕۆفیسۆر گلێن ئەریك ئەندرێ دیزەن، زانایەکی سیاسیی نەرویجییە و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری دامەزراوە و تەنگژە ئەمنییەکاندا لە زانکۆی ئازاد لە ئەمستردام بەدەست هێناوە، پێشتر نیشتەجێی ڕووسیا بووە و لە سکوولی باڵای ئابووری لە مۆسکۆ کاری کردووە. شارەزا و تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و ئاوێتەبوونی ئەورووپایە، لە ئێستادا پڕۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا لەبارەی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، کە زیاتر لەوەی پێشبینی دەکرا، درێژەی کێشاوە، کە پەرەسەندن و پێشهاتی دیکەی پێشبینی نەکراوی دیکەشی بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی هێرشی ئۆکرانیا بۆ سەر ناوچەی کورسك لە نێو خاکی ڕووسیا و دەست بەسەرداگرتنی بەشێکی بەرچاوی ئەو ناوچەیە، کە ڕووسیای تووشی غافڵگیری کرد و ئیحراجییەکی بۆ ئەو وڵاتەش دروست کرد، ئەم پرسانە بوونە تەوەری شرۆڤەکاری لە بارەی ئامانج و پاڵنەرەکانی ئەم هێرشە و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانیەوە لەسەر گۆڕەپانی شەڕەکە و ئاراستە و ڕەوتی شەڕەکەوە.



*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەوە بوو دوای ئەوەی هێرشی پێچەوانەی ئۆکرانیا بۆ بەدەستهێنانەوەی خاکەکەی شکستی هێنا، بەڵام ئێستا ئەوە بەدی دەکەین کە سوپای ئۆکرانیا دەستی گرتووە بەسەر پانتاییەکی گەورەی خاکی ڕووسیادا، کە ئەمەش پێشهاتێکی پێشبینی نەکراو بوو و هەمووان بە سەرسوڕمانەوە سەیریان کرد. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆچی ئۆکرانیا لەم کاتەدا بڕیاری دا ئەم کارە بکات و بۆچی بە دیاریکراوی هێرشی کردە سەر ناوچەی کورسك لە نێو خاکی ڕووسیا؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم ناوچەیە (ناوچەی کورسك) هیچ جموجووڵ و چالاکییەکی سەربازیی تێدا نەبوو، هەروەها یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی ڕووسیا بە سەرسوڕمانەوە لەم هێرشەی ڕوانی، ئەوە بوو کە پەلاماردانی ئەم ناوچەیە بایەخێکی کەمی هەبوو، یان دەتوانین بڵێین پێیان وابوو هیچ بایەخێکی نابێت. ئەگەر لە ئامانجی ئۆکرانیاش بڕوانین، ئەوا من پێم وایە دەستگرتنە بەسەر وێستگەی ناوکیی ناوچەی کورسکدا، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم ئامانجە بەدی نەهاتووە و شکستی هێناوە.

*** ئەو کەسانەی لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ پێشهات و پەرەسەندنەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکەن، لێکدانەوە و شرۆڤەکاری**

جۆراوجۆر دەکەن بۆ پاڵنەر و ئامانجەکانی ئۆکرانیا لەم هێرشە کتوپڕ و چاوەڕواننەکراوەدا، باس لەوە دەکرێت ئۆکرانیا دەیەوێت بە دەستبەسەرداگرتنی بەشێك لە خاکی ڕووسیا لە پێگەیەکی باشتردا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەمە وەك کارتی گوشار بەکار بهێنێت و ئەگەر پرۆسەی دانوستاندن لەگەڵ ڕووسیادا دەست پێ بکات، ئەوا بتوانێت سوودی لێ وەربگرێت، لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟

- ئەوە ڕاستە کە ئۆکرانیا پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەیەوێت ناوچەیەکی دابڕاو دروست بکات، هەرچۆنێك بێت لەو ناوچەیەدا شەڕێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا، دواتر باس لەوە دەکرێت کە ئۆکرانیا دەتوانێت ئەم دۆخە نوێیە بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی پێگەی گفتوگۆی خۆی پێ بەهێز بکات لە بەرانبەر ڕووسیادا، بەڵام پێم وانییە ڕووسیا ئامادە بێت بۆ گفتوگۆکردن تا ئەو کاتەی کە سوپا و سەربازی ئۆکرانیا لەسەر خاکی ڕووسیا بێت، هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە ئەمە بووەتە هۆی بەرزکردنەوەی وەرەی ئۆکرانیا، بەڵام باوەڕم وایە ئەمە بۆ ماوەیەکی کورت و کاتی دەبێت و درێژخایەن نابێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە توانای ئۆکرانیا بۆ بەزاندنی سەروەریی ڕووسیا و دەست بەسەرداگرتنی بەشێك لە خاکی ئەو وڵاتە مایەی ئیحراجییەکی گەورەیە بۆ سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین)، چونکە پوتین بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕووسیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تایبەتی لە نێو ئۆکرانیادا ئەنجام داوە لە پێناو پاراستن و بەهێزکردنی سەروەریی ڕووسیا و یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەیدا، کەچی ئەم هێرشەی سوپای ئۆکرانیا بۆ سەر ناوچەی کورسك پێمان دەڵێت، ڕەوتی شەڕەکە دەرئەنجامی نەخوازراو و پێچەوانەی بۆ ڕووسیا هێناوەتە ئاراوە، ئێوە چۆن لێکدانەوە بۆ ئەم بارودۆخە دەکەن؟**

- ئەوە ڕاستە کە دەگوترێت پاڵنەر و هۆکاری پشت ئەم هێرشەی ئۆکرانیا بۆ سەر ناوچەی کورسك بریتییە لە ئیحراجکردنی سەرۆك ڤلادمیر پوتین و دروستکردنی بارودۆخێکی نالەبار و نەخوازراو بۆی، هەروەها بۆ داماڵینی شەرعییەتی دەسەڵاتەکەیەتی لە تێڕوانینی هاووڵاتییانی ڕووسیادا، واتە بۆ ئەوەی چیتر هاووڵاتییانی ڕووسیا وەك سەرکردەیەکی شەرعی لێی نەڕوانن، بەڵام من پێم وایە ئەمە دەرئەنجامێکی پێچەوانەی لێ کەوتەوە، واتە دەرئەنجامەکە ئەوە بوو، ناتۆ و ئۆکرانیا کارێکیان کرد کە ببوونە هۆی ئەوەی ڕووسەکان و هاووڵاتییانی ڕووسیا پتر یەکریز بن، کە لە ئێستادا ڕووسیا سەرقاڵە بە ئەنجامدانی شەڕی ڕزگارکردنی نیشتمانییەوە. کەواتە ئەگەر ئەم پرسە پوخت بکەینەوە، ئەوا پێم وایە پاڵنەر و هۆکاری ئۆکرانیا بۆ پەنابردنەبەر ئەنجامدانی ئەم جووڵە و کارە پڕ لە مەترسی و سەرکێشییە ئەوەیە کە ئۆکرانیا لە دۆخێکدایە کە هەست دەکات شەڕەکە دەدۆڕێنێت و لە هەمان کاتدا نائومێدی باڵی کێشاوە بە سەریدا.

*** کەواتە ئەگەر پێتان وابێت کە ئامانجی ئۆکرانیا لەم هێرشەدا هەر چییەك بێت، ئەوا هیچیان بەدی نایەن و هەموویان شکست دەهێنن، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئایا پێتان وایە دەرئەنجامی ئەم هێرشەی ئۆکرانیا بۆ سەر ناوچەی کورسك لەسەر تێکرای شەڕەکە چی دەبێت؟ ئایا بە چەشنێکی بەرچاو ڕەوت و ڕووگەی شەڕەکە دەگۆڕێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەو شەڕەی لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیادا دەگوزەرێت، شەڕی ئیستنزافە، دەکرێت بڵێین ئۆکرانیا شەکەت بووە لە ڕووی کەمبوونەوەی ژمارەی سەربازەکانی و ئەو کەرەستە و چەکانەش کە ناتۆ بۆی دەستەبەر کردوون. ئەوەتا ئۆکرانیا باشترین سەرباز و باشترین چەکی خۆی بەکار هێناوە بۆ هێرشکردنەسەر ناوچەی کورسك، کە لەوێدا تووشی تێکشکان دەبنەوە، چونکە دەکرا پێشتر لە پشت هێڵەکانی بەرگرییەوە خۆی حەشار بدایە، بەڵام لە ئێستادا سەربازەکانی ئۆکرانیا لە پانتاییەکی بەرفراواندان و دەکرێت بە ئاسانی بکرێنە ئامانجی هێزی ئاسمانی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ڕووسیا، چونکە هێڵی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکان بۆ سوپای ئۆکرانیا لاوازە.

*** کەواتە لەم ڕوانگەیەوە ئایا پێتان وا نییە کە ئۆکرانیا بتوانێت سوود لەم دەستکەوتانە (کە**

**پێم وانییە ڕووسیا ئامادە بێت بۆ گفتوگۆکردن تا ئەو کاتەی کە سوپا و سەربازی ئۆکرانیا لەسەر خاکی ڕووسیا بێت**

**ناتۆ و ئۆکرانیا کارێکیان کرد کە ببوونە هۆی ئەوەی ڕووسەکان و هاووڵاتییانی ڕووسیا پتر یەکریز بن**

**پاڵنەر و هۆکاری ئۆکرانیا بۆ پەنابردنەبەر ئەنجامدانی ئەم جووڵە و کارە پڕ لە مەترسی و سەرکێشییە ئەوەیە کە ئۆکرانیا لە دۆخێکدایە کە هەست دەکات شەڕەکە دەدۆڕێنێت و لە هەمان کاتدا نائومێدی باڵی کێشاوە بە سەریدا**

**ئۆکرانیا شەکەت بووە لە ڕووی کەمبوونەوەی ژمارەی سەربازەکانی و ئەو کەرەستە و چەکانەش کە ناتۆ بۆی دەستەبەر کردوون**

خۆی بەرجەستە دەبێت لە دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی خاکی ڕووسیا) وەربگرێت؟ ئایا لەو باوەڕەدان کە لە کۆتاییدا ئۆکرانیا تووشی زەرەر و زیانێکی گەورەتر ببێتەوە؟ بە کورتی ئایا پێتان وایە ئەمە سەرکێشییەکی پڕ لە مەترسی بوو و حیساب بۆ دەرئەنجام و کۆتاییەکەی نەکراوە؟

- بەڵێ، من هاوڕام لەگەڵ ئەم لێکدانەوە بۆ بارودۆخەکە، یان پەرەسەندنەکە، چونکە لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن، ئەوا من باوەڕم وایە کە لە دەرئەنجامدا پێشبینی دەکرێت کە ئۆکرانییەکان بەم کارەیان باجێکی گەورە و خەسارەتێکی گەورە بدەن، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، هێڵەکانی

چییان گۆڕیوە و چۆن دەکرێت ڕەوتی ناکۆکییە جیۆپۆلەتیکییەکان بگۆڕێت؟

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ڕوونە پلاندان و جێبەجێکردنی ئەم داگیرکارییەی خاکی ڕووسیا بە پشتیوانیی ناتۆ ئەنجام دراوە، کەواتە ئەگەر لەم ڕووەوە لە پرسەکە بڕوانین، ئەوا ئەمە هەڵکشانێکی بەرچاوی شەڕەکەیە، دواتر ئێمە دەزانین کە لە تێڕوانینی مۆسکۆدا ناتۆ لە ڕیز و ئاست و خانەی ناپلیۆن و هیتلەردایە.

* هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕەکەوە باس لەوە دەکرێت کە هەندێ هێڵی سوور هەن، کە نابێت ببەزێنرێن و نابێت ڕووسیا ئیستیفزاز بکرێت، بەتایبەتی کوت و بەندی ئەوە لەسەر

**لە ئێستادا سەربازەکانی ئۆکرانیا لە پانتاییەکی بەرفراواندان و دەکرێت بە ئاسانی بکرێنە ئامانجی هێزی ئاسمانی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ڕووسیا**



پێشەوەی سوپای ئۆکرانیا لە بەرەکانی شەڕی لە دۆنباس وەك پێویست سەربازیان تێدا نییە و چەکی پێویستیشیان نییە، کەواتە ڕووسیا لە تەواوی بەرەکان و هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ بەرەوپێش دەچێت و ئێستا بەرەو ئەوە دەچێت کە بگاتە سەنتەری لۆجیستی ستراتیژیی پۆکرۆفسك.

* ئەگەر باس لە دەرئەنجامەکانی ئەم بەرەوپێشچوونە بکەین لە سەر ئاسایش و هاوکێشە جیۆپۆلەتیکییەکانی ناوچەکە و جیهانیش، ئایا پێتان وایە ئەم پەرەسەندنانە

ئۆکرانیا دانرا، کە نابێت ئەو چەکەی لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەدەستیان دەگات، بۆ لێدانی ئامانجەکانی نێو خاکی ڕووسیا بەکار بهێنرێن، بەڵام ئێستا دەبینین کە ئۆکرانیا چەکی ڕۆژئاوا بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاکی ڕووسیا بەکار دەهێنێت. پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەمە پاساوی ئەوە دەداتە دەست ڕووسیاوە کە بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر ببات؟

- لە ڕاستیدا من پێم وایە مۆسکۆ خوازیاری ئەوە نییە دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت لەگەڵ ناتۆدا، چونکە هەڵکشانێکی لەم

**هێڵەکانی پێشەوەی سوپای ئۆکرانیا لە بەرەکانی شەڕی لە دۆنباس وەک پێویست سەربازیان تێدا نییە و چەکی پێویستیشیان نییە**

چەشنە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوکی، کە هەر شکستهێنانێکیش لە تۆڵەکردنەوەدا (لە میانەی شەڕێکی لەم چەشنەدا) پێشبینییەکی زۆر مەترسیدار دەهێنێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی ئەوەی ناتۆ بە بوێرییەکی زیاترەوە هەڵسوکەوت بکات.

*** لەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیادا زۆر باس لەوە دەکرا کە یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کراوە و چیتر سەردەمی ئەوە نەماوە کە وڵاتێك لە ڕێی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێز و زەبر و زەنگەوە بەشی خاکی وڵاتێکی دیکە داگیر بکات و بیکاتە بەشێك لە خاکی خۆی، ئێستاش دەبینین کە ئۆکرانیا دەستی بردووە بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاکی ڕووسیا، ئایا ئەم پرسە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

- لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە ئۆکرانیا دەتوانێت پاساو بهێنێتەوە بۆ هێرشەکە و بانگەشەی ئەوە بکات کە مەرج نییە شەڕەکە تەنیا لەسەر خاکی ئۆکرانیا ڕوو بدات، دەکرێت ئەم داگیرکارییەی ئۆکرانیا بۆ خاکی ڕووسیا بەوە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە کە ئەمە بەهێزکردنی توانای بەرگریی ئۆکرانیایە، کە ئەمەش لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە مشتومڕێکی لۆژیکییە، بەڵام تیۆرگلانی ناتۆ مایەی کێشەیەکی قووڵە. هەر چۆنێك بێت، ئەم کارەی ئۆکرانیا کردوویەتی لۆژێکێکی ئەوتۆی تێدا نییە لە ڕوی ستراتیژیی سەربازییەوە، ڕووسیا ژمارەیەکی زۆری سەرباز و چەکەکانی لەدەست نادات، بۆ داگیرکردنی خاکێك کە هیچ ئامانجێکی ستراتیژی لەخۆ ناگرێت، ئۆکرانیاش ناتوانێت درێژە بەم دەستبەرداگرتنەدا بدات.

*** ئەگەر باس لە گۆڕەپانی شەڕەکە بکەین و بە دیاریکراوی ئاماژە بەوە بکەین کە ئەگەر ڕووسیا بیەوێت سوپای ئۆکرانیا لەو ناوچە و خاکانەی نێو ڕووسیا دەر بکات، کە بەم دواییە دەستی بەسەردا گرتوون، ئەوا دەبێت بەشێك لە هێزەکان لە بەرەکانی دیکەی جەنگ بکێشێتەوە و ڕەوانەی ناوچەی (کورسك)یان بکات، کە ڕەنگە پەرەسەندنێکی لەم چەشنە بە دڵی ئۆکرانیا بێت، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشار لەسەر هەندێ لە بەرەکانی جەنگ، ئایا کارێکی لەم چەشنە پێشبینی کراوە؟**

- بەڵێ، ئاماژە بەوە کراوە کە دەکرێت ئەم کارە (داگیرکردنی ناوچەی کورسك لەلایەن سوپای ئۆکرانیاوە) بەوە لێك بدرێتەوە کە ئەمە هەوڵێکە بۆ پەرتکردنی سەرنج لەسەر ئۆکرانیا و گواستنەوەی بۆ سەر ڕووسیا، چونکە ئامانج لێی پەرت و بڵاوکردنەوەی سوپای ڕووسیایە، کە نکۆڵی لەوە ناکرێت ئەم کارەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی وورەی ئۆکراینییەکان، هەروەها هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێ کرا بە نیازی ئەوە ئەنجام درا، ئیحراجی بۆ پوتین دروست بکات و ناسەقامگیری لە نێو ڕووسیادا بهێنێتە ئاراوە، کە پێ دەچێت ئۆکرانیا شکستی هێنابێت لە بەدیهێنانی تێکڕای ئەم ئامانجانەدا، هەرچەندە دەکرێت ئەم هێرشە ببێتە هۆی شڵەژاندنی هێڵەکانی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی سوپای ڕووسیا، هەروەها ئەو زانیارییەی ئاشکرا کرد، کە ڕەنگە ناتۆ چەکی زیاتر بنێرێت بۆ پشتیوانیکردن لە داگیرکارییەکەی ئۆکرانیا.

*** چۆن لە کاردانەوەی ڕووسیا دەڕوانن، بەتایبەتی کە دەگوترێت ڕووسیا لەم ڕووەوە پەرچەکردارێکی خێرای نەبووە و وەك پێویست دەستوبرد نەبووە، بەڵام لە بەرەکانی دیکەی شەڕدا لە بەرەوپێشچووندایە؟**

- گرنگترین بەرەی شەڕ لە ئێستادا بریتییە لە بەرەی پۆکرۆڤسك، کە ئەمە ناوەندێکی ستراتیژیی گواستنەوەیە، بەم هۆیەشەوە چەندین هێڵی بەرگری بۆ پارێزگاریکردنی دروست کراوە، کە برینی ئەم هێڵە زۆر سەخت دەبوو کە هێزەکانی ئۆکرانیا دەیانتوانی پاشەکشە بکەن بۆ هێڵێکی دیکەی بەرگری، ئەگەر بهاتایە ڕووسیا ئەم هێڵەی ببڕیبایە. هەرچۆنێك بێت، لەبەر ئەوەی باشترین سەرباز و چەکی ناردووە بۆ کورسك، ئەوا ڕووسیا بە ڕەوتێکی خێرا جووڵە دەکات لە تێکڕای هەموو ئەم هێڵانەی بەرگری کە وەك پێویست بەرگرییان لێ ناکرێت، بۆیە پێم وایە ئۆکرانیا و ناتۆ هەڵەیەکی گەورەیان کرد بەم داگیرکارییە.

**پلاندان و جێبەجێکردنی ئەم داگیرکارییەی خاکی ڕووسیا بە پشتیوانیی ناتۆ ئەنجام دراوە، کەواتە ئەگەر لەم ڕووەوە لە پرسەکە بڕوانین، ئەوا ئەمە هەڵکشانێکی بەرچاوی شەڕەکەیە**

**مۆسکۆ خوازیاری ئەوە نییە دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت لەگەڵ ناتۆدا، چونکە هەڵکشانێکی لەم چەشنە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوکی**

**ڕووسیا ژمارەیەکی زۆری سەرباز و چەکەکانی لەدەست نادات، بۆ داگیرکردنی خاکێك کە هیچ ئامانجێکی ستراتیژی لەخۆ ناگرێت، ئۆکرانیاش ناتوانێت درێژە بەم دەستبەرداگرتنەدا بدات**

**گرنگترین بەرەی شەڕ لە ئێستادا بریتییە لە بەرەی پۆکرۆڤسك، کە ئەمە ناوەندێکی ستراتیژیی گواستنەوەیە، بەم هۆیەشەوە چەندین هێڵی بەرگری بۆ پارێزگاریکردنی دروست کراوە**




پرۆفیسۆر دان ویناوی فای دەیڤید بۆ گوڵان:

# چەسپاندنی سەروەریی یاسا هەنگاوێکی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان

دان وێناوی فای دەڤید، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نەیجەر دەلتا لە وڵاتی نەیجیریا، توێژەر و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتی، حوکمڕانی، ئاشتی و ناکۆکی و دیراساتی ستراتیژی و یاسای نێودەوڵەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی چەند پرسێکی تایبەت بە پرسی بەدیهێنان و چەسپاندنی سەروەریی یاسا و پرسیاری ئەوەی تا چ ڕاددەیەك سەروەریی یاسا پێویستە یان بەردی بناغەیە بۆ بەدیهێنانی حوکمڕانیی باش و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و، ئایا بۆچی زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقا نەیانتوانیوە بەدی بهێنن و، بۆچی زۆربەیان گرفتارن بە دەست حوکمڕانیی خراپ و تەشەنەکردنی گەندەڵییەوە، هەروەها شرۆڤەکردن و تاوتوێکردنی چەند ئەزموونێکی سەرکەوتووی نێو کیشوەری ئەفریقا، وەك ئەزموونی وڵاتی بۆتسوانا و چەند پرس و پێشهاتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

***زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە کێشەی زۆرێك لەو وڵاتانەی بە دەست دواکەوتوویی و گەندەڵییەوە دەناڵێنن، نەبوونی سەروەریی یاسایە، بە چەشنێك ئەوە دووپات دەکرێتەوە کە بەدیهێنان و چەسپاندنی سەروەریی یاسا بە بەردی بناغەی هێنانەئارای گەشەی ئابووری دادەنرێت. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە تا چەند هاوڕان لەگەڵ ئەمەدا و ئایا لە تێڕوانینی ئێوەدا دەکرێت بڵێین سەروەریی یاسا دەرمانی زۆرێك لە دەردەکانە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە وڵاتانی ئەفریقاوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە و ئەوەی دەکرێت لە سەرەتادا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە پێشبینی و چاوەڕوان دەکرێت کە سەرجەم لایەن و ڕەهەند و بوارەکانی ژیان لە سایە و سێبەری سەروەریی یاسادا ڕێك بخرێن و بەڕێوە ببردرێن. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە ڕەوایە بگوترێت کە چەسپاندن و برەودان بە سەروەریی یاسا هەنگاوێکە کە دەبێت هاوشان هەڵبگیرێت لە پێناو بەرەنگاربوونەوە، یان چارەسەرکردنی ئەو کێشە و دژوارییە ئابوورییانەی لە ئارادان و وڵاتانی ئەفریقا بە دەستیانەوە دەناڵێنن و گرفتارن. ئەگەر ئەمە ڕوون بکەینەوە و باس لەوە بکەین کە چۆن ئەمە ڕەنگ دەداتەوە لە بوارێکی دیاریکراودا، بۆ نموونە لە بواری بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا، ئەوا دەبێت بڵێین کە نابێت لەم ڕووەوە خاتری کەس بگیرێت و چاوپۆشی لەکەس بکرێت، هەروەها دەبێت هەڵبژاردنەکان پرۆسەیەکی پاك و بێگەرد بن، هەروەها شەفاف و باوەڕپێکراو و جێی متمانە بن، بۆ ئەوەی لەسەر تێکڕای ئاستەکان، ئەو سەرکردانە بگەنە دەسەڵات کە خەسڵەت و تایبەتمەندیی پێویستیان هەیە.

***هەر لە پەیوەندی بە ئەزموونی وڵاتانی ئەفریقاوە، ئایا ئێوە چۆن لە ئایندەی ئەم وڵاتانە دەڕوانن، بەتایبەتی لە ڕوانگەی بەدیهێنان و هێنانەئارا و برەودان بە حوکمڕانیی باشەوە، ئەگەر ئەمە گرێ بدەینەوە بە پرسیاری پێشووەوە لە پەیوەندی بە سەروەریی یاساوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە ئایندەی وڵاتانی ئەفریقاوە(بەتایبەتی ئەگەر لە ڕوانگەی ئەزموونی بەدیهێنانی حوکمڕانیی باش و هێنانەئارای سەروەریی یاساوە لەم پرسە بڕوانین)، ئەوا دەکرێت حوکمی ئەوە بدەین و بڵێین کە ئایندەیەکی ڕەش و تاریك چاوەڕوانی ئەم وڵاتانە دەکات، بەتایبەتی ئەگەر لە گۆشەنیگای پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەوە هەڵسەنگاندن بکەین و شرۆڤەکارییەکەمان ئەنجام بدەین، بۆ نموونە ئێوە بڕواننە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی وڵاتانی وەك نەیجیریا، سەنیگال، مالی، بۆرکینا فاسۆ، نەیجەریە لە ڕۆژئاوای ئەفریقا، کینیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، هەروەها سەیری بارودۆخ و هەلومەرجی هەر یەکە لە وڵاتانی کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ لە ناوەڕاستی ئەفریقا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەم کیشوەرە بکەن.

***بەڵام سەرباری ئەو ئەزموونە شکستخواردوو و بارە پڕە لە نەهامەتی و ناهەمواریيەی کە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقا بەدەستیانەوە دەناڵێنن، دەکرێت بڵێین ئەزموونی سەرکەوتوو و سەرنجڕاکێشیش هەن، کە ناکرێت ئاماژەیان پێ نەکرێت و نادیدەی بگیرێن، بۆ نموونە لەم ڕووەوە زۆر باس لە ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتانی بۆتسوانا و ڕواندا دەکرێت لە ڕووی هەنگاوەکانی بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و هێنانەئارای سەقامگیری، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە تێکڕای ئەزموونەکانی

**نکۆڵی لەوە ناکرێت کە تێکڕای ئەزموونەکانی نێو وڵاتانی ئەفریقا تاڵ و شکستخواردوو نین، واتە هەندێ چیرۆک و ئەزموونی سەرکەوتنی سەرنجڕاکێش بەدی دەکرێت**

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چاوەڕوانییەی کە هاووڵاتییانی ئەم وڵاتە و جیهانیش لە نەیجیریا هەیانە، ئەوا دەکرێت ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئەم وڵاتە خراپترین ئەزموون تێپەڕ دەکات**



نێو وڵاتانی ئەفریقا تاڵ و شکستخواردوو نین، واتە هەندێ چیرۆك و ئەزموونی سەرکەوتنی سەرنجڕاکێش بەدی دەکرێت و تۆمار کراون لە هەندێ لە وڵاتانی ئەم کیشوەرەدا، بۆ نموونە دەکرێت باس لە ئەزموونی وڵاتانی وەك بۆتسوانا و ڕواندا بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەزموون و چیرۆکانەی سەرکەوتنیش ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی و تەحەددا بوونەتەوە، بۆ نموونە کێشە و ئالنگاریی پەیوەست هەیە بە پێکهاتەی ئیتنی لەم وڵاتانە و بە کواڵیتی و خەسڵەتی سەرکردەکانیانەوە، کە ئەمەش وامان لێ دەکات ئەو پرسیارە بکەین ئایا ئەم ئەزموونە سەرکەوتووانە درێژە دەکێشێن و بەردەوام دەبن؟

*** وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەند چۆن لە ئەزموونی نەیجیریا دەڕوانن و چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، کە ئاشکرایە ئەمە وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سرووشتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابینین داهاتی ئەم سەرچاوە سرووشتییانە وەك پێویست ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی هەبووبێت لەسەر هەلومەرجی وڵاتەکەوە. لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکەین ئایا بەربەستە سەرەکی و ئالنگارییە گەورەکان چین کە ڕووبەڕووی ئەم وڵاتە بوونەتەوە و ڕێگە نادەن بکەوێتە سەر سکەی سرووشتیی خۆی گەشە بکات؟**

- هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە من بەو شێوەیە لە ئەزموونی وڵاتی نەیجیریا دەڕوانم کە خراپترین ئەزموونە، چونکە ئەگەر لە سەر بنەمای چەند بابەتێك هەڵسەنگاندن بۆ هەلومەرجی ئەم وڵاتە بکەین، ئەوا دەکرێت بڵێین کە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی نەیجیریا وڵاتێکە پانتایی یان ڕووبەرێکی گەورەی هەیە و هەڵکەوتە و پێگەیەکی باشی هەیە و خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆرە لە ڕووی سەرچاوەی سرووشتی و سامانی مرۆییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چاوەڕوانییەی کە هاووڵاتییانی ئەم وڵاتە و جیهانیش لە نەیجیریا هەیانە، ئەوا دەکرێت ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئەم وڵاتە خراپترین ئەزموون تێپەڕ دەکات.



# کۆتاییهاتنی سەردەمی سۆپەر پاوەری و تاکجەمسەری



# جیهان لە بەردەم قۆناغێکی تازەی ململانێی هێزدا

«لە ڕۆژگارێکدا کە نادڵنیایی و ناڕوونی باڵی بە سەردا کێشابێت، مرۆڤ پەنا دەباتە بەر بەراوردکاریی مێژوویی، لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بەرپرسانی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش ئەم ڕووداوەیان وەک هێرشەکەی «پیرل هاربەر» وەک پێوانەیەک بۆ شکستی ئەمنی بەراورد دەکرد. وەزیری دەرەوەی ئەو کات (کۆلن پاول) ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمریکا هێرشی کردە سەر ژاپۆن بۆ ئەوەی شکۆی خۆی پیشان بدات، ئێستاش دەبێت دوایین ئاگادارکردنەوە بە تالیبان بدرێت بەوەی کە «دەوڵەتانی خاوەن شکۆ هێرشی لەناکاو ناکەن»، بەڵام لەو کاتەی کە بەرپرسانی ئەمریکی و خەڵکی هەڵسەنگاندن بۆ شەڕی ئەفغانستان و پاشان عێراقیان دەکرد، بەراوردێکی دیکە دەرکەوت کە ئەویش ئەوە بوو، سەرۆک لیندۆن جنسۆن ئاماری ئەو قوربانییانەی کارەساتی ڤێتنامی هەڵدەسەنگاند، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەمان مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە، کە هەندێک جار خۆی دووبارە کردووەتەوە. بەراوردکاریی باش بۆ ئێستای ئەمریکا «شەڕی سارد»ـە، ئێستا ئەمریکا ڕووبەڕووی نەیارێک بووەتەوە کە باڵادەستی جیهانی و تەماحێکی تێرنەبووی هەیە، کە ئەویش چینە. چین لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گۆشەگیر بوو، بەڵام ئێستا جێگەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشانی گرتووەتەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی توانییان شەڕی سارد ببنەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا دووبارە بوونەوەی شەڕی سارد نییە، بەڵکو مەترسیدارترە».



وتاری «مەترسیی گۆشەگیربوون»ی کۆندالیزا ڕایس وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشووی ئەمریکا لە ٢٠ی ئابی ٢٠٢٤.

**● ململانێی نێوان هێزە گەورەکان**
**لە ناو سیستمێکی جیهانیی لاوازدا**

جۆزیف بایدن، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠دا بە دروشمی «ئەمریکا دەگەڕێتەوە America is back» لە بەرانبەر دروشمەکەی ترەمپ «ئەمریکا یەکەم — America first»، هەڵبژاردنەکانی بردەوە و چووە کۆشکی سپی ماوەی چوار ساڵە سەرۆکی ئەمریکایە، بەڵام هێشتا دیار نییە، پارتی دیموکراتی ئەمریکا کە کامیلا هاریسی لە جێگەی بایدن وەك کاندیدی سەرۆکایەتی دیاری کردووە، چوار ساڵی دیکە کۆمارییەکان سەرۆکایەتیی ئەمریکیایان بەدەستەوە دەبێت، یان نە، بەڵام وەك کۆندالیزا رایس کە لە دوو خولی سەرۆکایەتیی کۆمارییەکاندا پۆستی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و وەزیری دەرەوەی هەبووە، هەفتەی رابردوو وتارێکی بەناونیشانی «مەترسییەکانی گۆشەگیربوون. هەتا ئێستاش جیهان پێویستی بە ئەمریکایە و ئەمریکاش پێویستی بە جیهانە» بڵاو کردوەو، دەکرێت بۆچوونەکانی رایس وەك بۆچوونی تازەی کۆمارییەکان بخوێنرێتەوە، ئەویش داوای ئەوە دەکات کە جیهان بەبێ ئامادەبوونێکی کارای ئەمریکا تووشی کارەساتێکی گەورە دەبێت و ئەمریکاش شکۆ و رۆڵی پێشووی خۆی لە دەست دەدات.

جوسیکا ماسیۆ کە توێژەری باڵا و سەرۆکی پێشووی ئامۆژگای (کارینجی)یە بۆ ئاشتی، وتارێکی بۆ هەڵسەنگاندنی چوار ساڵی سەرۆکایەتیی جۆزیف بایدن نووسیوە بە ناونیشانی «پرانسیپەکانی بایدن چین؟ سەرکردایەتیکردن بەبێ هەژموون و باڵادەستی»، کە تیایدا لە زۆر بواری سیاسەتی دەرەوەدا ستایشی پرانسیپەکانی بایدن دەکات، لەزۆر شوێنیشدا شکستەکانی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی نەیتوانیوە وەك پێویست سیاسەتەکانی چوار ساڵی سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ راست بکاتەوە. لەسەر دووبارە رێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکانی ئەمریکا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بایدن هەوڵی نەداوە وەك میتافۆری میحوەر و لقەکان «hub and spokes» مامەڵەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی نەکردووە کە خۆی لە سەنتەر میحوەر بێت و ئەوانیش وەك پەراوێز مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، بەڵکو لەسەر پرانسیپی هاوبەش و دۆستانە مامەڵە کراوە کە ئەمەشی ناو ناوە «سەرکردایەتیکردن بەبێ هەژموون و باڵادەستی». کە ئەمەشیان وەك شانازیی دیموکراتەکان بۆ چوار ساڵی سەرۆکایەتیی بایدن دەخوێنرێتەوە.

خاڵی هاوبەشی بۆچوونەکانی کۆندالیزا رایس لەگەڵ جوسیکا ماسیۆ ئەوەیە کە هەردووکیان جەخت لەسەر مەترسییەکانی گۆشەگیربوونی ئەمریکا بە مانای «ئەمریکا یەکەم — American first» دەکەنەوە و ئاماژە بەوە دەکەن، پێویستە ئەمریکا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ناو کێشەکانی جیهان و رۆڵی کاریگەر لە چارەسەرکردنیان بگێڕێت، بەڵام جیاوازییان ئەوەیە جوسیکا ماسیۆ داوای ئەوە دەکات کە ئەمریکا بە هاوشێوەی پرانسیپەکانی بایدن و بە «سەرکردایەتیکردنی بێ هەژموون و باڵادەستی» لەسەر ئەم رێرەوەی بەردەوام بێت، بەڵام کۆندالیزا رایس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئەمریکا بەشدار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهاندا، بەڵام لەژێر «سەرکردایەتیی خودی ئەمریکا». لەسەر ئەم پرسانە راشکاوانە نووسیویەتی «هەتا ئێستاش DNAی سوپەر پاوەری لە جەستەی ئەمریکادا بوونی هەیە»، ئەمەش بەو مانایەی ئەمریکا زۆر ئەکتیڤ و کاریگەرانە بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکان بکات، هەروەك لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی کردی و بە سەرکردایەتیی ئەمریکا شەڕی سارد کۆتایی هات.

لە بارودۆخی ئێستای جیهان کە لە زۆر رووەوە لە بارودۆخی سییەکانی سەدەی رابردووی پێش هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی دەچێت، هەست بە ململانێیەکی گەورەی هێزە گەورەکان دەکرێت و لە بەرانبەریشدا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ئێستادا ئەگەر لە کۆمەڵەی گەلانی ئەو سەردەمە لاوازتر نەبێت، بەهێزتر نییە. بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەراوردێکی مێژوویی، ئەگەر ئەمریکا بە خێرایی نەتوانێت کێشەکان جڵەوگیر بکات و رۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەوا دواتر دەبێت وەك فرانکلین رۆزفەڵت دوای ئەوەی کارەساتی

**ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی توانییان شەڕی سارد ببەنەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا دووبارە بوونەوەی شەڕی سارد نییە، بەڵکو مەترسیدارترە**

**جیهان بەبێ ئامادەبوونێکی کارای ئەمریکا تووشی کارەساتێکی گەورە دەبێت و ئەمریکاش شکۆ و رۆڵی پێشووی خۆی لە دەست دەدات**

**گرووپی چەکداری حوسییەکان لەیەمەن توانیویانە رێرەوی ئاوی بازرگانی لە دەریای سوور بخەنە مەترسییەوە و سێ قات تێچووی بازرگانی بەرز بکەنەوە**

**ئەوەی مێژوو لە ماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانیی باراک ئۆباما و چوار ساڵی ئێستای جۆزێف بایدن پێمان دەڵێت، ئەوەیە کە دیموکراتەکان لە خوێندنەوەی سیاسییانەیان بۆ واقیعی ئێستای جیهان سەرکەوتوو نەبوون**

پیرل هاربەر ڕووی دا، بێتە ناو شەڕەکە، ئەم بەراوردکارییە مێژووییە ئەوەمان پێ دەڵێت، ئەگەر ئەمریکا هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی بهاتایەتە ناو شەڕەکە، لەوانەیە شەڕەکە هێندە خوێناوی نەبوایە و ئەورووپاش بەو جۆرە وێران نەبوایە.

لە ئێستادا شەڕێکی گەورە لەسەر خاکی ئەورووپا و سنوورەکانی ناتۆ بەردەوامی هەیە. مەترسییەکی زۆر هەیە کە فلادمیر پۆتین سەرۆکی ڕووسیا خەتی سووری ناتۆ کە ماددەی ٥ی هاوپەیمانییەکەیە و ئاماژە بەوە دەکات هێرش بۆ سەر هەر ئەندامێکی ناتۆ هێرشە بۆ سەر تەواوی هاوپەیمانییەکە، ئەمە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی شەڕێکی گەورەی جیهانی بەرپا بێت، بەتایبەتیش لە ئێستادا کە هاوپەیمانییەکی زۆر باش لە نێوان «ڕووسیا و چین و کۆریای باکوور و ئێران» بوونی هەیە. ئەم چوار دەوڵەتە کە هەموویان خۆیان بە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەزانن و، سێیان (چین، کۆریای باکوور، ڕووسیا) خاوەنی کۆگای چەکی نیوکلیارین و ئێرانیش خاوەنی دەیان گرووپی میلیشیایی چەکدارە، کە هەر یەکەیان مەترسیی تایبەتیی خۆی هەیە و، تەنیا گرووپی چەکداری حوسییەکان لەیەمەن توانیویانە ڕێرەوی ئاوی بازرگانی لە دەریای سوور بخەنە مەترسییەوە و سێ قات تێچووی بازرگانی بەرز بکەنەوە، ئەمە بێجگە لە چەکدارەکانی حزبوڵڵای لوبنانی و هەروەها میلیشیاکانی عێراق و سووریا کە بەردەوام بە درۆن هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە.

### ● خوێندنەوەی واقیعی ئێستای جیهان وەك خۆی یان داکۆکیکردن لە بەهاکانی لیبراڵ دیموکراتی

دووبارە کاندیدکردنەوەی دۆناڵد ترەمپ لەلایەن کۆمارییەکانەوە بەبێ ڕکابەری، ڕاشکاوانە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ستراتیژیەتی پارتی کۆماری وەك بە خۆیان دەڵێن گەورەترین و دێرینترین پارتی «GOP» لە دوو خاڵی سەرەکیدا خۆی بەرجەستە دەکات:

یەکەم: مانەوەی ئەمریکا وەك سۆپەر پاوەر و سەرکردایەتیی جیهان بکات.

دووەم: واقیعی سیاسیی ئێستای جیهان وەك خۆی بخوێنێتەوە و هیچ بەسەر هیچ دەوڵەتێکدا نەسەپێنرێت.

لە بەرانبەردا دانانی کامیلا هاریس لە بری جوزیف بایدن کە بە هۆی هەڵکشانی تەمەنیەوە نەیتوانی درێژە بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بدات، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە دیموکراتەکانیش درێژە بە هەمان سیاسەتی چوار ساڵی ڕابردووی بایدن دەدەن کە ئەویش لە دوو خاڵی سەرەکیدا خۆی بەرجەستە دەکات و بریتین لە:

یەکەم: پتەوکردنەوەی هاوپەیمانیەتییەکان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بەبێ ئەوەی ئەمریکا هەژموون و باڵادەستیی خۆی بەسەر هاوپەیمانەکانیدا بسەپێنێت.

دووەم: داکۆکیکردن لە بەهاکانی دیموکرات لیبراڵیی ڕۆژئاوا و هەوڵدان بۆ لغاوگیرکردنی نەیارانی لیبراڵ دیموکراتی.

بەڵام، ئەوەی مێژوو لە ماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانیی باراك ئۆباما و چوار ساڵی ئێستای جوزێف بایدن پێمان دەڵێت، ئەوەیە کە دیموکراتەکان لە خوێندنەوەی سیاسییانەیان بۆ واقیعی ئێستای جیهان سەرکەوتوو نەبوون. هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٢ باراك ئۆباما ڕایگەیاند جارێکی دیکە فلادمێر پوتین بیر لە دووبارە بونیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتی قەیسەری و فراوانخوازی ناکاتەوە، بەڵام لە ٢٠١٤ بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك مەزندەی کردبێت، هێزەکانی ڕووسیا «کریمیا»یان داگیر کرد، لە ساڵی ٢٠٢٢یش لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جۆزیف بایدن، جارێکی دیکە پوتین هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و هێرشەکەشی بەو ئامانجە کرد کە لە دوای سێ ڕۆژ لە کیڤی پایتەختی ئۆکرانیا ڕێورەسمی سەربازی بگێڕێت، بەڵام بارودۆخەکە بەو جۆرە نەشکایەوە کە پوتین ئومێدی بۆ دەخواست.

ئەم ئاراستەیەی چین و ڕووسیا و کۆریا و هەتا ڕاددەیەکیش ئێران لە دژی «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی» گرتوویانەتەبەر و دژایەتی دەکەن، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ کام لەو دەوڵەتانە نایانەوێت سیستەمێکی ڕۆژئاوایان بەسەردا بسەپێنرێت، لەمەش زیاتر وەك ئەمساڵ

**پوتین هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و هێرشەکەشی بەو ئامانجە کرد کە لە دوای سێ ڕۆژ لە کیڤی پایتەختی ئۆکرانیا ڕێورەسمی سەربازی بگێڕێت، بەڵام بارودۆخەکە بەو جۆرە نەشکایەوە کە پوتین ئومێدی بۆ دەخواست**

**ئەم ئاراستەیەی چین و ڕووسیا و کۆریا و هەتا ڕاددەیەکیش ئێران لە دژی «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی» گرتوویانەتەبەر و دژایەتی دەکەن، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ کام لەو دەوڵەتانە نایانەوێت سیستەمێکی ڕۆژئاوایان بەسەردا بسەپێنرێت**

**ئەم ئاراستەیەی ئێستا جیهان بە هەر دوو بەرەی ڕۆژئاوا و ڕووسیا و چینەوە هەنگاوی لەسەر هەڵدەگرن، زەنگی ئەوە لێ دەدەن، جیهانە کۆنەکەی دوای شەڕی سارد مردووە و هێشتا تازەکە لە دایک نەبووە**

لە مانگی شوباتی ڕابردوو لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان جەختی لەسەر کرایەوە، جیهان بەرەو «هەموومان دەدۆڕێین – Loss-Loos» هەنگاو هەڵدەگرێت و، سیستەمی جیهانی ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستەمی نوێی جیهان» بەرەو کۆتایی هەنگاو دەنێت. ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردن بوو کە لەو کۆنفرانسە ڕاشکاوانە جەختی لەسەر کرایەوە، ئەوە بوو «دەوڵەتانی باشوور» وەك دەوڵەتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینیش پشتگیری ئەوە ناکەن کە ئەم سیستەمە جیهانییە بەردەوام بێت و بە ڕاشکاوی دەڵێن «ئەم سیستەمە چ سوودێکی بۆ ئێمە هەبووە، بۆ ئەوەی پشتگیریی مانەوە و پاراستنی بکەین».

کەواتە ئەم ئاراستەیەی ئێستا جیهان بە هەر دوو بەرەی ڕۆژئاوا و ڕووسیا و چینەوە هەنگاوی لەسەر هەڵدەگرن، زەنگی ئەوە لێ دەدەن، جیهانە کۆنەکەی دوای شەڕی سارد مردووە و هێشتا تازەکە لە دایك نەبووە. ڕاستە چین ئێستا لە جێگەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو ڕکابەری سەرەکیی بەردەمی ئەمریکایە و هەر دوو پارتی و کۆماریی ئەمریکا وێڕای هەموو جیاوازییەکانیان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت سنوورێك بۆ چین دابنرێت، بەڵام بارودۆخی ململانێی نێوان ئەمریکا و چین، لە بارودۆخی ململانێی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان مەترسیدارترە، وەك کۆندالیز ڕایس ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کردووە، چینی ئێستا یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان نییە کە هەوڵی دەدا دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا کۆپیەکی هاوشێوەی حزبی شیوعیی سۆڤیەتی بن، بە پێچەوانەوە چین بێجگە لە ئامانجی سەرەکیی خۆی کە بەهێزبوونی حزبی شیوعیی چینییە، بۆ دەوڵەتانی دیکە بە لایەوە گرنگ نییە، چ حوکمڕانییەك پیادە دەکەن، لەمەش زیاتر کۆتایی بە داخراویی و گۆشەگیریی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هێناوە و ئێستا چین لە هەموو شوێنەکانی جیهان بە بازاڕەکانی ئەورووپا و ئەمریکاشەوە بوونی هەیە و کاریگەریی خۆی هەیە. ڕاشکاوانەتر وەك مایك پۆمبیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپ ئاماژەی پێ کرد، ئەمریکا لە ساڵی حەفتاکان دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی کە چین وەك فرانکشتاین تێکەڵی جیهان ببێتەوە.

## ● ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی گرگرتوو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا

باراك ئۆباما لە ١٨ی ١٢ی ٢٠١١ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەمریکی عێراقی «سۆفا»ی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق جێبەجێ کرد، بەمەش ئەمریکا ئەو عێراقەی کە ماوەی هەشت ساڵ قوربانی لە پێناوی دەدا و پارەیەکی هێجگار زۆری تێدا خەرج کرد، لەسەر سینییەکی زێڕ و بەبەلاش پێشکەی لایەنە شیعیەکان و ئێرانی کرد، جۆزێف بایدنیش لە ٢٩ی ئابی ٢٠٢١ دوا سەربازی لە ئەفغانستان کشاندەوە و بەم هەنگاوەش ئەفغانستان دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ قوربانییان لە پێناودا دا، لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەشی بزووتنەوەی تاڵیبانی کرد، ئەو تاڵیبانەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠١ بە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و پشتگیریی ١٠٠ دەوڵەت ڕووخاندی.

هێرشی هێزەکانی حەماس لە ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ بۆ ناو خاکی ئیسرائیل و بە بارمتە گرتنی زیاتر لە ١٠٠٠ هاووڵاتی ئیسرائیلی، ڕاستە لەسەر ئاستی ڕووکەش وەك شکستێکی ئەمنی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل سەیر دەکرێت، بەڵام لە گەوهەردا وەك شکستی سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکرێت، کە لە ساڵی ١٩٥٦ـەوە دوای شەڕەکەی کەناڵی سویس و کشانەوەی فەرەنسا و بەریتانیا، ئەمریکا خۆی بە پارێزەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێت.

جیوسیکا ماسیۆ کە داکۆکی لە پرانسیپەکانی بایدن دەکات، لە هەڵسەنگاندنی بۆ هەڵوێستی بایدن بەرانبەر بە شەڕی غەززە ڕەخنەی توندی لێ دەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات، جۆزیف بایدن «بە تێگەیشتنە کۆنەکەی» بۆ ئیسرائیل مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕووداوە گەورەیە کرد و نەیتوانی کارێك بکات بە لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە گرنگە بکات و ڕێگە نەدات

**چین ئێستا لە جێگەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو ڕکابەری سەرەکیی بەردەمی ئەمریکایە و هەر دوو پارتی و کۆماریی ئەمریکا وێڕای هەموو جیاوازییەکانیان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت سنوورێک بۆ چین دابنرێت**

**بارودۆخی ململانێی نێوان ئەمریکا و چین، لە بارودۆخی ململانێی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان مەترسیدارترە**

**چین بێجگە لە ئامانجی سەرەکیی خۆی کە بەهێزبوونی حزبی شیوعیی چینییە، بۆ دەوڵەتانی دیکە بە لایەوە گرنگ نییە، چ حوکمڕانییەک پیادە دەکەن**



**هەر دوو پارتی «دیموکراتی و کۆماری»ی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کشانەوە و خۆگۆشەگیرکردن لە بەرانبەر کێشەکانی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی «گرەوی خۆکوژییە» لەسەر شکۆ و هەژموونی ئەمریکا لە جیهاندا**

ئیسرائیل بەو شێوازە وەڵام بداتەوە کە تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێت.

ئەم هەڵوێستەی سەرۆک بایدن بەرانبەر بە شەڕی غەززە بووە هۆکاری ئیحراجبوونی دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و تەنانەت ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەش کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردبووەوە و باڵیۆزخانەیان لە تەلئەبیب بوو و باڵیۆزی ئیسرائیل لە پایتەختەکانیان کرابوونەوە، ناچار بوون پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل هەڵپەسێرن و بانگی باڵیۆزەکانی خۆیان بکەنەوە، بەمەش تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە گۆڕەپانێکی گەورەی شەڕ بۆ ئەمریکا و لە هیچ شوێنێکی ئەم ناوچەیە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا پارێزراو نییە، تەنانەت لەدوای شەڕی غەززە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە بەرگی زرێپۆشەوە سەردانی عێراقی کرد و لەگەڵ سەرۆک وەزیرانەکەی کۆبووەوە.

کۆندالیزا ڕایس کە بەراوردکاری مێژوویی فەشەلی ئەمنی کارەساتی پیرل هاربەر بە فەشەلی ئەمنی هێرشە تیرۆریستییەکەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بۆ سەر سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرک بەراورد دەکات، لە هەمان کاتدا ئەوەشیان بیر دێنێتەوە کە دەبوو لە هەمان کاتدا ئەو هەڵوێستە مێژووییەی (لیندۆن جۆنسۆن)یان بەراورد بکردایە کە ئاماری لاشەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکای لە ڤێتنام دەکرد و بۆ ڕێگەیەک دەگەڕا کۆتایی بەو مەینەتییە بهێنێت. جۆزێف نای، بیرمەندی ستراتیژیەتی سەربازیی ئەمریکا لە کتێبی «ئایا ئاکار لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پرسێکە؟» نووسیویەتی «جۆنسۆن باش دەیزانی ڤێتنام بۆ ئەمریکا بووەتە زۆنگاوێک کە زۆر زەحمەتە لەو زۆنگاوە دەربازی بێت، دەشیزانی چەند لە ڤێتنام بمێنێتەوە قوربانیی زیاتر دەدات، بەڵام



لەبەر ئەوەی خەڵکی تەکساس بوو، نەیدەوێرا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە ڤێتنام بدات، نەك پێی بڵێن ترسنۆکە».

ئێستا تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا، ڤێتنامی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە، هەر دوو پارتی «دیموکراتی و کۆماری»ی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کشانەوە و خۆگۆشەگیرکردن لە بەرانبەر کێشەکانی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی «گەروی خۆکوژییە» لەسەر شکۆ و هەژموونی ئەمریکا لە جیهاندا، وەك کۆندالیزا ڕایس جەختی لەسەر دەکاتەوە، کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا بە کۆی سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە جیهاندا بچێتەوە و مامەڵەیەکی واقیعییانە لەگەڵ کێشەکان بکات. گرنگە پشت بە دۆستەکانی خۆی ببەستێت و مانەوە و پاراستنیان مسۆگەر بکات، هەروەك چۆن لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی کۆریا لە ١٩٥٣ ئاسایش و مانەوەی کۆریای باشووری گەرەنتی کرد، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمریکا دۆستی باشی هەیە، بەڵام لە ڕوانگەی بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە دۆستە ڕاستەقینەکانی خۆی فەرامۆش کردووە، کە دیارترین و سەرەکیتریان هەرێمی کوردستانە لە عێراقدا.

زەمینە سازکردن بۆ ئەوەی بە زەبری هێز و سوپا کێشەکان چارەسەر بکرێت، ژینگەی ستراتیژیەتی «هەموومان دۆڕاوین – Loss- loss» دێنێتە ئاراوە، بەڵام هەوڵدان بۆ گەرەنتیی ئاسایشی هاوپەیمانەکان و پشتگیریی دۆستەکان ژینگەی ستراتیژیەتی «هەموومان براوەین- Win-Win» دێنێتە ئاراوە و بەمەش پارێزگاری لەو شکۆی سوپەر پاوەرییە دەکرێت کە ڕایس دەڵێت لە ناو DNA ی ئەمریکادا ئێستاش بوونی هەیە.

**کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا بە کۆی سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە جیهاندا بچێتەوە و مامەڵەیەکی واقیعییانە لەگەڵ کێشەکان بکات. گرنگە پشت بە دۆستەکانی خۆی ببەستێت و مانەوە و پاراستنیان مسۆگەر بکات**



## سعود مستۆ نەجم

بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدیان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاایینی بۆ گوڵان :

# عێراق بەرامبەر کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان شەرمەزارە و یەک هەنگاویشی بۆ ئازادکردنی ڕفێندراوەکان نەناوە

# ئێزدییەکان بە هۆی میلیشیاکان و پەکەکە و لاوازیی سوپاوە متمانەیان بە گەڕانەوە بۆ شنگال نییە

## حکومەتی عێراق خێزانەکانی داعشی لە کەمپی هۆل هێناوە و لە نزیک شنگال و ناوچەکە نیشتەجێی کردوون

**پاش دەساڵ لەو کارەساتەی بەسەر کوردانی ئێزدیدا هات لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە کە کۆمەڵکوژ و جینۆساید کران، ئەوا تا ئێستاش خەڵکی شنگال و ناوچەکە ترسیان لە دووبارە ڕوودانەوەی کارەسات هەیە. لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سعود مستۆ نەجم بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدیان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجام دا.**

*** دوای کارەساتی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ئابی ٢٠١٤ ترسێك لای ئێزدییەکان دروست بووە، بەوەی جارێکی دیکەش تووشی هەمان کارەسات ببنەوە، لە ئێستادا کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتییە، لە چی دەترسن؟**

- لە دوایساڵی ٢٠١٤ و ئەو کارەساتەی تووشی کوردانی ئێزدی بوو، کە لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش جینۆساید و کۆمەڵکوژ کران، ئەوە لە ناوچەکە و شنگال و دەوروبەری ژینگەیەك دروست بوو، کە ئیسلامی توندڕەو زۆر زوو ئەو هزر و بیروباوڕە توندڕەوەییەیان وەرگرت و قبووڵیان کرد، ئەو کەسانە دەستیشیان لە کۆمەڵکوژییەکەدا هەبوو کە بەسەر ئێزدیاندا هات کە نزیکەی (١٢٠) گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان دروست بوون و زیاتر لە (٦٠٠٠) کوڕ و کچ و کەسانی ئێزدی ڕفێندران و نزیکەی (٣٠٠) هەزار کەسیش ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و ٢٠٪ی ئێزدیانیش ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد. ئەگەرچی حکومەتی فیدراڵیی عێراق هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ ئەوەی باوەڕ و متمانە بۆ کۆمەڵگەی ئێزدیان دروست بکات، نە لە ڕووی سیاسی و نە لە ڕووی مرۆڤایەتی و نە لە ڕووی ئارامکردنەوە و ئاساییکردنەوەی شنگال و کۆی ناوچەی ئێزدیانەوە، بەڵکو لەبری باشترکردنی ناوچەکە، شنگال و دەڤەرەکەیان خراپتر و ئاڵۆزتر کردووە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی ئێزدیان متمانەیان بە حکومەتی عێراقی نییە و هەماهەنگی و هاوکارییش لە نێوان حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا دروست نەبووە، بە هۆی نەبوونی نییەت و هاوکاری نەکردنی لایەنی عێراقی، تا ئێستاش ڕێککەوتنی شنگال هەر وەکو خۆی ماوەتەوە و هیچ خاڵ و بەندێکی جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو بوونی چەکدارانی نایاسایی و ملیشیاکان بارودۆخەکەی زۆر خراپ و ئاڵۆزتر کردووە، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق ماڵ و منداڵ و خێزانەکانی داعشی لە کەمپی هۆل بە بەرچاوی کۆمەڵگەی ئێزدیانەوە دەرهێناوە و بەوپەڕی ڕێزەوە لە نزیك شنگال و ناوچەکەدا نیشتەجێی کردوون.

**بە هۆی نەبوونی نییەت و هاوکاری نەکردنی لایەنی عێراقی، تا ئێستاش ڕێککەوتنی شنگال هەر وەکو خۆی ماوەتەوە و هیچ خاڵ و بەندێکی جێبەجێ نەکراوە**

بەردانی ئەو تیرۆرریستانەی داعش کە لە لای هەسەدەوە لە سووریا زیندانی بوون، کە بەشی زۆری لەو داعشە زیندانییانە کە زیاتر لە (٤٠٠) کەسیان خەڵکی عێراقن، ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و زۆربەیان ڕوویان لە شاری مووسڵ و نزیك شنگال کردووە، هاوکات حکومەتی عێراقی دەیەوێت یاسایەکی لێبوردنی گشتی دەر بکات، بەم یاسایەش چەندین کەسی تیرۆریست کە دەستیان بە خوێنی ئێزدیان سوورە بەر لێبوردن دەکەون و دەگەڕێنەوە ناو خەڵك و زۆر لەوانەی لەگەڵ داعش بوون لە سووریا گەڕاونەتەوە، یان لە زیندان بوون و ئێستا چوونەتە ڕیزی هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەتایبەتی میلیشیاکان هەموو ئەو مەترسییانە و چەندین هۆکاری دیکەش مەترسیی جدین کە کۆمەڵگەی ئێزدی هەست بە مەترسی بکەن کە جارێکی دیکە تووشی ئەو کارەساتە کۆمەڵکوژییە ببنەوە. هەر بۆیە ئێزدییەکان متمانەیان بەو بارودۆخە نییە و کاریگەریی خراپ و ناخۆشی لەسەر ژیانیان دروست کردووە، بۆیەش ناگەڕێنەوە شنگال و ناوچەکە.

**بەشی زۆری لەو داعشە زیندانییانە کە زیاتر لە (٤٠٠) کەسیان خەڵکی عێراقن، ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و زۆربەیان ڕوویان لە شاری مووسڵ و نزیک شنگال کردووە**

*** دوای تێپەڕبوونی ١٠ساڵ بەسەر جینۆسایدی خوشك و برا ئێزدییەکانمان هەتا ئێستاش زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئاوارە لە کەمپەکانی دهۆك و زاخۆ دەژین، پرسیار لێرەدا ئەویە ئاستەنگانە چین کە ڕێگرن لەوەی ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- عێراق دەوڵەتێکی لاوازە و بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراق بە تەنیا ناتوانێت بڕیار بدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاساییکردنەوەی شنگال و دەڤەرەکە کراوە، بەڵکو دەسەڵات و بڕیاردەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە، دەوڵەتێکی دیکەیە کە دەبێت بڕیار بدات تاوەکو جێبەجێ بکرێت، نەك سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمەش وای کردووە بارودۆخی شنگال ئاڵۆز بێت و ئیدارەی شەرعیی لێ نەبێت و ئەو هێزانەی لە ناوچەکە و شنگالن لە ژێر دەستی ئەو وڵاتەیە کە عێراق نییە، مخابن زیاتر لە ٨٠٠ کەسی داعش کە بەشدار بوون لە کارەساتی کۆمەڵکوژیی ئێزدیان ئێستا لەناو چەکدارە میلیشیاکانی ناوچەکەدان، بوونی چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەکە و چەندین ملیشیا و هێزی جۆراوجۆر کە لە ژێر فەرمانی عێراقدا نین لە شنگال، هەموو ئەو هۆکارانە و نەبوونی پاڵپشتییەکی تەواو و جدیی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ ئێزدیان وای کردووە کە ئێزدییەکان نەتوانن و متمانەشیان نەبێت کە بگەڕێنەوە شاری شنگال و دەڤەرەکەیان.

**حکومەتی عێراق دەیەوێت یاسایەکی لێبوردنی گشتی دەر بکات، بەم یاسایەش چەندین کەسی تیرۆریست کە دەستیان بە خوێنی ئێزدیان سوورە بەر لێبوردن دەکەون**

*** لەساڵی ٢٠١٤ و دوای ئەو جینۆسایدەی بەسەر ئیزدییەکاندا هات، بە هەزاران کچ و ژنی کوردی ئێزدی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە کرانە سەبایە، ئایا تا ئێستا چەند لەو کچ و ژنانە ئازاد کراون و گەڕێندراونەتەوە؟**

- ئەو کارەسات و کۆمەڵکوژییەی بەسەر ئێزدیاندا هات لە ساڵی ٢٠١٤ خاڵێکی ڕەش و شوورەییە بەسەر نێوچەوان و دیرۆکی حکومەت و دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و، پاش ئەوەی ئەو کۆمەڵکوژییە بەسەر ئێزدیان هات (٦٤١٧) کوڕ و کچ و منداڵ و ئافرەتانی ئێزدیان لەلایەن ئەو تیرۆریستانەی داعشەوە ڕفێندران کە تەنیا یەك لایەن خۆی لەو ڕفێندراوانە بە خاوەن کردووە، ئەویش تەنیا نووسینگەی ڕزگارکراوانی ئێزدی سەر بە نووسینگەی تایبەتی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، تا ئێستاش (٢٧٠٠) کەس نەتوانراوە لەو ڕفێندراوانە ڕزگار بکرێن و هەر لەلای تیرۆریسانی داعش ماون و بڕیاری مێژوویی چڤاتی ڕۆحانی و میری ئێزدیان بووە ڕێگەخۆشکەرێکی زۆر گەورە و باش، بۆ ئەوەی ئەو کچ و کوڕانەی ڕزگار دەکرێن بگەڕێنەوە ناو ماڵ و خێزانی خۆیان و بە ڕێز و حورمەتی تەواوی خۆیانەوە بژین. هەر بۆیە حکومەتی عێراق لەو کارەساتە کۆمەڵکوژییەدا زۆر شەرمەزارە، چونکە هەر بڕیار و ڕێککەوتنێك عێراق دەیکات تەنیا نووسین و مەرەکەبی سەر کاغەزە و هیچی جێبەجێ ناکات و دەیەوێت شنگال و دەوروبەری هەر ئاوا بمێنێت، عێراق تا ئێستا هەنگاوێکی نەناوە بۆ ئەوەی کە بتوانرێت یەك لەو ڕفێندراوانەی دەستی داعش بە کەسوکاریان شاد بینەوە.

**زیاتر لە ٨٠٠ کەسی داعش کە بەشدار بوون لە کارەساتی کۆمەڵکوژیی ئێزدیان ئێستا لە ناو چەکدارە میلیشیاکانی ناوچەکەدان**

*** هەر لە ساڵی ٢٠١٤ پیاوانی ئیزدی کۆمەڵکوژ کران و پاشان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا شاردراونەتەوە، ئایا ژمارەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە چەندە کە ڕوفاتی ئێزدییەکانی تێدا شاردراوەتەوە و چەند گۆڕی بەکۆمەڵتان هەڵداوەتەوە و چەندی دیکە ماون؟ ئایا ڕێگرییەکانی بەردەم هەڵدانەوەی گۆڕەکانی دیکە چین؟**

- تیمی ڕێکخراوی یونیتاد لەسەر داوای حکومەتی عێراق لەژێر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا لە ساڵی ٢٠١٧ بڕیاری دا کە تەنیا تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بۆی هەیە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان بەدوایدا بگەڕێت و هەڵیبداتەوە، ئەو تیمە پاش دوو ساڵ لە بڕیارەکە ئینجا بۆ دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەستبەکار بوون، بەپێی ئەو ئامارەی لە بەردەستە زیاتر لە ١٠٠ گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزدیان هەیە و ٤٩ گۆڕ لەو ١٠٠ گۆڕانە هەڵدراونەتەوە و لەو ڕوفاتانەی لەو ٤٩ گۆڕەدا دۆزراونەتەوە زیاتر لە ٦٠٠ ڕوفاتن و لە بەغدا پشکنینیان بۆ ئەنجام دراوە، لەو ڕوفاتانە کەمتر لە ٣٠٠ ڕوفاتیان بە خاک سپێردراون، ئەو بڕیارەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراقەوە درا کە تەنیا تیمی یونیتاد بە هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان هەستن، جێگەی داخە و هۆکارێکە بۆ کەمتەرخەمی و ساردییەکی زۆر، کە بووەتە هۆی ئەوەی پەلە نەکرێت لە دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هەڵدانەویان و دۆزینەوەی ڕوفاتەکانی ئێزدیاندا.

*** ڕوفاتی ئەو ئێزدییانەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دۆزراونەتەوە تا ئێستا نەمانبینی لە مەراسیمێکی شایستەدا بە خاک بسپێردرێن، ئایا ئەو ڕوفاتانە لە کوێن و بۆ بە خاکیان ناسپێرن؟**

- چەند مەراسیمێك بۆ ڕوفاتی ئێزدیان ئەنجام دراوە، یەکەم مەراسیم لەو کاتەدا ئەنجام درا کە جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە مەراسیمەکە لەلایەن حکومەتی کوردستان و خەڵکی شنگال و ناوچەکەوە بەڕێوە چوو، مەراسیمی دیکە لەلایەن خەڵك و کۆمەڵگەی ئێزدیانەوە ئەنجام دراوە، زۆر بەداخەوە حکومەتی عێراقی لە هیچ مەراسیمێکدا ڕۆڵی نەبووە و کاری تێدا نەکردووە و هاوکار نەبووە، وەکو لە پێشتریش ئاماژەمان پێدا، پاش پشکنینی ڕوفاتەکان کە لەلایەن بەغداوە دۆزراوەتەوە، هەندێك لەو ڕوفاتانە بە خاك سپێردراون، بەڵام ئەو ڕوفاتانەی لەو شەش سەد ڕوفاتەی دۆزراوەتەوە کە ماون و پشکنینیشیان بۆ کراوە، نازانین بۆ هەر لە بەغدا ماون و بۆ بە خاکیان ناسپێرن؟

*** پەرلەمانی فیدراڵیی عێراق چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە کردووە؟ ئایا هەتا ئێستا بە یاسایەك کارەساتی ئێزدیانی بە جینۆساید سەلماندووە؟ ئەگەر نەیسەلماندووە هۆکارەکانی چین؟**

- بێگومان ئەو جینۆسایدەی بەسەر کۆمەڵگەی ئێزدیدا هات بە هەموو پێوەرە و یاسا نێودەوڵەتییەکان و دادگای نێودەوڵەتیی لاهای ئەوە کۆمەڵکوژییە، کەچی حکومەتی عێراق تا ئێستا پێناسەی بۆ کۆمەڵکوژی نییە و ئەو کەس و تیرۆریستانەی داعش و کە لەو کۆمەڵکوژییەشدا بەشدار بوون، کە دەستگیر دەکرێن بە یاسای تیرۆر مامەڵە و ئیجرائاتیان لەگەڵدا دەکرێت، هەروەها یاسادانەران و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادە نین پێناسە بۆ کۆمەڵکوژی دابنێن، تەنانەت ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەکو پەرلەمانی کوردستان و وڵاتانی دنیاش ڕۆژێکیان تەرخان نەکرد بۆ دانانن بەو کارەساتەی بەسەر ئێزدییەکاندا هات، کە بە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی بناسێن، لەلایەکی دیکەوە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوایان کردبوو کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژێك دابنێن بۆ دانانن بە کۆمەڵکوژیی ئێزدیاندا، مخابن هەر چەندە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا زۆر داکۆکییان لەو داوا و ڕەشنووسە کرد، بەڵام ئەوان فەرامۆشیان کرد، بەڵکو لە ناو یاسای ئافرەتە ڕزگاربووەکان (قانون الناجيات) بە بڕگەیەك ئاماژە بە کۆمەڵکوژییەکەی ئێزدیان کراوە، کە ئەمەش بچووککردنەوەی ئەو قوربانی و کارەسات و جینۆسایدیە کە بەسەر خەڵك و کۆمەڵگەی ئێزدیاندا هاتووە.

**(٦٤١٧) کوڕ و کچ و منداڵ و ئافرەتانی ئێزدیان لەلایەن ئەو تیرۆریستانەی داعشەوە ڕفێندران کە تەنیا یەک لایەن خۆی لەو ڕفێندراوانە بە خاوەن کردووە، ئەویش تەنیا نووسینگەی ڕزگارکراوانی ئێزدی سەر بە نووسینگەی تایبەتیی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە**

**بڕیاری مێژوویی چڤاتی ڕۆحانی و میری ئێزدیان بووە ڕێگەخۆشکەرێکی زۆر گەورە و باش، بۆ ئەوەی ئەو کچ و کوڕانەی ڕزگار دەکرێن بگەڕێنەوە ناو ماڵ و خێزانی خۆیان و بەڕێز و حورمەتی تەواوی خۆیانەوە بژین**

**زیاتر لە ١٠٠ گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزدیان هەیە و ٤٩ گۆڕ لەو ١٠٠ گۆڕانە هەڵدراونەتەوە و لەو ڕوفاتانەی لەو ٤٩ گۆڕەدا دۆزراونەتەوە زیاتر لە ٦٠٠ ڕوفاتن و لە بەغدا پشکنینیان بۆ ئەنجام دراوە**



دکتۆر ئاوات مەحموود نەقشبەندی
شارەزا لە تەفسیر و زانستەکانی قورئان:

# کوردستان نیشتمانی گەورەی کوردانە و خاوەنی پێگەیەکی گەورەی مێژوویی پیرۆزە بە دەقی قورئان (رب أنزلني منزلاً مباركاً)

# ئیرهاب هەم لە دەرەوە دێت هەم لە ناوەوەش خۆمان زەمینەسازی بۆ دەکەین

# پێشنیار دەکەم پاشگری ئیسلامی و مەسیحی و ئایینی لەسەر حزب لا ببرێت

**دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ هەندێ بیروباوەڕ و گرووپ سەری هەڵدا، کە بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئەمەش زیانی گەورەی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام گەیاندووە و بایەخی نەتەوە و خاکی لای ئەو گرووپانە کەم کردەووەتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ئاوات مەحموود ساحێب نەقشبەندی، پێشنوێژ و وتارخوێن و مودەڕیسی خانەقای حاجی شێخ ساحێب نەقشبەندی لە شارەزوور ساز دا، کە نامەی ماستەری لە زانستە ئیسلامییەکان و دکتۆراشی لە تەفسیر و زانستەکانی قورئان لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێناوە.**

**• لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی هەندێك بیر و باوەڕ و گرووپ دروست بوون و ئیسلامیان دابەش کرد بەسەر عیبادەت و سیاسەتدا، ئایا دابەشکردنی ئیسلام بۆ سیاسی و عیبادەت خزمەتی بە دینی ئیسلام گەیاندووە؟**

- پێش هەموو شت من لەگەڵ دەستەواژەی ئیسلامی نیم، چونکە ئیسلام ئایین و کەلامی خوایە و بێ هەڵە و پەڵەیە، بۆیە باشتر وایە بڵێین خەلافەتی عوسمانی و عەباسی و ئومەوی، یان بگوترێت مێژووی موسڵمانان و شارستانییەتی موسڵمانان لە بری (الإسلامية)ی عەرەبی، ئەمە وەکو پێشەکییەك، پاشان من دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بکەمە چەند بەشێك، یەکەم هۆکاری ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی و دووەم دابەشکردنی ئایین.

ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی هۆکاری زۆرە، بەڵام دوو هۆکاری هەرە سەرەکی بریتین لە: دەرەکی و ناوەکی، دەرەکی چاوتێبڕینی ڕۆژئاوا بووە کە تا ئێستا بەردەوامە و هۆکاریشی لاوازیی ڕێبەری و خۆسەریی عوسمانییەکان بوو، کە دروستبوونی بزووتنەوەی وەهابی بەشێکیەتی. بۆیە کە بزووتنەوەی وەهابی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی پەیدا بوو، ئیتر بیری عەلمانییەت زیاتر پەرەی سەند، چونکە لەوێ تەبەننی ئەم بابەتە کرا بەوەی کە ئیدارەی دەوڵەت بۆ ئال سعود بێت و ئیدارەی ئایین بۆ ئال شێخ بێت. هەر چەندە کە ئال شێخ گەڕان بۆ کردنە بەرنامەی مەزهەبێك کە بتوانن کاری خۆیانی لەسەر هەڵێنجێنن، بۆیە پەنایان بۆ بیروبۆچونەکانی حەنبەلییەکان برد، چونکە ئەوانەی کە پشتگیریی دەوڵەتی عوسمانی بوون، بریتی بوون لە ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان، کە هێزی تازەی لەناوبەری

**کە بزووتنەوەی وەهابی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی پەیدا بوو، ئیتر بیری عەلمانییەت زیاتر پەرەی سەند**

**سیاسەت وامان لێ دەکات کە ئیدارەیەکی بەهێز دروست بکەین، ئیدارەی بەهێزیش لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و دەستپاکی دروست دەبێت، کە ئەمە گەورەترین بنەماکانی ئیسلامە**

عوسمانی ڕێگەی نەدەدا بە تەبەنیکردنیان بۆ مەزهەبێکی پێشووتری عوسمانییەکان، ئیتر لێرەوە بیری جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەتداری دروست بوو. هەرچەندە هەموو ڕێچکە توندڕەوەکانی ناو موسڵمانان ڕێبیریان بریتییە لە کتێبەکانی غولاتی حەنابیلە، کە ئەمە وای کردووە لە نێوان ئەوانەی کە بیری دەوڵەتیان لە کەللەی خۆیان وەدەر ناوە، لەگەڵ ئەوانەی کە توندڕەون، تەنیا تویژاڵێك لە بۆچوونیان جیاوازە، ئەگینا هیچ جیاوازیەکیان نییە لە ڕووی بیروباوەڕی موسڵمانێتییەوە، هەر بۆیە ئەو پرسیارە گرنگە دێتە ئاراوە کە ئایا ئیسلام سیاسەتی تێدایە یان نا؟ زۆر بە باوەڕێکی قووڵەوە دەڵێم: بەڵێ ئیسلام سیاسەتی تێدایە، ئەگەر قەرار بێت، ئیسلام ئایینی خوا بێت و ئەگەر سیاسەت ئیدارەی دەوڵەت بێت، پێویستە موسڵمان سیاسەت بکات، بەڵام ئەگەر بڵێین ئیدارەدانی دەوڵەت موقەدەسە و پیرۆزە و نابێت بۆچوونی تێدا دەربڕین و چاکسازی تێدا بکەین، ئەوە ئەو سیاسەت و دەوڵەت و ئایینە دەمانباتەوە چەرخی پێش ڕێنیسانسی کاسۆلیك. بۆ نموونە هەموومان لە عێراقدا دەنگمان بە دەستوورێك داوە کە قورئان، یان بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام بەشێکە لە سەرچاوەی یاسادانان، بەڵام ئەوە موشەعویزەکانی ئەحزاب بوون کە ئەو دەستوورەیان پێشێل کرد.

سیاسەت وامان لێ دەکات کە ئیدارەیەکی بەهێز دروست بکەین، ئیدارەی بەهێزیش لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و دەستپاکی دروست دەبێت، کە ئەمە گەورەترین بنەماکانی ئیسلامە، بۆیە من پێموایە لە کوردستان یان ڕۆژهەڵاتی ناویندا حزبی ئایدیۆلۆژی، گرنگ یان سەرکەوتوو نییە، بەڵکو ئێمە پێویستمان بە حزبی کاریگەر هەیە، واتە گرنگ نییە ئەو حزبە چییە، بەڵکو گرنگە چی دەکات دە حزبی عەلمانی و دەی ئیسلامییش هەبێت، بەڵام کە گەلەکەت برسی بوو، نە عەلمانییەکە میتۆدەکانی مارتن لۆسەر تێری دەکات و نە ئیسلامییەکانیش ئایەت و حەدیس تێریان دەکات. بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٤٦ تا ٩١ لە شاخ و شۆڕش موسڵمانێك و کاکەییەك و فەلەیەك و جوویەك و ئێزدییەك و بێباوەڕێك لە یەك سەنگەردا دەیانگوت بەڵێ بۆ ئازادیی نەتەوەیەك کە کوردە، ئێستاش بە هەمان شێوە کامە حزب دەمانگەیەنێتە کەناری ئارامی با ئەوە ئیدارەی سیاسەی دەوڵەت بکات. کەواتە بیری حزبی ئایدیۆلۆژی نەماوە بە تەواوی، بۆیە من پێشنیار دەکەم پاشگری ئیسلامی و مەسیحی و ئایینی لابرێت، بەڵکو بنووسرێت ئەم حزبە کاری ئەوەیە و بەرنامەی ئەوەیە کە فلان قیەم فلان کار ئەنجام بدات. من زۆرم پێ باش بوو کۆمەڵی ئیسلامی ناوی ئیسلامەکەیان لابرد، ئیتر بۆ ناواخن ئەوە باسێکی دیکەیە.

**کە گەلەکەت برسی بوو، نە عەلمانییەکە میتۆدەکانی مارتن لۆسەر تێری دەکات و نە ئیسلامییەکانیش ئایەت و حەدیس تێریان دەکات**

*** بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە تا چەند لە ئایینی ئیسلامدا هەیە و ڕێزی لێ گیراوە؟ ئایا پیرۆزییەکانی نەتەوە دەکرێت بێ بەها بکرێت؟ ئایا سرینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئایینەکانی پێش ئیسلام بۆ کۆمەڵێك، یان هۆزێك، یان شارێك، یان گەلێك هاتبوون، بۆیە پەیامی پێغەمبەرەکانیان هەموو بە (یا قومی) دەستی پێ دەکرد و خوداش بە فەرمانی (أخاهم) باسی دەکردن، بۆیە ئەمە بەڵگەی هەرە گەورەیە کە من ناتوانم لە گەلەکەم جیا ببمەوە، پەیامی ئیسلامیش کە هاتووە بۆ محەمەدی پێغەمبەر (د.خ) پەیامێکی چاکسازیی ئەخلاقییە بۆ ئەوەی کە گەلان و مرۆڤەکان لە تاریکی بەرەو ڕۆشنایی ببات (لِيُخْرِجَكُم مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ). هەر بۆیە من کاتێك کە بمەوێت چاکسازی بکەم و ئەخلاقی کۆمەڵگەکەم بەرەو باشە ببەم، ئایا ئەمە لە جوغزی ژوورێکی تەنگدا دەکرێت؟ بێگومان نا، کە واتە دەبێت جێگەیەك هەبێت کە من ئەم مانۆڕە مەعریفییە بکەم، ئەویش کوێیە؟ بێگومان نیشتمانە. کە واتە ئەو نیشتمانەی کە ئەم چاکسازییە لە باوەش دەگرێت، پیرۆزە و ئەو کەسانەش کە ئەم چاکسازی و ئەخلاقە تەبەننی دەکەن مەردن.

ئەمە بەگشتی، هاوکات دێمە سەر باسی کوردستان، خۆی بۆ خۆی کوردستان نیشتمانی گەورەی کوردانە و خاوەنی پێگەیەکی گەورەی مێژوویی پیرۆزە بە دەقی قورئان (رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا) پاکترین خاکم دەوێت، خوداش بێ سێ و دوو فەرمووی بڕۆرە سەر شاخی جوودی

لە کوردستان (وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ) ئیتر چیت دەوێت؟! بەڵام دوای ئەمە ئەوە ئیتر کاری منە کە چۆن بتوانم ئەم خاکە پاکە پیرۆزە ڕابگرم.

**• ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی لەلایەن هەندێ کەس و گرووپی ئیسلامییەوە ئەم مێژووە فەرامۆش دەکرێت و دەیانەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکەنەوە، ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- مێژوو پیرۆز نییە، مێژوو کاری مرۆڤەکانە و تەنیا بۆ ئەوەیە کە من و تۆ کە دوای ئەوان هاتووین پەندی لێ وەربگرین؟ ئەحمەدی خانی بۆ مەردە و گەورەیە، چونکە گوتی کورد نابێت جاش بێت، خائین بێت، دووڵ بێت، واتە من ئەگەر ئەحمەدی خانیم لا مەزنە کە دەڵێت نابێت خائین بیت بەرانبەر براکەت، من شێخ ئەحمەدی بارزانم لا زۆر گەورەیە و هەموو ساڵێك دەچم بۆ سەر گۆڕەکەی، بۆ ئایا ئەحمەد ناوی دیکە نییە لەم وڵاتە؟ بەڵێ، هەیە بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەم مەردە گوتی دزی خراپە، کەواتە نابێت من دزی بکەم، گوتی دونیاداری بەقا نییە و خۆتانی بۆ هەرزانفرۆش مەکەن، کەواتە من نابێت خۆم بفرۆشم، ئەوەیە فەلسەفەی مێژوو. عەرەب بۆ عەرەبێك و فارس بۆ فارسێك و کوردێك بۆ کوردێك پیرۆزە، ئەگینا عەرەبییەتێك بۆ من هیچ بەهایەکی نییە کە بیەوێت خۆی فەرز بکات بە سەرمەوە.

**• باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری هەندێ لایەنی ئیسلامیدا، ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا، تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- توندوتیژی تەنیا لای موسڵمان نییە، بەڵکو لە هەموو دنیا و لە هەموو شوێنەکوتەی ئایینێکدا توندوتیژی وجوودی هەیە، ئەمە بەڵگەیەکی گەورەیە کە بەداخەوە هەوڵ دەدرێت بابەتی توندوتیژی بکەنە ماڵێکی قەڵپ بەسەر ئیسلامەوە، کە ئەمە خۆی بۆ خۆی گەورەترین توندوتیژییە کە بەرانبەر ئیسلام دەکرێت. ئەگەر ڕێگەم بدەیت وتە بەناوبانگەکەی شۆڕشی فەرەنسیت بیر دەهێنمەوە کە دەڵێ: «کۆتا پاشا بە ڕیخۆڵەی کۆتا قەشە هەڵئەواسین»، بیرت نەچێت ئەمە توندوتیژیی ڕاستەوخۆی دەوری سەرەتای پێش ڕێنیسانس بوو، کەواتە هەر لەو ڕۆژەی کە مرۆڤ هات و لەسەر ئەم گۆی زەوییە گوتی هەم، ئیتر توندوتیژی بووە کایەیەکی دیاری کۆمەڵگە، بڕوانە بۆ ئەم ئامارانە: شازدە ملیۆن سەرباز و سڤیل کوژران لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئیتر بێجگە لە هۆکاری برسێتی و نەبوونی و سەرما و ئاوارەیی و نەخۆشی و.. هتد، ئەمە جگە لە غرووری ئەوروپی لەسەر چی بوو؟ بۆیە هیچ کات توندوتیژی بە تەنیا زادەی موسڵمان نییە، بەڵکو زادەی مرۆڤە بەگشتی، ئەویش ئایین و ویژدان و یاسا دەتوانێت ئەم توندوتیژییە ڕام بکات. پاشان بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوانە کێن کە هانی ئیرهاب دەدەن، ئیتر ئیرهابی فکری بێت، یان جەستەیی، ئەوانە دوو بەشن، بەشێکیان کۆمەڵێك بیروبۆچوون هەن لەلای موسڵمان و غەیری موسڵمان کە توندوتیژی لایان ئایینە، ئەمە ئیرهابە، بەڵام من کە خۆم پێ چاکسازە نابێت زەمینەسازی بکەم بۆ ئەوەی هاووڵاتییەکەم گیرۆدەی ئیرهاب بێت. لە هەندێ کتێبی ئایینیدا نووسراوە کچی قورەیشی هاوکوفی غەیرە قورەیشی نییە، ئیتر ئەمە بۆ نموونە بیری ئەفزەڵییەت لای مرۆیەکی موسڵمان دروست دەکات، کە بابای قورەیشی لەپێشترە لای خوا لە بابایەکی شارەزووری، یان بۆ نموونە بڵێین دەبێت حاکمی موسڵمانان هەر قورەیشی بێت، ئێ برا لەو هەورامانە قورەیشی لە کوێ بێنم؟ ئەمە ئیرهابە. یان بە جۆرێکی دی، من حزبێکی باڵادەستم لە داخی حزبی بەرانبەر دێم فکرێکی خراپی توندڕەوی تەبەننی دەکەم، لە ئەنجامدا ئیرهاب دروست دەبێت، یان هاووڵاتییەکە نانی نییە بیخوات، تۆش بێیت بڵێیت حاکمی وڵات باوکە و ئیتر تۆ نابێت لە خەویشا ڕەخنەی لێ بگریت، ئەمە فیرعەونییەتە، فیرعەونیش گوتی (ما أريكم إلا ما ارى). کەواتە ئیرهاب هەم لە دەرەوە دێت هەم لە ناویش خۆمان زەمینەسازی بۆ دەکەین.

**هەوڵ دەدرێت بابەتی توندوتیژی بکەنە ماڵێکی قەڵپ بەسەر ئیسلامەوە، کە ئەمە خۆی بۆ خۆی گەورەترین توندوتیژییە کە بەرانبەر ئیسلام دەکرێت**

**هەر لەو ڕۆژەی کە مرۆڤ هات و لەسەر ئەم گۆی زەوییە گوتی هەم، ئیتر توندوتیژی بووە کایەیەکی دیاری کۆمەڵگە**



**شاکر مەحموود نوعمانی**

**ڕاوێژکاری کوردی فەیلی لە ئەنجومەنی پارێزگای واسیت:**

# کوردی فەیلی بە هۆی بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلوول مافی هاووڵاتیبوونیان لێ سەندرایەوە و ڕووبەڕووی شاڵاوی ڕاگواستن بوونەوە

# لە عێراق ٧٠ بڕیاری تایبەت بە گەڕانەوەی مافی کوردی فەیلی دەرچووە، بەڵام کاری پێ ناکرێت

## بوێری و ڕاستگۆییمان نییە، ئەگەر توندوتیژی و دەمارگیریی ئیسلامی سیاسی و مەزهەبەکان وەکو خۆی باس نەکەین، بۆ ئەوەی تاوانەکان دووبارە نەبنەوە

**ڕەشبگیری و بە زۆر ڕاپێچکردنی کوردە فەیلییەکان بۆ ئێران و کۆمەڵکوژیی گەنجەکانیان و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان و لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوونیان، بە دڕندەترین جینۆسایدی ڕژێمی بەعس دادەنرێت، کە دەرهەق بە کوردی فەیلی و پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد ئەنجام دراوە. ئەم تاوانکارییە نێودەوڵەتییە تەنیا لەبەر کوردبوونیان و بەشداریی کارایان لە شۆڕشی ئەیلوولدا بووە. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە دیدارێکی لەگەڵ شاکر مەحموود نوعمانی، ڕاوێژکاری کوردی فەیلی لە ئەنجومەنی پارێزگای واسیت و بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیریی پارێزگای واسیت ساز دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەو پێیەی ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئاشتیی کوردی فەیلی و ئەندامی حزبی یەکگرتووی دیموکراتی و حیواری فەیلی و یەکێك لە چالاکانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیت، سەرەتای پرسیارەکەمان بەوە دەست پێ دەکەین، ئایا چۆن لە پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە عێراقدا دەڕوانیت؟**

- بەڵگەنامە مێژووییەکان و زانیارییە باوەڕپێکراوەکان کە لە عێراقدا بە فەرمی بڵاو کراونەتەوە و ددانی پێدا نراوە، هەمووی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لە عێراقدا بوونی نەبووە و نابێت، بەتایبەتی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان و مەزهەبەکاندا کە بە هیچ شێوەیەك ئاشتی و تەبایی لە نێوانیاندا بوونی نییە. ئەوەتا لە مێژوودا تاکو ئێستا ناو بە ناو توندتیژی و دەمارگیری سەرهەڵدەدات و دەچێتە قاڵبی کوشتار و لەناوبردن و کۆمەڵکوژییەوە. نموونە و بەڵگەکان زۆرن لەسەر ئەم توندوتیژی و دەمارگیرییەی کە لە ناو ئیسلامی سیاسی و هەندێك بیروباوەڕی ئیسلامی هەیە. بە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر، پەیڕەوانی مەزهەبگەرایی توند لە عێراقدا سەری هەڵداوە و زیانی گەورەی بە سیمای ڕاستەقینەی کۆمەڵگە گەیاندووە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە سەدان هەزار خێزانی مەسیحی و سابیئەی مەندائی بۆ دەرەوەی وڵات کۆچیان کردووە. ئەوەی لە مێژوودا باس کراوە و ئەوەی لە ژیانی خۆماندا بینیومانە، بەداخەوە توندوتیژی و خوێن و کوشتار، جێگای دەقە پیرۆزەکانی پێکەوە ژیان و ئاشتی و لێبوردەیی گرتووەتەوە. لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا توندتیژی و کوشتار و کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و جینۆسایدی نەتەوەکانمان بینیوە. کوردی فەیلی و ئێزدییەکان و تەنانەت شەڕی نێوان سوننە و شیعە دیارترین نموونەی واقیعی عێراق و زۆر وڵاتی دیکەی ناوچەکەیە، جێگای داخە ئەو بوێرییەمان تێدا نییە، بە ڕاشکاوانە باسی ئەم حەقیقەتە بکەین و پەنجە لەسەر برینەکان دابنێین. من هیچ بڕوام بەوە نییە پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لە ئیسلامی سیاسی و عێراقدا بوونی هەبێت.

*** نووسەری پەرتووکی (جینۆسایدی میللەتێك و لەدایکبوونی دۆزی نەتەوەیەك)یت. لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو کارەساتەی. بۆیە دەپرسین: چی**

**بەڵگەنامە مێژووییەکان و زانیارییە باوەڕپێکراوەکان کە لە عێراقدا بە فەرمی بڵاو کراونەتەوە و ددانی پێدا نراوە، هەمووی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لە عێراقدا بوونی نەبووە و نابێت**

**بە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر، پەیڕەوانی مەزهەبگەرایی توند لە عێراقدا سەری هەڵداوە و زیانی گەورەی بە سیمای ڕاستەقینەی کۆمەڵگە گەیاندووە**

**وای لە ڕژێمی بەعس کرد، بەو شێوە دڕندەیە هێرش بکاتە سەر کوردی فەیلی و تاوانکاریی گەورە دەرهەقیان ئەنجام بدات؟**

- ڕژێمی بەعس بە کوشتار و خوێنڕێژی هاتە سەر حوکم، بەردەوامیش ڕق و کین و ترسی بەرامبەر کوردی فەیلی هەبووە، بەتایبەتی لە بەغدا. بەو پێیەی کوردی فەیلی لە بەغدا و پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور، زۆرینەی دانیشتووانی ناو سەنتەری شارە گەورەکانیان پێکدەهێنا. ئەوان دژی چەوسانەوە و توندتیژی بوون و دژی ئەو پەراوێزخستنەش بوون کە بەرانبەریان بەکار دەهێنرا. بۆیە لەناو زۆربەی بزووتنەوە و جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان ڕۆڵی کارا و سەرەکییان هەبووە، بەتایبەتی لە پاڵپشتیکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی شۆڕشی ئەیلوول و هاوکاریکردنی پێشمەرگە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، چ بە بوونی گەنجەکانی کوردی فەیلی لەناو سەرکردایەتیی شۆڕشەکە و پێشمەرگەبوون، چ بە کۆمەکی داراییان و بەردەوام پاڵپشتی مەرجەعەکەش بوون. بەم هۆکارانەوە سەدام حوسێن و دەستە و دارەکەی هەر زوو مەرام و پیلانیان لە دژی کوردی فەیلی ئاشکرا کرد، تاوەکو سیناریۆی تەقینەوەکەی زانکۆی مستەنسرییەیان داڕشت و هەموو تۆمەتەکەیان خستە ئەستۆی سەید غولام و خێزانەکەی و کوردی فەیلی، بەوەی گوایە ئەوانە نیشتمانپەروەر نین و بەکرێگیراوی ئێرانن، هەر زووش پڕوپاگەندەیەکی ئیعلامی فراوانیان لە دژی کوردی فەیلی بڵاوکردەوە و تۆمەتی ناپاکییان خستە پاڵیان، ئەمەش ئەرزشێکی وای دروست کرد کە ناسنامەی هاووڵاتیبوونی زۆربەی کوردی فەیلی لێیان وەرگیرایەوە و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردن و ژمارەیەکی زۆری گەنجانی کوردی فەیلیش دەستگیر کران و دواتر ڕووبەڕووی کوشتن بوونەوە و تاوەکو ئێستاش ڕوفاتەکانیان دیار نیین.

*** باس لەوە دەکرێت کە کوردی فەیلی نزیک بوون لە مەلا مستەفا بارزانی ڕابەری نەتەوەیی کورد، ئایا تا چ ڕادەیەك کوردی فەیلی ڕۆڵی کارایان لە شۆڕشی ئەیلوول هەبوو؟**

- کوردی فەیلی کەسانی نیشتمانپەروەرن و بە درێژایی مێژوو بەرگریکارێکی سەرسەختی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان بوون. هەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و دواتر شۆڕشی گوڵان پاڵپشتی هەر دوو شۆڕشەکە بوون و شەهید و قوربانییەکی زۆریان داوە. کوردی فەیلی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور هاوکاریی ماددیی شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد، ڕادیۆی ئێزگەی دەنگی کوردستانیان بۆ شۆڕشی ئەیلوول گەیاندە چیاکان، تەنانەت کرێکار و حەماڵەکانی کوردی فەیلی کۆمەك و هاوکاریی داراییان پێشکەش بە شۆڕش کردووە، زۆر جاریش هاوکاریی خێزان و منداڵی شەهیدەکانیان کردووە. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا کوردی فەیلی ڕۆڵێکی گەورەیان لە پاڵپشتییکردنی مەرجەعە ئایینیەکان هەبوو، لەبەر ئەم ڕۆڵە نەتەوەییە و پاڵپشتیکردنی مەرجەعی مەزهەبەکەیان بەو شێوە دڕندەیە ماڵ و حاڵیان تاڵان کران و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردن.

*** بۆچی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دامەزرانی عێراقی نوێ، بارودۆخی کوردی فەیلی هەر بە خراپی و پەرتەوازەیی مایەوە و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی نەکران؟**

- لە دوای ٢٠٠٣ کوردی فەیلی دڵخۆش بوون و ئومێدیان زۆر بوو قەرەبوو بکرێنەوە و بەشێك لە مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە. بەداخەوە وا دەرنەچوو، هەموو حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ڕاستگۆ نەبوون و ڕۆڵ و پێگەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییان بۆ کوردی فەیلی نەگەڕاندەوە. هەرچەندە چەندین بڕیاری دادگای تاوانەکانی عێراق و پەرلەمان و حکومەت هەبوو، بەڵام ئەمەش بەپێی خواست و ویستی کوردی فەیلی نەبوو. بۆ نموونە یاسای ژمارە ١٣ی ٢٠١٠ی تایبەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەی موڵکداری کوردی فەیلی هەیە، بەڵام تا ئێستا نیوەی موڵکە داگیرکراوەکان و پارە و موڵکیان قەرەبوو نەکراونەتەوە، بە سەدان هەزار دۆسێی کوردی فەیلی لەسەر ڕەفەکان ماوەتەوە و هەمووساڵێك بە بیانووی ئەوەی بودجە بەش ناکات و کورتهێنان هەیە، قەرەبووکردنەوەکە جێبەجێ ناکرێت، تەنانەت لە یاسای کۆچ و کۆچپێکراوەکانیشدا کە لەسەر ئەو بنەمایە دەرچووە، قەرەبووی کوردی فەیلی بکرێتەوە لەساڵانی ئاوارەبوون و دەرکردنیان، کەچی ئەم یاسایەش وەکو یاسا و بڕیارەکانی دیکە بە

**بەداخەوە توندوتیژی و خوێن و کوشتار، جێگای دەقە پیرۆزەکانی پێکەوە ژیان و ئاشتی و لێبوردەیی گرتووەتەوە**

**ڕژێمی بەعس بە کوشتار و خوێنڕێژی هاتە سەر حوکم، بەردەوامیش ڕق و کین و ترسی بەرانبەر کوردی فەیلی هەبووە، بەتایبەتی لە بەغدا**

**کوردی فەیلی کەسانی نیشتمانپەروەرن و بە درێژایی مێژوو بەرگریکارێکی سەرسەختی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان بوون**

**کوردی فەیلی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور هاوکاریی ماددیی شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد، تەنانەت ڕادیۆی ئێزگەی دەنگی کوردستانیان بۆ شۆڕشی ئەیلوول گەیاندە چیاکان**

مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، تەنانەت لە حەوت ئۆردوگای ئێرانی کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری کوردی فەیلی لەوێن، بۆ نموونە کۆمەڵگەکانی (زێوە، دیلزە، ئەنسار، جەهرۆم، ئەزنە و.. تادوایی) تاکو ئێستاش ژمارەیەکی زۆری خێزانە کوردی فەیلی نەگەڕاونەتەوە عێراق، لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی عێراقییان نییە.

*** زۆر باسی کەیسی گەنجانی کوردی فەیلی دەکرێت. بۆچی لە ڕووی قەرەبووی زیندانیکراوەکان و دۆزینەوە و هەڵدانەوەی ڕوفاتی گۆڕەبەکۆمەڵەکانەوە بۆ کوردی فەیلی هیچی وا نەکراوە؟ ئایا ئەمەش بۆ نەبوونی بودجە دەگەڕێتەوە؟**

- گەڕان و دەرهێنانەوەی ڕوفاتی گەنجەکانی کوردی فەیلی بەپێی پێویست کاری بۆ نەکراوە، تەنانەت یاسای زیندانیانی سیاسی بە هاوشانی زیندانیانی ڕەفحای دوای ساڵی ١٩٩١ گرنگی پێ نەدراوە، لە کاتێکدا زیندانیانی ڕەفحا ئەوانە سەربازی عێراق بوون و بە ئازادانە خۆیان تەسلیمی هێزەکانی هاوپەیمانان کرد و ڕوویان لە هەندەران کرد، کەچی کوردی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە و گەنجەکانیان بێسەروشوێن کران، کەچی بە هاوشێوەی ئەوان قەرەبوو نەکرانەوە، زۆربەشیان تاکو ئێستا بە بێ ڕەگەزنامەی عێراقی ماونەتەوە و لەبەر ڕۆتین و نامتمانەیی بە دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق لە وڵاتانی هەندەران نەگەڕاونەتەوە، بە شێوەیەکی گشتی هەر دوو یاسای شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بەرانبەر کوردی فەیلی کەمتەرخەمیی لە ڕادەبەدەری هەیە، ئیتر چۆن بەرانبەر دەرهێنانی ڕوفاتی شەهیدەکانی کوردی فەیلی کەمتەرخەم نابن.

*** زۆر جار باسی تەعریبکردنی ناوچەکانی کوردی فەیلی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە کراوە. ئایا ئێستاش ئەو شاڵاوی تەعریبکردنە بەردەوامە؟**

- لە بەدرە و زورباتییە و دیالە و زۆر ناوچەی دیکە دیموگرافیای ئەم ناوچانە گۆڕاون و تەعریبکردن بەردەوامە، زۆر لە هۆزە عەرەبەکان باخ و ڕەزە و خاکەکەیان وەرگرتووە، تەنانەت لە کاتی وەرگرتنی قەرەبووش بۆ کوردی فەیلی زۆر کەم بووە، کوتلەکانی کوردی فەیلی لەناو حزبە عێراقییەکاندا ڕۆڵێکی لاوازیان هەیە، سەیرە لەلایەن زۆرینەی عەرەبی سوننە و شیعەوە دژایەتی توندی کوردی فەیلی دەکرێت، چونکە ئەوان موڵکەکانی کوردی فەیلییان داگیر کردووە، ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلییش تێکەڵ بە حزب و بەرژەوەندیی تەسکی حزبی بوون و بە ناچاری خۆیان کردووە بە عەرەب. دەسەڵاتدارانی عێراق کاریان بۆ مەزهەبگەرایی کردووە، بەتایبەتی بە هۆی دەستتێوەردانی دەرەکی کە میلیشیا چەکدارەکانیان دروست کرد و مەزهەبگەراییان زاڵ کرد، بۆیە پێکەوە ژیان ڕووی لە پاشاکشە کردووە. ئەی ئەوە نییە شیعەکان ڕوو لە فلانە دەوڵەت دەکەن و سوننەکانیش بە هەمان شێوە ڕوو لە وڵاتانی عەرەبی دەکەن، ئەمەش هەمووی دواجار کاریگەریی خراپی لەسەر دۆخی کوردی فەیلی هەبووە.

*** لەناو ئەم بارودۆخە مەزهەبگەراییە و پەراوێزخستنی پێکەوە ژیان و کوردی فەیلی ئایا پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی چیتر کوردی فەیلی لە عێراق پەراوێز نەخرێت؟**

- لە ٢٠٠٥ و ٢٠٢٣ دوو کۆنفرانس لە هەولێر بۆ کوردی فەیلی لەژێر سەرپەرشتیی برای گەورە و پاڵپشتی کوردی فەیلی «مسعود بارزانی» بەڕێوە چوو، کە تێیدا ژمارەیەك پێشنیار و ڕاسپاردەی لەخۆ گرتبوو، بەداخەوە هەنگاوی کرداری بۆ هیچ لەم پێشنیار و ڕاسپاردانە نەنراوە، کە گرنگترین ڕاسپاردەکان دامەزراندنی لێژنەیەك، یان مەکتەبێکی پەیوەندیدار بە بارودۆخی کوردی فەیلی بوو، لە عێراقیش بە هیچ شێوەیەك دەستپێشخەری نییە بۆ گەڕانەوەی مافی کوردی فەیلی، ئەمە وێڕای ئەوەی ٧٠ بڕیاری تایبەت بە مافەکانی کوردی فەیلی دەرچووە، هەر لە پێدانی دەرەجەی وەزیفی و کورسیی خوێندنی باڵا و حەج و عەمرە و گەڕانەوەی ڕەگەزنامە و قەرەبووی قوربانییەکان و مافە سیاسییەکان و ...هتد. بەداخەوە کوردی فەیلی تەنیا یەك کورسیی نوێنەرایەتییان لە پەرلەمانی عێراق و دوو کورسی لە ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا و واسیت هەیە، بەم شێوەیە حکومەتی عێراقی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان مافەکانی کوردی فەیلییان پەراوێز خستووە.

**یاسای ژمارە ١٣ی ٢٠١٠ی تایبەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەی موڵکداری کوردی فەیلی هەیە، بەڵام تا ئێستا نیوەی موڵکە داگیرکراوەکان و پارە و موڵکیان قەرەبوو نەکرانەتەوە**

**تاکو ئێستاش ژمارەیەکی زۆری خێزانە کوردی فەیلی نەگەڕاونەتەوە عێراق، لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی عێراقییان نییە**

**لەلایەن زۆرینەی عەرەبی سوننە و شیعەوە دژایەتی توندی کوردی فەیلی دەکرێت، چونکە ئەوان موڵکەکانی کوردی فەیلییان داگیر کردووە**

**دەسەڵاتدارانی عێراق کاریان بۆ مەزهەبگەرایی کردووە، بەتایبەتی بە هۆی دەستتێوەردانی دەرەکی کە میلیشیا چەکدارەکانیان دروست کرد و مەزهەبگەراییان زاڵ کرد، بۆیە پێکەوە ژیان ڕووی لە پاشاکشە کردووە**

**ئەحمەد نەبی ئیسماعیل**

بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو بۆ گوڵان:

# لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە بڕی زیاتر لە ٨ ملیار دینار پرۆژە لە ناحیەی دارەتوو جێبەجێ کراوە



# دارەتوو پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی گشتیی قەرەوێڵەیی هەیە

## پۆندێک لە نزیک باغەمرە لەژێر جێبەجێکردنە و دووانی دیکەی دیزاینیان تەواو بووە و بەم نزیکانە دەست بە جێبەجێکردنیان دەکرێت

**دارەتوو لە ساڵی ٢٠٠٢ وەك ناحیە دامەزراوە و ١٨ گوند لەخۆ دەگرێت. لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن رژێمی بەعسەوە سەرجەم ئەو گوندانەی تێك درابوون، خەڵکەکەی بەرەو کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان راگوێزرارابوونەوە. ئێستاش لەبەر خێرا فراوانبوونی سەنتەری ناحیەکە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانەکەی و لەبەر نزیکی لە شاری هەولێرەوە، پێویستی بەوە هەیە ژمارەیەکی زیاتر لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی تێدا ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی پرۆژەی ئاوی خواردنەوە کە بە هۆی گۆڕانکاریی کەشوهەوا و هەڵکشانی خواست لەسەر ئاوی خواردنەوە، کێشەی کەم ئاوی تێیدا سەری هەڵداوە. گۆڤاری گوڵان لەم دیدارەدا گرنگترینی ئەو پرۆژانە دەخاتەڕوو کە لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ ناحیەی دارەتوو جێبەجێ کراون، هاوکات گرنگترین پێداویستی و داواکارییەکانی خەڵکەکەش لەسەر زاری ئەحمەد نەبی ئیسماعیل بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو دەخەینە ڕوو.**

*** دارەتوو بەو پێیەی نزیکە لە سەنتەری ناو شاری هەولێرەوە تا دێت ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاد دەکات، وەکو بەڕێوەبەری ناحیەکە دەکرێت لەسەر زاری ئێوەوە بزانین گرنگترینی ئەو پرۆژانە چین کە لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دارەتوو جێبەجێ کراون؟**

- دارەتوو بە شێوەیەکی زۆر خێرا فراوان و قەرەباڵغ دەبێت، بە ڕاددەیەك بەردەوام پێویستی بە پرۆژە و کاری نوێ هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی سنووری ناحیەکە فراوانە و زیاتر لە ١٨ گوند لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا من کە لە ساڵی ٢٠٢٢ وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو دەستبەکار بووم، لەم ماوە کورتەدا و تەنیا لە دوو ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری و پەروەردە و تەندروستی جێبەجێ کراون، لە بوارەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و پەروەردە و ئاودێری و ڕێگەوبان و شارەوانی، لە ساڵی ٢٠٢٣ بە بڕی زیاتر لە سێ ملیار دینار ٥٦ پرۆژەی جۆراوجۆر لە دارەتوو ئەنجام

دراون، ئەم پرۆژانەش بوارەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و ئاودێری و کارەبا و شارەوانی لەخۆ دەگرێت.

لە ئەمساڵیشدا کۆمەڵێك پرۆژەی گرنگی دیکەمان بۆ جێبەجێ کرا، کە هەندێکی لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانییە و هەندێکیشیان لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێرە، بە تێکڕای بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو پرۆژانە ساڵی ٢٠٢٤ زیاتر لە پێنج ملیار دینارە کە هەندێك لە پرۆژەکان تەواو کراون و هەندێکیشیان لەژێر جێبەجێکردندان، پرۆژەکانیش بریتین لە بەدووسایدکردنی سێ شەقام، کە یەکێکیان شەقامی دوو سایدی گەڕەکی ژینە و دوو سایدی دووەم لە ناوچەی پیشەسازی بۆ دارەتووی نوێیە و سێیەم ڕێگە لەو دوو سایدانە دەکەوێتە نزیك فەرمانگەی کارەبای دارەتوو، هەرسێ پرۆژەی ئەو دوو سایدانە لەژێر جێبەجێکردنن و بودجەکانیشیان لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و پەرەپێدانی پارێزگاوە تەرخان کراوە، ئەو کار و پرۆژانەی ئاماژەمان پێ دا، هەر هەمووی لە بەرنامە و پلانی ساڵی ڕابردوو بوون، هەروەها بۆ بەرنامە و پلانی ساڵی ٢٠٢٤ چەندین پرۆژەمان لە بوارەکانی ئاوەڕۆ و کارەبا و ئاو خراوەتە پلان و بەرنامەی کارکردنەوە، کە پلانی پرۆژەکان بە بڕی چوار ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینارە، کە ئەو پلانەشمان لەلایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەکو شارەوانی و پارێزگاری هەولێر ڕەزامەندییان لەسەر دراوە.

*** بەو پێیەی دارەتوو جگە لەوەی نزیکە لە ناو سەنتەری شاری هەولێرەوە، هاوکات بە شێوەیەکی زۆر خێرا فراوان دەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ئەم پرۆژانەی ڕێگەوبان و دروستکردنی شەقامە نێوخۆییەکان بۆ دانیشتووانی ناحیەکە گرنگن؟**

- بەپێی توانای بەردەست بەڕێوەبەرایەتییەکانمان کەمتەرخەم نەبوون لە دروستکردنی ڕێگەوبان و شەقامەکان، هەر وەکو ئاماژەم پێ دا، تەنیا لەم ساڵی ٢٠٢٤ سێ شەقام و ڕێگەی گرنگ و ستراتیژی لە سەنتەری ناحیەی دارەتوو لە ژێر جێبەجێکردندان، کە بە تەواوبوونی ئەو سێ شەقامە دوو سایدە جگە لەوەی ئاسانکارییەکی زۆر و تەواو بۆ هاتووچۆ دەستەبەر دەبێت، هەروەها جوانییەکی زۆر و هاوچەرخ بە گەڕەك و سەنتەری ناحیەکە دەبەخشێت. هاوکات لەو چەند ساڵەی ڕابردوو و لە ئەمساڵیشدا لە چەندین گەڕەك و کۆڵانی ناو سەنتەری شارۆچکەکە کار و پرۆژەی قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردن جێبەجێ کراون. دەتوانم بڵێم کەم گەڕەك و شوێن لە سەنتەری ناحیە و گوندەکانی سنوورەکەدا ماوە کە شەقام و کۆڵان و ڕێگەکانیان قیرتاو نەکرابێتەوە، هەروەها ڕێگەیەکی یەك ساید لە دارەتووەوە بۆ باغەمنارەی شەهاب بە شێوەیەکی زۆر جوان و هاوچەرخ دروست کراوە، ئەو ڕێگەیەش بووەتە جوانکاری و ئاسانکارییەکی باش بۆ هاووڵاتیانی ناحیەکە دەکات.

*** بەپێی هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووانی ناحیەکەتان بێت، پێداویستی و داواکارییەکانی دروستکردنی بینایەی قوتابخانەکان زیادی کردووە. ئایا لەم بوارەوە وەزارەتی پەروەردە چ پرۆژەیەکی نوێی لە دارەتوو جێبەجێ کردووە؟**

- تا دێت ژمارەی قوتابیان زیاد دەکات و قوتابخانەکان قەڵەباڵغ دەبن، بۆ نموونە لە گەڕەکی ژین جگە لەوەی گەڕەکێکی فراوان و تازەیە و خەڵکەکەی زۆربەی گوزەرانیان مامناوەندە و ژمارەیەکی زۆر قوتابییان هەیە، لە ساڵی ٢٠٢٢ قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلییان بۆ چووە قۆناغی جێبەجێکردن و لە ساڵی ٢٠٢٣ کارکردن تێیدا کۆتایی هات، لە ئێستادا پرۆسەی خوێندن تێدا دەستی پێ کردووە و چووەتە خزمەتی خەڵك و هاووڵاتیانی گەڕەکەکە، بە شێوەیەکی گشتی لە کەرتی پەروەردە و دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بینایەی قوتابخانەکاندا کاری باش کراوە، ئەوەتا تەنیا لە دروستکردنی ئەو قوتابخانە هاوچەرخ و گەورەیەدا دوو ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە و، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەکانیش نۆژەن کرانەوە، بەمەش لە بواری پەروەردە و بینایەی قوتابخانەکاندا کێشە و گرفتەکانمان کەمی کردووە.

**لە ئەمساڵدا زیاتر لە ملیارێك دینار بۆ لێدانی بیر و قووڵکردنی بیرە کۆنەکان و چاککردنەوەی تۆڕی ئاوی خواردنەوە خەرج کراوە**

**لە ساڵی ٢٠٢٣ بە بڕی زیاتر لە سێ ملیار دینار ٥٦ پرۆژەی جۆراوجۆر لە دارەتوو ئەنجام دراون**

**کەم گەڕەك و شوێن لە سەنتەری ناحیە و گوندەکانی سنوورەکەدا ماوە کە شەقام و کۆڵان و ڕێگەکانیان قیرتاو نەکرابێتەوە**

**تەنیا لە دروستکردنی ئەو قوتابخانە هاوچەرخ و گەورەیەدا دوو ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە و، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەکانیش نۆژەن کرانەوە**

*** ئەی سەبارەت بە کەرتی تەندروستی ئایا تا چ رادەیەك ئەم کەرتە بەپێی هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووانی ناحیەکەتانە و پێویستیتان بە چی هەیە؟**

- وەکو دەبینین رۆژ لە دوای رۆژ ناحیەکە بەرفراوانتر دەبێت و ژمارەی دانیشتووانەکەشی زیاد دەکات، ئەمە وا دەکات کە لە رووی کەرتی تەندروستییەوە داوکاری و پێداویستیی زیاتر هەبێت. لە ئێستادا لە سەنتەری ناحیەکەدا دوو بنکەی تەندروستیی باشمان هەیە، کە بنکەی تەندروستیی خواکورك (٢٤) کاتژمێر لە خزمەتی نەخۆش و خەڵکەکەدایە، لە لایەکی دیکەوە هەرچەندە ناحیەی دارەتوو لە ناوەندی شاری هەولێر نزیکە، بەڵام هەر پێویستیمان بە نەخۆشخانەیەکی گشتی و فریاکەوتن هەیە.

*** وەکو دەزانین سنووری دارەتوو بە سەنتەری شارۆچکەکەشەوە چەندین کەند و بەستی پێدا تێپەڕ دەبێت، ئەم شوێنانە لە وەرزی باراناویدا و زستاندا هۆکاربوون بۆ دروستبوونی لافاو، چیتان بۆ ئەو بەست و شوێنانە کردووە تاوەکو نەبنە هۆکاری زیانەکانی لافاو؟**

- بۆ ئەو بەست و کەندانەی کە کاریگەریی زۆریان بۆ لافاو هەیە لە سنوورەکەدا لایەنی پەیوەندیدار لە رێگەی بەربەست و تونێل و ئاوەڕۆوە کار و پرۆژەی باش و گرنگیان بۆ ئەنجام داوە، کە ئەو کارانە دەبنە هۆی ئەوەی کە جارێکی دیکە لەو شوێن و سنوورانەدا لافاو روو نەدات. ئەو برە ئاوانەی لەو کەند و بەستانەدا لە رێگەی پرۆژەکانەوە گل دەدرێتەوە، یان دەست دەکەوێت، دەتوانرێت بۆ کاری ئاودێری لە سنوورەکەدا سوودی لێ وەربگیرێت.

*** ئەو سنوورەی دارەتوو چەندین شوێنی هەیە کە گونجاوە بۆ پۆند و بەنداوی بچووك کە جگە لەوەی بۆ دەوڵەمەندبوونی ئاوی ژێرزەوی پێویستە، هاوکات بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵیش گرنگیی زۆریان هەیە. ئایا پرۆژەی بەنداو لە دارەتوو جێبەجێ کراوە؟**

- لە سنووری ناحیەی دارەتوو بەنداوێکی بچووك یان پۆندێك لەسەر کەندی گردیش کە لە گوندی باغەمرە نزیکە، لەژێر جێبەجێکردنە، کە بۆ گلدانەوەی ئاو و زیادبوونی ئاوی ژێر زەوی و پاراستنی ناوچەکە لە لافاو زۆر گرنگ و پێویستە، لە گوندی هەڵەجە و بیستانەش دوو پۆنتی دیکە بڕیارە دروست بکرێن، کە ئێستا دیزاین و رێکارە هونەری و داراییەکانی تەواو بووە، لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا هەردوو پرۆژە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** وەك باس دەکرێت بە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوییەوە رووبەڕووی کێشەی کەم ئاوی بوونەتەوە، ئایا تا چەند توانیوتانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن؟**

- لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەویدا کێشەکانی کەم ئاوی لە تەواوی سنوورەکەماندا زیادی کردووە، بەتایبەتی کە ئاوی ژێر زەوی ئاستەکەی زۆر دابەزیوە و بیرەکانی ئاوی خواردنەوە وشکیان کردووە، بەڵام ئێمە و لایەنی پەیوەندیداری وەکو وەزارەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر و دەوروبەر و فەرمانگەی ئاوی دارەتوو دەستەوەستان رانەوەستاوین، بەڵکو بەپێی ئەو بەرنامە و پلانانەی کە لە کابینەی نۆیەمدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، کە دەبێت بەو پەڕی هێز و تواناوە کار بۆ خزمەتگوزاریی هاووڵاتیان بکرێت، لەم سۆنگەیەوە هەر بیرێك ئاوی کەمی کردبێت، ئەوە بۆڕی بۆ قووڵایی زیاتر بۆ زیاد کراوە و ئەو بیرانەشی کە بە تەواوی وشکیان کردووە، ئەوە بیری بەدیلیان بۆ لێدراوە. هەر لەو بارەوە ئەمساڵ سێ بیری ئاوی خواردنەوە لە ناو سەنتەری ناحیەی دارەتوو هەڵکەندراوە و لە ئێستادا دوو بیریش لە باغەمنارەی شەهاب لێ دەدرێت، لەو شوێنانەی کە پێویست بێت تۆڕی دابەشکردنی ئاویان بۆ زیاد بکرێت، یان تۆڕەکە بە تەواوی بگۆڕدرێت، کارمان بۆی کردووە، لە زۆر شوێنیش بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری کێشەکە توانیومانە لە رێگەی تانکەرەوە ئاوی خواردنەوە بگەیەنینە هاووڵاتیانی ئەو گەڕەك و کۆڵان و ماڵانەی پێویستیان بووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوە لە ناحیەکە و سنوورەکە زیاتر لە ملیارێك دینار خەرج کراوە.

بنکەی تەندروستیی خواکورك (٢٤) کاتژمێر لە خزمەتی نەخۆش و خەڵکەکەدایە

بۆ ئەو بەست و کەندانەی کە کاریگەریی زۆریان بۆ لافاو هەیە لە سنوورەکەدا لایەنی پەیوەندیدار لە رێگەی بەربەست و تونێل و ئاوەڕۆوە کار و پرۆژەی باش و گرنگیان بۆ ئەنجام داوە

لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەویدا کێشەکانی کەم ئاوی لە تەواوی سنوورەکەماندا زیادی کردووە

هەر بیرێك ئاوی کەمی کردبێت، ئەوە بۆڕی بۆ قووڵایی زیاتر بۆ زیاد کراوە و ئەو بیرانەشی کە بە تەواوی وشکیان کردووە، ئەوە بیری بەدیلیان بۆ لێدراوە



**نەرمین سندی**

ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان:

# خێزان و پارتی وایان پەروەردە کردووم، کە هەر کارێکم پێ بسپێرن، بەوپەڕی دڵسۆزی و تواناوە ئەنجامی دەدەم

نەرمین سندی، ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، میدیاکارێکی بەتوانا و کارامەیە و پێشتر بەڕێوەبەری ڕادیۆی زین (سەر بە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان) بووە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشك دەخاتە سەر ئاریشە و توانا و کارامەییەکانی ئافرەتانی میدیاکار، بەتایبەتی خانمانی سیاسەتکار و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** سەرەتا ئەگەر لەو خاڵەوە پرسیارت لێ بکەین، تۆ هەم خانمێکی ڕاگەیاندنکار بوویت و هەمیش سیاسەتمەدار. ئایا لە سیاسەتەوە هاتیتە ناو ڕاگەیاندن، یان لە ڕاگەیاندنەوە چوویتە ناو سیاسەت؟**

- لە ڕاستیدا هەر کە چاوم بە دونیا هەڵێناوە، من لە نێو بنەماڵەیەکی کوردپەوەری خەباتکار پەروەردە بووم. دڵسۆزی و خزمەتی بنەماڵەکەمان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، وای لێکردم هەر لە منداڵییەوە حەزی خزمەتکردن لە دڵمدا گەورە بێت. بۆیە هەر کە لە قۆناغی ناوەندی بووم لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان خزمەتم کردووە و کە تەمەنم بوو بە ١٨ ساڵ بوومە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر لەو تەمەنەوە بە هۆی توانا و حەزم بۆ ڕاگەیاندن چوومە نێو ئەو بوارە و لەوێ زیاتر پەرەم بە تواناکانم و ڕۆشنبیری سیاسی و ئەکادیمیی خۆم دا. هەر لە سەرەتاشەوە بۆچوونم وابووە کە بوونی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا لە تەك بوارەکانی دیکە گرنگ و پێویستە .

*** ژینگەی سیاسەت بۆ خانمان قورسە، هەر بۆیە ژمارەیەکی کەم لە خانمان خۆیان لە کایەی سیاسیدا دەبیننەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی گرنگە خانمان ببنە سیاسەتمەدار؟ ئایا بەشداریی خانمان هیچ شتێك لە ئاراستەی سیاسی دەگۆڕێت، یان تەنیا دیکۆرن لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا؟**

- بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی دیار و ڕوونی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەم، کە لە بەشی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیاندا لە خاڵی سێیەم باس لە پێویستیی بەشداریی کارای ئافرەت لە کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و گشت بوارەکان دەکات و بە پێویستی زانیوە، بە پێی توانا و لێهاتوویی خۆیان ڕۆڵ و پێگەی شایستە بە خۆیان هەبێت. هەر بۆیە بە بڕوای تەواو بەو کارنامەیە و دیدگای خودی سەرۆکی حکومەت ڕێزدار مەسرور بارزانی بۆ ئەم تەوەرە کە هەمیشە پاڵپشت و خەمخۆری پرسی ئافرەت بووە و لای بەڕێزیان توانا و لێهاتوویی بە بێ جیاکاریی ڕەگەزی، ئامرازی خزمەتکردنی کوردستانە، بۆیە ئەوەی بەتوانا بێت، چ ئافرەت و چ پیاو توانیویەتی خزمەت پێشکەش بکات.

*** هەمیشە کۆمەڵێك ئاستەنگ ڕووبەڕووی خانمی سیاسەتمەدار دەبێتەوە، جیا لە ژینگە سیاسییەکە کە ژینگەیەکی پیاوسالارییە، لە هەمان کاتدا خانمان کۆمەڵێك پابەندبوونی خێزانی، وەك بەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ئەرکیماڵیان لەسەر شانە، چۆن خانمی سیاسەتمەدار ئەو ئاستەنگانە لەبەردەم خۆی لادەبات؟**

- ئافرەت بوون ئاسان نییە. ئافرەت ئەگەر بەرپرسیاریەتیی کاری دەرەوەشی لەسەر نەبێت و تەنیا ئافرەتی ماڵیش بێت، بەرپرسیاریەتییەکەی قورسە. هاوبەشی خێزان و هاوسەری و بوون بە دایك بۆ خۆی پیرۆزترین بەرپرسیاریەتییە و ئاسان نییە، بۆیە کاتێك ئافرەتێك سەرەڕای ئەو بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتییە، بەرپرسیاریەتیی کارکردن و خزمەتکردن و بەتایبەت لە بواری سیاسەتدا لە ئەستۆ دەگرێت، ئەمە تەحەددییەکی گەورەیە و زیاتر سوور دەبێت لەسەر سەرکەوتن تا تواناکانی خۆی بسەلمێنێت، چونکە ئەو کات شەڕی هاوسەنگی دەکات، (هاوسەنگکردنی بەرپرسیارێتیی خێزانی و پیشەیی)، بۆیە ئاسان نییە و پێویستە بە چاوی ڕێزی زۆرە خزمەتی ئەو جۆرە ئافرەتانە ببینرێن. هەیە بە هۆی ئەم ئەرکە قورسانەوە ڕەنگە نەتوانێت توانای بەشداریکردنی لە کاری پیشەییدا هەبێت و بەتایبەت لە بواری سیاسیدا، چونکە وەك خۆتان ئاماژەتان پێکرد، ژینگەکە زیاتر پیاوان هەوڵی بۆ دەدەن و کاری تێدا دەکەن و لە نێوان خۆیاندا پێشبڕکێ هەیە و بەرانبەر بە ئافرەتیش زیاترە و دەستەبەرکردنی بەشداریی کاریگەر و دادپەروەرانەی ئافرەتان لە ژیانی سیاسیدا و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییانە پێویستی بە هەوڵی هاوبەشی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە.

*** ژینگەی کاری ڕاگەیاندن بۆ خانمان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ژینگە سیاسییەکە نییە، لەوێش ئافرەتان تووشی ئاستەنگ و گێچەڵ دەبنەوە. ئایا تۆ ڕاگەیاندکارێکی بەئەزموون لەم بارەیەوە ڕات چییە؟**

- بەپێی ئەزموونی دوور و درێژم لە میدیا، دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە ژینگەی میدیایی بۆ ئافرەت زۆر جار ڕەنگدانەوەی ئەو تەحەددییانەن کە لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ڕەنگە تێکەڵبوونی پرسە فێمینیستییەکان و لایەنگرییە جێندەرییەکان کاریگەرییان هەبێت لەسەر چۆنیەتیی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەت لە میدیاکان و ئەو ئاستەی کە پێی دەگەن. لە ڕێگەی کاری ڕۆژنامەوانییەوە دەتوانرێت تیشك بخرێتە سەر ئەو بابەتانە و یەکسانی و نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی ئافرەتان لە میدیاکاندا بەرەوپێش بچێت.

*** ئێستا ڕاوێژکاری لە دیوانی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا لەوێش هەر کاری ڕاگەیاندن دەکەیت، یان کاری حکومڕانی، واتە ئێستا ئەرکی پێسپێردراوت چییە؟**

- هەم پەروەدەی خێزانی و هەم پەروەردەی پارتی، وا پەروەردەی کردووم، کە هەر کارێکم پێ بسپێرن، بەوپەڕی دڵسۆزی و تواناوە ئەنجامی دەدەم، ئێستاش کە لە نێو ئەنجومەنی وەزیران ڕاوێژکارم و جگە لە ڕاوێژ لە بواری ڕۆشنبیری و مەعریفی، هەر کارێکم پێ سپێرداربێت و پێم بسپێردرێت،لە پێناوی خزمەتکردن، پێشمەرگە ئاسا جێبەجێی دەکەم .

**دڵسۆزی و خزمەتی بنەماڵەکەمان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، وای لێکردم، هەر لە منداڵییەوە حەزی خزمەتکردن لە دڵمدا گەورە بێت**

**بە هۆی توانا و حەزم بۆ ڕاگەیاندن چوومە نێو ئەو بوارە و لەوێ زیاتر پەرەم بە تواناکانم و ڕۆشنبیری سیاسی و ئەکادیمیی خۆم دا**

**ئافرەت ئەگەر بەرپرسیاریەتیی کاری دەرەوەشی لەسەر نەبێت و تەنیا ئافرەتی ماڵیش بێت، بەرپرسیاریەتییەکەی قورسە**

**ژینگەکە زیاتر پیاوان هەوڵی بۆ دەدەن و کاری تێدا دەکەن و لە نێوان خۆیاندا پێشبڕکێ هەیە و بەرانبەر بە ئافرەتیش زیاترە**

**هەر کارێکم پێ سپێرداربێت و پێم بسپێردرێت،لە پێناوی خزمەتکردن، پێشمەرگە ئاسا جێبەجێی دەکەم**

ئەندازیار سۆما موحسین:

# خێزانەکەم پاڵپشتم بوون و دڵخۆش دەبوون کە کارم بۆ براندە گەورەکان دەکرد

سۆما موحسین، کچە گەنجێکی دیاری ناو سۆشیال میدیایە و لەو ڕێگەیەوە هەوڵی خۆپێگەیاندنی دەدات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەیەوێت وەک کچە کوردێک ببێتە یەکێک لە بەناوبانگترین ئانفلۆێنسەرەکان و وەک ئەندازیارێک خزمەتی وڵاتەکەی بکات. لە ئاخافتنێکیشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە جۆش و خرۆشی کارکردنی خۆی و ئامانجەکانی داهاتووی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سۆما موحسین، ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری هەولێر لەدایك بووە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی بیناسازییە و دانیشتووی هەولێرە و بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی و کارەکەی دەکات: «باوکم کەرکووکیە و دایکیشم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەندازیاری بیناسازیم تەواو کردووە لە هەولێر و لە ساڵی ٢٠١٧ ـەوە لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرامم، بەڵام ئەو کاتە زیاتر بینەرەکانم خەڵکی وڵاتی مالیزی و وڵاتانی دیکە بوون. بە هۆی خوێندنی قۆناغی ١٢ وازم هێنا. خوێندنی زانکۆم لە ساڵی ٢٠١٩ دەستم پێکرد و ڕۆژانەی خۆم لە زانکۆ و ژیانی ماڵەوەشم جۆرێك بوو، بەردەوام هەوڵم دەدا، بە هەرجۆرێك بێت، ڕوخسارێك بم بۆ ئەو کچانەی حەز دەکەن بخوێنن و لە پاڵیدا لەزەت لە چرکەکانی ژیانیان ببینن».

ئەو ئەندازیارە لە بارەی هۆکاری ڕووکردنی لە سۆشیال میدیا دەڵێت: «هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دڵخۆشی و پەرۆشییەی هەمە بۆ ژیان کە دەمەوێت نیشانی کچانی کوردی بدەم و دەست بکەن بە چێژبردن لە ژیانیان، ئەگەر لە هەر بازنەیەکی ژیان بن، واتە دەمەوێت کچان هەست بە ئازادیی خۆیان بکەن کە دەتوانن هەر کارێك بکەن، کە ئاواتی پێدەخوازن و دەیانەوێت تێیدا سەرکەوتوو بن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا بۆ بیرۆکەی کارکردنی پاڵپشت و هاندەری کێ بووە؟ گوتی: «پاڵپشتیکردنی خێزان هەمیشە باشترینە کە بە دڵنیاییەوە خێزانەکەم پاڵپشتم بوون و زۆربەی کات دڵخۆش دەبوون کە کارم بۆ براندە گەورەکان دەکرد وەك سامسۆنگ و براندەکانی دیکە، بەڵام هەمیشە سنوورێکی هەبووە، کە دەبوو ئەو سنوورە خێزانییە بپارێزم، کە نە زەرەر بە خۆم بگەیەنم و نە بە خێزانم، بۆیە دەمەوێت گەنجان هان بدەم، کە کارێکی وابکەن خێزانیان پاڵپشتیان بێت.

منیش وەك تاکێکی کاریگەر هەوڵ دەدەم کە ڕۆژانە کچی کورد دەربخەم و ئەو کەشە خۆشەی کە کچانی کورد هەیانە و ڕۆژانەی خۆم کە لە شوێنی کارەکەم وەك ئەندازیار چۆن بەڕێی دەکەم و ڤیدیۆکانم کە تێیدا هەوڵ دەدەم باس لەو قسانە بکەم کە زۆربەی کچەکانمان بەرنگاری دەبنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ئاگادارییەکیان هەبێت بۆ خۆیان لە بەرانبەر کەسەکان و قسەکان و کردەوەکانیان».

گوتیشی: «دەمەوێت وەك ڕوخساری کچە کوردێکی حیجاب بناسرێم لە وڵاتان و ببمە یەکێك لە بەناوبانگترین ئانفلۆێنسەرەکان وەك کچە کوردێك و وەك ئەندازیارێك بتوانم بەردەوام بم لە خزمەتکردنی وڵاتەکەم، چونکە وڵاتەکەم پێشەنگە بۆ هەنگاوەکانم و زۆر زۆریش بە کارەکەم دڵخۆشم، چونکە کاتێك قسە جوانەکانی کچەکانمان دەبینم کە زۆر شتی خۆیان گۆڕیوە و من بوومەتە هۆکارێك کە بتوانن لە ساتەکانی ژیانیان دڵخۆش بن، زیاتر دڵخۆشم دەکات، کاتێك دەبینم بەپەرۆشەوە سەیری کارەکانم دەکەن، وا بزانم دڵخۆشی من بەوانەوە لە ئێستادا پەیوەست بووە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە لە ئاخاوتنەکانت زۆر ستایشی کچان دەکەیت، ئایا لێرەوە چ پەیامێکت بۆیان هەیە؟ گوتی: «ئەم پرسیارەم زۆر بەدڵە، وەك بڵێی چاوەڕێی ئەم پرسیارە بووم. بۆیە دەڵێم: هاوڕێ جوانەکانم، کچە جوانەکانی وڵاتەکەم تۆی کچ خۆت بە تکایە بەو جۆرەی هەی خۆت قبووڵ بکە، بەو جوانییەی هەتە خۆت قبووڵ بکە. نازانم دایکی، یان خوێندکار، یان کارمەند، یان هیچیان. تەنیا دڵخۆش بە پەرە بە خۆت بدە و هەرگیز کۆڵ مەدە، چونکە کەس بیر لە تۆ ناکاتەوە، جگە خۆت. کەس لە پشتت نابێت جگە لە خۆت، کچی وڵاتەکەم تکایە هەوڵ بدە ژیانێکی شاهانە بۆ خۆت دروست بکەیت، کە تێیدا خۆت خانمی بیت».



**ئەندازیاری بیناسازیم تەواو کردووە لە هەولێر و لە ساڵی ٢٠١٧ ـەوە لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرامم**

**ئەو دڵخۆشی و پەرۆشییەی هەمە بۆ ژیان کە دەمەوێت نیشانی کچانی کوردی بدەم**

**دەمەوێت کچان هەست بە ئازادیی خۆیان بکەن کە دەتوانن هەر کارێك بکەن، کە ئاواتی پێدەخوازن و دەیانەوێت تێیدا سەرکەوتوو بن**

**دەمەوێت وەک ڕووخساری کچە کوردێکی حیجاب بناسرێم لە وڵاتان و ببمە یەکێک لە بەناوبانگترین ئانفلۆێنسەرەکان وەک کچە کوردێک**

**کچی وڵاتەکەم تکایە هەوڵ بدە ژیانێکی شاهانە بۆ خۆت دروست بکەیت، کە تێیدا خۆت خانمی بیت**

گەڵا یوسف:

# دڵخۆشم یارمەتیی کەسانێک دەدەم کە ئامانجی گەورەیان هەیە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەستیان بەرنادەم

زۆرجار ئافرەتان لە کۆمەڵگە نەریتییەکان بە نابەدڵ دەستبەرداری بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان دەبن و، لە کۆتاییشدا باجی قورس دەدەن. گەڵا یوسف کچێکی تەمەن ٤٦ ساڵەی دانیشتووی شاری کۆیەیە و لە ئێستادا لە یەکێك لە فەرمانگەکانی شاری کۆیە فەرمانبەرە و لە خانوویێکی بەکرێدا بە تەنیا ژیان دەکات. لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بە ناوێکی خوازراو پەردە لەسەر دیوە شاراوەکەی ژیانی لادەدات و بەمجۆرە باسی ڕابردووی ژیانی خۆی بۆ خوێنەران دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«من کچی بچووکی ماڵەوە بووم. خوشک و براکانم هاوسەرگیریان کرد و چوونە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، تەنیا من لەگەڵ دایک و باوکە پیرەکەم مامەوە، کاتێک گەیشتمە تەمەنی پێگەیشتن و دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی داخوازی و خوازبێنیکارم هەبوون، چەندین کەس هاتنە داوام، بەڵام هاوسەرگیریم نەکرد. تەنانەت لە سەردەمی خوێندنی زانکۆ و دوای تەواوکردنی خوێندنیش چەند کەسی دیکە پێشنیاری هاوسەرگیرییان بۆ کردم، کەچی بە هۆی تانەلێدانی خوشک و براکانم هەموو خوازبێنیکەرەکانم ڕەت دەکردنەوە، تەنانەت دایکیشم گاڵتەی بە کەسەکان دەکرد و دەیگوت: دیارە نانت لەسەر سێڵ سووتاوە، ئەوەندە پەلە پەل دەکەیت؟ دواجار کوڕێکی مامۆستا هاتە داوام، زۆرم بە دڵ بوو، بەڵام براکەم ڕێگری کرد و گوتی: ئەوە لە ئاستی ئێمەدا نییە. ساڵان هاتن و تێپەڕین و تەمەنم هەڵکشا. لەم ماوەیەدا باوکم نەخۆشییەکی سەختی گرت و من شەو و ڕۆژ لە ماڵ و لە نەخۆشخانە لەسەر سەری وەستابووم. چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی بمرێت، ڕۆژێک دەستی گرتم و بە زمانێکی پچڕ پچڕ پێی گوتم: کچە باشەکەم گەردنم ئازاد بکە. منیش دەستیم ماچ کرد و بە قوڕگی پڕ لە گریان پێم گوت: بابە گیان تۆ گەردنی من ئازاد بکە.

سەرەتا بابم و دواییش دایکمم لە دەست دا، ئەو خانووەی تێیدا دەژیایین، دوای چەند مانگێک لە کۆچی دایکم خوشک و براکانم کۆبوونەوە و گوتیان دەیفرۆشین و بەشی خۆمانمان دەوێت، زۆر دڵتەنگ بووم، پێم گوتن: ئەی من بە تەنیا بۆ کوێ بچم؟ پێیان گوتم: هەفتەی لای یەکێکمان بمێنەرەوە، تەنانەت یەکێک لە خوشکەکانم پێی گوتم: ئەگەر تۆش وەک ئێمە زوو هاوسەرگیریت بکردبا، ئێستا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانت دەژیایت و تەنیا نەدەبوویت، لە کاتێکدا هەر کاتێک خوازبێنیم دەهات گاڵتەیان بە کەسەکە دەکرد و جارێک دەیانگوت: لووتی زلە و جارێک دەیانگوت: سەری کەچەڵە و یان دەیانگوت: عەشایەر و دنیانەدیدەن. دواجار بە براکانم گوت من بەشە میراتی خۆم دەدەمە ئەو کەسە کە ڕێگەم بدات تاسەر لەگەڵیدا بمێنمەوە، بەڵام بێدەنگ بوون و خۆیان لەو باسە دزییەوە، لە کۆتاییدا خانووەکە فرۆشرا و منەتی کەسیانم هەڵنەگرت و خانوویێکم بە کرێ گرت، سەرەتا براکانم نارەزاییان دەربڕی و گوتیان ئابڕوومان دەچێت، تۆ بە تەنیا بژیت، بۆ یەکەمجار لە بەرانبەریان وەستامەوە و پێمگوتن ئیدی بە قسەی کەستان ناکەم، بەرژەوەندییەکانی خۆم لەکوێ بێت، شوێنیان دەکەوم، دواجار بڕیارێکی دروستم دا. ئەگەرچی زۆر درەنگیش بوو، بەڵام گرنگ وەکو ڕابردوو تەسلیم نەبووم و دەنگی کپکراوی ناخم هەڵبڕی، ئەمڕۆش تەمەنم خەریکە لە پەنجا ساڵی نزیک دەبێتەوە، ئەگەرچی نەمتوانی خانە و لانەیەکی گەرم بۆ خۆم دەستەبەر بکەم، بەڵام بەردەوام لە کاری خۆبەخشی بەشدار دەبم و دڵخۆشم یارمەتیی کەسانێک دەدەم کە ئامانجی گەورەیان هەیە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەستیان بەرنادەم.

**بە هۆی تانەلێدانی خوشک و براکانم هەموو خوازبێنیکەرەکانم ڕەت دەکردنەوە**

**بە براکانم گوت من بەشە میراتی خۆم دەدەمە ئەو کەسە کە ڕێگەم بدات تاسەر لەگەڵیدا بمێنمەوە، بەڵام بێدەنگ بوون و خۆیان لەو باسە دزییەوە**

**ئەگەرچی نەمتوانی خانە و لانەیەکی گەرم بۆ خۆم دەستەبەر بکەم، بەڵام بەردەوام لە کاری خۆبەخشی بەشدار دەبم**



### ئەفسانە ئەمینی نیا:

# مایەی شانازییە کە نموونەی کارەکانم وەک دیاری پێشکەش بە یادگەی بارزانی نەمر کردووە



ئەفسانە ڕەحیم مەولوود کە بە (ئەفسانە ئەمینی نیا) ناسراوە، خانمێکی پەنجەڕەنگینی دانیشتووی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە کاری دەستیدا داهێنانی تایبەتی کردووە، تابلۆکانی لە کەرەستەگەلێك دروست دەکات کە تێك ناچن. چەندین پیشانگایشی کردووەتەوە، کە دواترینیان لە ڕێکەوتی ١٧ی٦ی٢٠٢٤ لە هەولێری پایتەخت بووە. دەربارەی کاروچالاکییەکانی گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا



«سەرەتا زۆر سوپاسی پشتیوانیی بنەماڵەکەم دەکەم کە بە بەردەوامی پاڵپشتم بوون و هەوڵیان داوە وەك ئافرەتێکی خاوەن بەهرە ئاسانکاریم بۆ بکەن. ماوەی سێ ساڵە دەستم بە کاری زێرین کردووە، لەو ماوەیەش بە شێوازی ئۆنلاین هەوڵم داوە، کارەکەم بە کۆمەڵگە بناسێنم، لەو ڕێگەیەشەوە داهاتم هەبووە، بە پشتیوانیی خودا دەمەوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتریش پەرەی پێ بدەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە پێشوازیی هاووڵاتیان لە بەرهەمەکانی لە هەولێر چۆن بووە، گوتی: «پێشانگاکەی هەولێرم نەبووە بە جێگەی ئومێد، تەنیا ماندووبوونم بۆ مایەوە، بەڵام نموونەی کارەکانم وەك دیاری بە یادگەی بارزانی لە بارزان و بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هەولێر و بە چەندین کەسایەتی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد، ئەوەش مایەی دڵخۆشیمە و هیوادارم بەرهەمەکانی منیان پەسەند کردبێت».

تابلۆکانی ئەو خاتوونە بەهرەمەندە، مۆرکی نەتەوەییشیان پێوە دیارە، بۆیە ئەو پرسیارەمان ئاراستە کرد، کە ئایا لە ئێران ئەو کارە ڕێگەپێدراوە و دەتوانێت بە ئازادانە کارەکانی بکات؟ لە وەڵامدا گوتی:

«لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو ئێران هیچ ڕێگری و کێشەیەك بۆ ئەنجامدان و پێشکەوتن لەم کارەدا نییە، بەگشتی کارەکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشتر ناسراوە، پێشوازییەکی زیاتری لێ کراوە، بۆیە بەهۆی نەناسینی جۆری کارەکەم لە باشوور بەو ڕادەیە پێشوازیی لێ نەکرا، بەڵام سوپاس بۆ خودا هەوڵی ناساندنیم دا، تاڕادەیەك پشتیوانی لە بەرهەمە هونەرییەکانم باش بوو، هیوادارم باشتریش بێت».

سەبارەت بە پلانیشی بۆ داهاتوو گوتی:

«من دەمەوێت درێژە بە کارەکانم و هونەرەکەم بدەم، ئەگەر پشتیوانییش هەبێت، خێراتر دەگەمە ئامانجەکەم، ئەگەر نەشبوو، من ئیرادەم بۆ بەردەوامبوون و باشترکردنی کارەکانم زۆرە و بەردەوام دەبم».









# چاوخشاندنێک به (٧٧)ەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «لۆکاڕنۆ» له وڵاتی سویسرا

**حەفتا و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی لۆکاڕنۆ (Locarno) بە نمایشی فیلمی سینەمایی سێڵاو(Le Déluge) لە دەرهێنانی جیانلۆکا جۆدیس (Gianluca Jodice) سینەماکاری ئیتاڵی لە وڵاتی سویسرا دەستی پێکرد.**

فێستیڤاڵەکە گرنگیی بە سینەمای سەربەخۆی جیهانی دەدات و دوای فێستیڤاڵەکانی (کان، ڤێنیز و بەرلینالە) بە چوارەمین فێستیڤاڵی گرینگی دنیا دێتە ئەژمار کە بە سەرۆکایەتی خاتوو ماجا هۆفمەن و بەڕێوەبەریی هونەری و جیۆنا نازاڕۆ و بە بەشداریی بەرهەمی سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆر لە ڕۆژانی ٧ تا ١٧ی ئۆگۆستی ٢٠٢٤ لە شاری لۆکاڕنۆ لە وڵاتی سویسرا بەڕێوە چوو.

حەفتاو و حەوتەمین خولی ئەم ڕووداوە سینەماییە لە چەندین بەشی پێشبڕکێی، لەوانە (١٧ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی نێودەوڵەتی، ١٥ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی فیلمسازانی ئێستاکە، ٢٠ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی خەڵاتی لێتێربۆکسد پیاتزا گراندێ Letterboxd Piazza Grande، بەشی پێشبڕکێی پڵینگەکانی سبەی واتە؛ ٢٠ کورتە فیلم لە بەشی پێشبڕکێی نێونەتەوەیی، ١٠ کورتە فیلم لە بەشی پێشبڕکێی سینەمای نەتەوەیی سویسرا و ١٠ کورتە فیلم لە بەشی پێشبڕکێی Concor-



so Corti d›Autore، ١١ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی Fuori Concorso، ٧ بەڵگەفیلم لە بەشی پێشبڕکێی هەفتەی ڕەخنەگران Se-maine de la critique، هەروەها چەندین بەشی دەرەوەی پێشبڕکێ لەوانە؛ ١٧ فیلمی سینەمایی لە بەشی نمایشی دەرگا کراوەکان Open Doors Screenings، ٢٥ فیلمی سینەمایی لە بەشی مێژووی سینەمایی Histoire du Cinéma، ١٠ فیلمی سینەمایی لە بەشی پانۆرامای سویسرا Panorama Suisse و ١٤ فیلمی سینەمایی لە بەشی نمایشی منداڵانی لۆکارنۆ Locarno Kids Screenings ی لەخۆ گرتبوو.

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی فیلمسازانی ئێستاکە Concorso Cineasti del Presente کە بە یەکەمین و دووەمین فیلمی بڵیندی خۆیان لەم ڕووداوە سینەماییەدا ئامادەن، بریتی بوون لە: «سی.جی «فیری» ئۆباسی» C.J. «Fiery» Obasi دەرهێنەر لە وڵاتی نەیجیریا. سەرۆکی لێژنەی دادوەران، خاتوو لینا سوالم Lina Soualem فیلمساز و ئەکتەری فەرەنسی، فەڵەستینی ـ جەزائیری، هەروەها چارلز تێسۆن Charles Tesson ڕەخنەگر و نووسەر لە وڵاتی فەرەنسا.

**● ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی پڵینگەکانی سبەی**

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی پڵینگەکانی سبەی Pardi di domani لەم خولەی فێستیڤاڵدا بریتی بوون لە: خاتوو لیشیا ئێمینێنتی Licia Eminenti سیناریۆنووس و بەرنامەداڕێژ لە وڵاتی ئیتاڵیا، لازا ڕازاناجاتۆڤ Laza Razana-jatovo دەرهێنەر لە وڵاتی ماداگاسکا و هەروەها خاتوو ژولیێت شرامێک Juliette Schrameck بەرهەمهێنەر لە وڵاتی فەرەنسا.

**● ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی فیلمە یەکەمەکان**

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی فیلمە یەکەمەکان لە حەفتا و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی لۆکارنۆ، بریتی بوون لە: خەلیل بێنکیران Khalil Benkirane دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی مەغریب، خاتوو ئالما پۆیستی Alma Pöysti ئەکتەر لە وڵاتی فینلەندا و هەروەها خاتوو ئەسمە سکارۆنی Esmé Sciaroni دیزاینەری میکیاژ لە وڵاتانی سویسرا و ئیتاڵیا.

**● ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی «پاردۆ ڤێردە»**

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی پاردۆ ڤێردە Pardo Verde لەسەر بابەتی قەیرانی کەشوهەوا، بریتین لە: خاتوو کانتاراما گاهیگیری Kantarama Gahigiri هونەرمەند، نووسەر و دەرهێنەری سویسری، ڕواندایی، سێدریک سوچیڤالی Cédric Succivalli بەرنامەنووس و ڕەخنەگری فیلم لە وڵاتی فەرەنسا و هەروەها دانییل واینێر Daniel Wiener ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری هونەریی لە وڵاتی سویسرا.

**● خەڵاتی ئەمەنێک دەستکەوتی سینەمایی بۆ ئاڵفۆنسۆ کۆوارۆن**

بەرپرسانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی لۆکارنۆ بە پێشکەشکردنی خەڵاتی ئەمەنێک دەستکەوتی سینەمایی ڕێزیان لە ئاڵفۆنسۆ کۆوارۆن Alfonso Cuarón دەرهێنەری ناوداری سینەمای جیهان و هەڵگری ٥ خەڵاتی ئۆسکار گرت، ئەم ڕێوڕەسمە ڕۆژی یەکشەممە ١١ی ئۆگوستی ٢٠٢٤ لە گۆڕەپانی کراوە و گەورەی (پیاتزا گراندێ) لە شاری لۆکارنۆ بەڕێوەچوو کە زیاتر لە ٨ هەزار کەس تیایدا ئامادە بوون.




**● خەڵاتی فەخری پڵینگی زێڕین بۆ جێن کەمپیۆن**

جێن کەمپیۆن Jane Campion دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەری نیوزلەندی بە وەرگرتنی خەڵاتی فەخریی پڵینگی زێڕین لە لایەن ئەم فێستیڤاڵە گرینگ و پلە یەکەی سینەمای جیهان ڕێزی لێگیرا. ئەم ڕێوڕەسمە بە شکۆیە ڕۆژی هەینی ١٦ی ئابی ٢٠٢٤ لە گۆڕەپانی پیاتزا گراندێ بەڕێوە چوو.



## یەڵدا عەباسی:

# مۆسیقای کۆن و ڕەسەن لە خوێنمدایە



یەڵدا عەباسی لە دایکبووی شاری شێروان قوچانی خوراسانە، هەر لە منداڵییەوە دەنگێکی خۆشی هەبووە. یەڵدا لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بەشداریی لە نواندندا کردووە، دایکشی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کاری کردووە، هەرچەندە خوێندنی یەڵدا تا ڕادەیەك لە هونەرەوە دوورە، بەڵام توانیویەتی پەرە بە هونەرەکەی بدات و بە هاوکاریی دایکی، ببێت بە یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکان لە نێو کوردانی خوراساندا، کە جگە لە گۆرانیگوتن و ژەنیاری، لە نواندنیشدا جێدەستی دیارە.

یەڵدا خۆشەویستییەکی بێسنووری بۆ هونەر هەیە و لەم بارەوە دەڵێت: «مۆسیقای کۆن و ڕەسەن لە خوێنمدایە و من لەگەڵی ژیاوم، بۆیە لە نێو چەندین بواری دیکەدا بواری مۆسیقام هەڵبژارد، هەروەها هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە مۆسیقای دەفەرەکەم بپارێزم و پەرەی پێ بدەم، چونکە جەماوەری ئەم مۆسیقایە زۆرە لە نێو کوردانی خوراساندا و هونەرمەندانیش هەن کە خەبات دەکەن لەم پێناوەدا، هەروەها وەك کچێك سەرەڕای ئاستەنگەکان دەمەوێت ئەوە بسەلمێنم کە ئافرەتی کورد لە بواری هونەردا دەتوانن داهێنان بکەن و بە سەر ئاستەنگەکاندا زاڵ ببن و لەگەڵ هونەرمەندە مەزنەکاندا گۆرانی بڵێن، دەبێ ئەوەش باس بکەین کە زۆر لە ئافرەتان توانیویانە لەگەڵ گرووپە هونەرییەکاندا شان بە شانی پیاوان کاری مۆسیقا بە باشی ئەنجام بدەن و شوێن پەنجەیان دیارە».

سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری دەڵێت: «یەکەم ئەزموونی هونەریم لە تەمەنی پێنج ساڵی بوو، دواتر لە تەمەنی یازدە ساڵیدا و لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی بە توانا وەك ماجد ئەحمەد و هەردوو برا ڕەمەزان و مامۆستا فەرید ڕووم لە ژەنینی ئامێری دووتار کرد، ئێستا بەردەوامم لە ژەنینی ئەم ئامێرە و سوپاس بۆ خودا کە تێیدا سەرکەوتووم، لەمەشدا ڕۆڵی سەرەکی بۆ دایکم دەگەڕێتەوە، کە ڕێگەی پێنیشاندام و هاوکاریی کردم، تا ئێستاش بەردەوامە لە هاوکاریکردنم، هەروەها ناکرێ ڕۆڵی باوکیشم لە یاد بکەم».



### جاکلین فرناندێز:

# بۆلیۆد تاریکە و جیهانێکی پاک و بێگەرد نییە

خانمە ئەکتەری بۆڵیۆد جاکلین فرناندێز لە دیمانەیەکدا چەند نهێنییەکی ترسناکی تایبەت بە ژیانی هونەرمەندانی بۆڵیۆد ئاشکرا کرد، کە بۆ بەشێکی زۆر لە هەوادارانی بۆڵیۆد مایەی شۆك بوو، چونکە ئەمە یەکەمجارە ئەم نهێنییانە بزانن.

جاکلین فرناندێز لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەربارەی بۆڵیۆد گوتی: «داوام لێ کرا کە نەشتەرگەرییەکی جوانکاری بۆ لووتم ئەنجام بدەم، هەروەها پێویستە ناوی خۆیشم بگۆڕم بۆ مۆسکان، چونکە پێیان وابوو ناوم تا ڕاددەیەك سەیرە».

لەو دیمانەیەدا کە میوانەکان باس لە ژیانی تایبەتی خۆیان دەکەن، جاکلین بە وردی و ڕاشکاوانە باسی لەو ئاستەنگانە کرد کە سەرەتا هاتنە سەر ڕێگەی کاتێك بڕیاری دا ڕوو لە بۆلیۆد بکات، بۆیە دەڵێت: « ئەوەی بە ڕواڵەت لە بۆڵیۆد بڕوانێت پێی سەرسام دەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، من لەو بڕوایەدا نەبووم کە بۆڵیۆد بەم شێوەیە تاریکە، لە کاتێکدا لە ڕواڵەتدا وا نیشان دەدرێت کە جیهانێکی پاك و بێگەردە».

ئەو خانمە ئەکتەرەی بۆڵیۆد باس لەو پێشنیارە سەیرانە دەکات کە پێشکەشی دەکران و گۆڕینی ناو و نەشتەرگەریی لووت بە سەیرترینیان دەزانێت، لەو بارەشەوە دەڵێت: «بە وردی بیرم لە پێشنیارەکان دەکردەوە و پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد کە ئایا پێویستە ئەم کارانە ئەنجام بدەم؟ بەڵام بڕیارم دا کە هەر خۆم بم، بە گشتی هەستم بە شەرمەزاری دەکرد کە بیرم لەو پێشنیارانە دەکردەوە کە جێبەجێکردنیان بە تەواوەتی دەیگۆڕیم، تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرەکانی سینەمادا بگونجێت، بۆیە من بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبووم، چونکە من چۆنم خەڵك وا دەمناسێت، هەروەها هەر لە منداڵییەوە ئەو تایبەتمەندییەی کە لە ڕووخسارمدا زۆر خۆشم دەوێت، بریتی بووە لە لووتم، بۆیە ئەو کارە بەلاوە ئەستەم بوو».

ئایندە محەممەد

یاریزانی کاراتێی یانەی هەڵەبجە:

# هەر یاریزانێک خۆی ماندوو بکات و هەوڵی زۆر بدات ڕکابەرێکی باش دەبێت



لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان یارییە تاکییەکان گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت، یانەی هەڵەبجەش یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لەسەر ئاستی کچان، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش یەکێکن لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولە جۆراوجۆرەکان بەردەوام لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە یاریزانەبەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی هەڵەبجە و ماوەی پێنج ساڵە بەرگری لەم تیپە دەکات خاتوو (ئایندە محەممەد)ـە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٤ و ئێستاش بەردەوامە لە تیپی کاراتێ لە یانەی هەڵەبجە، جگە لە یاریکردن کاری ناوبژیوانیی ئەم یارییەش دەکات لە پاڵەوانێتییەکاندا، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد.

***چۆن بوو هاتیتە نێو جیهانی وەرزش؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیام بۆ وەرزش هەبووە و ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بێمە نێو دونیای وەرزشەوە.

***لە نێو ئەم هەموو وەرزشەدا چۆن بوو یاریی کاراتێت هەڵبژارد؟**

- زۆربەی وەرزشەکانم ئەنجام داوە، بەڵام کاراتێ یەکێکە لەو وەرزشانەی کە زۆرترین جووڵەی تێدایە، وەرزشێکە کە کەسانێکی کەم ڕووی تێدەکەن و جیاوازترە، بۆیە حەزێکی زۆرم بۆی هەبووە.

***هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە؟**

-بە بۆچوونی من هەر شتێك کە حەز و خولیا بێت ئەگەر قورسیش بێت لات ئاسان دەبێت و سەرکەوتن تێیدا ئاسان دەبێت.

***ئاستی یارییەکانی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-بەداخەوە خەمساردییەکی زۆر هەیە و پشتگوێ خراوە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

-پێویستە پاڵەوانێتی بکرێتەوە و هاوکاریی یانەکان بکرێت، ئەگەر بە بڕێکی مادیی کەمیش بێت.

***ڕاستە دەڵێن یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان لە یانەکانیاندا پشتگوێ خستووە؟**

-بەڵێ وای دەبینم، بەهۆی ئەوەی کەمترین هەلیان بۆ دەڕەخسێنن و پاڵەوانێتی کەم دەکرێتەوە.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

-دەمەوێت ببمە یاریزانێکی باش و مەشقی باشتر بکەم، هەروەها بوون بە داوەرێکی بەهێز و سەرکەوتوو. .

***سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

-بێگومان هەستێکی جیاواز و تایبەتە وات لێ دەکات زیاتر هەوڵ بدەیت و خۆت ماندوو بکەیت.

***کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانیت؟**

-هەر یاریزانێك کە خۆی ماندوو بکات و هەوڵی زۆر بدات، بێگومان ڕکابەرێکی باشت دەبێت.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هیوادارم بتوانم زیاتر پەرە بە تواناکانم بدەم و زیاتر بەشداریی پاڵەوانێتی بکەم.

***بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

-لە بەر ئەوەی کاراتێ وا ناسێندراوە کە وەرزشێکی قورسە بۆ ئافرەتان و زیانی هەیە، بەڵام وا نییە، جگە لەوەی کە سوودی زۆرە و بگرە هەندێك سوودی تێدا بەدی دەکرێت کە لە وەرزشەکانی دیکەدا نییە.

***هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

-نەخێر، ئەگەر گرێبەستیشم پێشکەش بکەن قبووڵی ناکەم و تەنیا خزمەت بە شار و یانەکەم دەکەم.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

-سەرەڕای ئەوەی کاراتێ وا پێشان دراوە کە زیاتر بۆ کوڕان دەبێت و کەم خێزان هەیە کچەکانیان بنێرنە ئەم جۆرە وەرزشە، بەڵام خێزانەکەم هەموو کات پاڵپشتم بوون و هانیان داوم بۆ بەردەوام بوون.

***ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە ؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان، سوپاس بۆ ڕاهێنەرەکەم کاپتن ئەیوب کەمال بۆ هەوڵ و ماندوو بوونی لەگەڵمان.



# یانەی برایتۆن گرانترین گرێبەستی تۆمارکرد



برایتۆن ئالبیۆن بە فەرمی جۆرجینیۆ ڕوتەر هێرشبەری لیدز یۆنایتدی گواستەوە.
برایتن لە بەیاننامەیەکیدا گرێبەستی ڕوتەری بۆ ماوەی پێنج ساڵ ڕاگەیاند بەبێ ئەوەی باسی وردەکاری دارایی گواستنەوەکە بکات.
ماڵپەری ئاژانسی ڕۆیتەرز بڵاویکردووە، ڕوتەر بووەتە گرانترین گواستنەوە لە مێژووی برایتۆن و بڕی گرێبەستەکەی گەیشتووەتە ٥١ ملیۆن دۆلار.
لە سەرەتای کردنەوەی بازاڕی گواستنەوەکانی یاریزانانادا برایتۆن چاوی لەسەر ڕوتەر ئەستێرەی فەڕەنسی دانابوو، بەڵام یانەی لیدز یۆنایتد ئامادەنەبوو دەستبەرداری ببێت کەچی هەفتەی ڕابردوو یانەی برایتۆن بڕی ٥٠ ملیۆن دۆلاری پێشکەشی لیدز یۆنایتد کرد ئەمەش مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی بوو.
ڕوتەر ساڵی ٢٠٢٣ لە یانەی هۆفنهایم بەبڕی ١٠ ملیۆن پاوەند پەیوەندی بە لیدز یۆنایتد روتەر ١١ یاری لە پرێمەرلیگ کرد و لە کۆتایی وەرزدا تیمەکەی دابەزییە خولی پلە یەکی.
لە وەرزی ڕابردوو، ڕوتەر بەشداری لە ٤٧ یاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کرد، حەوت گۆڵ و ١٥ ئەسیستی هەبوو.

# یاریزانێکی بەرازیلی دەچێتە خولی سعودی



یانەی ئەهلی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی بەڕازیلی مۆرکرد.
یانەی ئەهلی وەرزی ڕابردوو پلەی سێیەمی خولی سعودیای بەدەستهێنا و بۆ وەرزی نوێ بە ڕاهێنەرایەتی ماتیاس یایسلە هەوڵی گەڕانەوە بۆ ڕکابەرایەتی نازناوەکان دەکات.
لە پلاتفۆرمییە فەرمییەکانی یانەکە گواستنەوەی ئەلیکساندەری بەڕازیلی لە یانەی فلۆمینیزی ڕاگەیاند بە بری ١٠ ملیۆن دۆلار.
گرێبەستی یاریزانە بەرازیلیە ٢٠ساڵانەکە بۆ ماوەی سێ ساڵە لەگەڵ ئەگەری درێژکردنەوەی ساڵێک زیاتریش.
ئالیکساندەر لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و ئەم وەرزە لە ١٥ یاری بۆ یانە بەڕازیلیەکە خاوەنی ئەسیستێک بوو.



# یاریزانێکی سویدی هاوشانی عێراقییەک لە پریمێرلیگ یاری دەکات

ئیپسویچ تاون گرێبەستی لەگەڵ یێنس کایوستێ یاریزانی ناپۆلی مۆرکرد.
یانە ئیپسویچ تاون لەگەڵ ناپۆلی لەسەر گواستنەوەی کایوستێ بە خواستن تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە رێککەوتن.
یاریزانەکە تەمەنی ٢٥ ساڵە و خاوەنی ٢٣ یاری نێودەوڵەتییە لەگەڵ هەڵبژاردەی سوید لە وەرزی رابردوو ٢٦ یاری لەگەڵ ناپۆلی کرد.
کایوستێ لەگەڵ یانەی میتیلاندی دانیمارکی، نازناوی سوپەرلیگی دانیمارکی بەدەستهێنا پاشان پەیوەندی بە رێمسی فەرەنسی کرد.
کیران مەککێنا راهێنەری ئیپسویچ تاون بە گواستنەوەی کایوستێ زۆر گەشبینە گوتی: پرۆفایلێکی دیکە بۆ یانەکەمان زیادبوو و دەتوانێت بژاردەی زیاترمان پێبدات بە تایبەت هێڵی ناوەراستمان بەهێزتر دەکات.





# ئەتالآنتا بەردەوامە لە گواستنەوەی یاریزانان

ئەتالآنتا بەردەوامە لە گواستنەوەی یاریزان و بازارێکی باش بەرێدەکات لەم هاوینە.
یانە ئیتالییەکە تا ئێستا حەوت یاریزانی گواستووە.
یانەی ئەتالآنتا لەگەڵ تۆرینۆ گەیشتووە رێککەوتن بۆ گواستنەوەی یاریزان راول بێلانۆڤا.
تێچووی گواستنەوە کە ٢٠ ملیۆن یۆرۆیە لەگەڵ گۆرانکارییەکان و خودی یاریزانەکەش بە مەرجە کەسیەکان رازی بووە.
بێلانۆڤای تەمەن ٢٤ ساڵ لە بەرگری و باڵی راست یاریدەکات و وەرزی رابردوو لە ٣٧ یاری خولی ئیتاڵی توانی گۆڵێک و ٧ ئەسیست بکات.
یانەی ئەتالآنتا لە وەرزی رابردوو توانی پاڵەوانێتی یۆرۆپالیگ بباتەوە و چاویان لەوەیە ئەم وەرزە لەسەر ئاستی خولەکە و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا رکابەرێکی بەهێزبن.





# ئەیسەر قاسم چەندین گرێبەستی پێگەیشتووە

ئەیسەر قاسم ئەستێرەی کوردی یانەی دهۆك و یاریزانی داڵکوردی سویدی، ئەم وەرزە بۆ ماوەی شەش مانگ گرێبەستی لەگەڵ یانەی دهۆك مۆرکرد، لەگەڵ یانەی ناوبراویش توانی پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی یانەکانی ئاسیا بەدەست بهێنێت، ئەیسەر کوڕە کوردی ڕیزی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەم وەرزە بڕیاری داوە ڕیزی یانەکە جێ بهێڵێت. لەم بارەشەوە ئەیسەر قاسم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرێبەستی من بۆ شەش مانگ بوو لەگەڵ یانەی دهۆك، هۆکاری جێهێشتنی یانەکەشم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەلی یاریکردنی باشم پێ نەدراوە، چەندین گرێبەستم لە خولی یانە پلە نایابەکانی عێراقی بۆ هاتبوو، لە یانەکانی نەفتی وەسەت و جۆلا و چەندین یانەی دیکەش، بەڵام من ئارەزووی ئەوەم هەبوو لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی یاری بکەم، بۆیە گرێبەستی یانەی قاسمم پەسند کرد، گرێبەستەکەم بۆ ماوەی یەك وەرزە و دەمەوێ ئەم وەرزە لەگەڵ یانە تازەکەم بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و ئەوەی لە توانامدا بێت خزمەتی ئەو یانەیە بکەم».



# گۆڵکاری کوردستان چاوی لە ئەنجامی باشە لەگەڵ هەولێر

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر وەکو ئامادەکاری بۆ وەرزی نوێی خولی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی، دەستی بە جموجووڵ کردووە، بۆ ئەوەی تیپێکی پڕ لە یاریزانی ئەستێرەی کوردی لە تیپەکە کۆ بکاتەوە، سەمیر بابۆی ڕاهێنەری یانەی هەولێر ئەم وەرزە پلانی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی زۆرترین یاریزانی کورد لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. یادگار ئیبراهیمی یاریزانی یانەی سەید سادق و گۆڵکاری خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەم وەرزە بە فەرمی بووە یاریزانی یانەی هەولێر، لەبارەی هاتنی بۆ ڕیزی یانەی هەولێریش یادگار ئیبراهیم یاریزانی تازەی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «جگە لە یانەی هەولێر لە یانەی دهۆکیش گرێبەستم بۆ هاتبوو، جگە لەوە لە هیچ یانەیەکی دیکە گرێبەستم بۆ نەهاتووە، بۆیە یانەی هەولێریشم هەڵبژارد، بەوپێیەی گرنگیی زۆر بە یاریزانی کورد دەدرێت لەم یانەیە، ڕاهێنەر و کارگێڕیی یانەکە هەمووی کوردن، ئەوە بۆمن زۆر گونجاوە، لەو باوەڕەشدام دەرفەتی باشترم پێ دەدرێ لەلایەن ڕاهێنەری یانەی هەولێر، یانەی هەولێریش بۆمن دڵخۆشکەرە ئەوەی لە توانامدابێت پێشکەشی یانەی هەولێری دەکەم، بۆئەوەی بتوانم ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنم. یادگار ئیبراهیم لەگەڵ یانەی سەید سادق وەرزی ڕابردوو ١٨گۆڵی لە خولی نایابی کوردستان تۆمارکردووە.



# پاڵەوانێتیی هێزی بەرگریی بهاوێسی یانەکانی هەولێر بەڕێوەچوو

یەکێتی هێزی بەرگریی بهاوێسی عێراقی لقی هەولێر، هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی یانە و هۆڵە وەرزشییەکانی شاری هەولێر، ئەم پاڵەوانێتییە بە بەشداریی ١٢٠ یاریزانی یانە و هۆڵە بەشداربووەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوە چوو، لە پاڵەوانێتییەکەدا یاریزانە بەشداربووەکانی پاڵەوانێتییەکە کێبڕکێیان لە کێشە جیاوازەکاندا دەکرد بۆ بەدەستهێنانی مەدالیای پاڵەوانێتییەکە، لەم بارەشەوە مامۆستا دانا سەرپەرشتیاری پاڵەوانێتییەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو یارییە لە شاری هەولێر، هەڵساین بە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە، ئامانجمان پێشخستن و بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییەیە، ١٢٠ یاریزان لە سنووری پارێزگای هەولێر بەشداربوون و لە چەند کێشی جیاواز کێبڕکێیان دەکرد، بەهیوای ئەوەین بتوانین لە داهاتوودا کاری گەورەتر بکەین و زۆرترین پاڵەوانێتی ئەنجام بدەین، ئەنجامەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوون.

١-هەستی فاخیر٢٦کگم
٢-سام سەمیر ٣٦کگم
٣-هێدی نەریمان٤٦کگم
٤-هەردی نەریمان ٥٥کگم
٥-میلاد یاسین٥٨کگم
٦-ئاریت نیهاد٦٢کگم
٧-پەیوەند ئیسماعیل ٦١کگم
٨-عەبدولڕەحمان یاسین ٦٦کگم



# ١١ گرفتی تەندروستیی پەیوەست بە قەڵەوی

قەڵەوی Obesity حاڵەتێکی درێژخایەنە کە تێکڕای بارستایی لەش BMI دەگاتە ٣٠ کگم/مەتر٢ یان زیاتر. کێشی زیاد هۆکارە بۆ گەلێك گرفتی تەندروستی وەکو: زیادبوونی چەوریی جگەر کە خانەکانی جگەر تێك دەدات، ئەگەر زوو چارەنەکرێت ئەوا دەبێتە هۆی مۆمبوونی جگەر، سووانی جومگە O.A چونکە فشاری زۆر دەکەوێتە سەر جومگە و کڕکڕاگەکان، بەرزبوونەوەی کۆلیستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ بەرزدەکەنەوە، زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، زیادبوونی ڕێژەی ترشی یوریك لە لەشدا کە دەبێتە هۆی هەوکردنی جومگە Gout بەتایبەتی لە جومگەی پەنجەی گەورەی پێدا، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کە هاندەرە بۆ جەڵتەی مێشك، ڕەقبوونی خوێنبەرەکان کە هۆکارە بۆ ڕوودانی نۆرەی دڵ، نەخۆشیی گورچیلە، وەستانی کاتیی هەناسە لەکاتی خەودا، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە، وەك: شێرپەنجەی کۆڵۆن و گورچیلە و مەمك لە ئافرەتدا، هەروەها قەڵەوی لەکاتی دووگیانیدا هۆکارە بۆ: نەخۆشیی شەکرەی دووگیانی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری پێویستی بە نەشتەرگەریی قەیسەری.



# توێشکی برۆ

توێشکی برۆ Eyebrow dandruff وەکو توێشکی پێستی سەر، هەوکردنێکی سووکی پێستە بە شێوەی پەیدابوونی تفری سپیی زەردباو لە پێستی برۆ و دەوروبەریدا، کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ سووربوونەوە و خورشتدا. هۆکارەکان: هەوکردنی چەوریی پێست لە ئەنجامی هەوکردنی درێژخایەن بە کەڕووی مالاسسێزیا Malassezia، هەوکردن لەبەر بەرکەوتنی پێست بە ماددەیەکی کیمیایی دەرەکی Contact dermatitis وەکو شامپۆ یان ئارایشت یان ماددەی پاککەرەوە بە شێوەی خورشت و سووتانەوەی پێست لەگەڵ دروستبوونی تفری سپی، وشکبوونی پێست کە هۆکارێکی باوە بۆ توێشکی برۆ، ئەکزیما کە دەبێتە هۆی دروستبوونی قانی هەوکردن و سووتانەوە لە شوێنی جیاوازی پێستدا، کە پێستی برۆکانیش دەگرێتەوە، هەروەها نەخۆشیی سەدەف Psoriasis لە پێستی برۆ و نێوچەواندا. چارەسەرکردن: دۆزینەوە و چارەسەرکردنی هۆکارەکان، بەکارهێنانی شامپۆی دژەتوێشك بە ڕێنمایی دکتۆر، هەروەها دەرمانی دژەهەستەوەری لەکاتی بوونی خورشت و سووتانەوەدا. خۆپاراستن: بەکارهێنانی ئاوێتەی شێدارکەرەوەی پێست Moisturizer لەکاتی وشکبوونی پێستی دەموچاودا، بەکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو لەکاتی پێویستدا، هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەر پاککەرەوە یان ماددەیەکی کیمیایی کە ئەگەری هەستەوەری لێ بکرێت.



# چەند نیشانەیەکی نائاسایی کە مانای نەخۆشیی دڵ دەگەیەنن



زۆربەمان ئاشناین بە نیشانە باوەکانی نەخۆشیی دڵ، وەك: سینگ ئێشە، هەناسەتەنگی، کۆکە یان ویزەی هەناسە، دڵەکوتێ، ئارەقەکردن، بەڵام هەندێك نیشانەی دیکە هەن کە لەوانەیە نەخۆشیی دڵیان لەپاڵەوە بێت، بە مانایەکی دی، ئەگەر ئەم نیشانانەت هەبێت ئەوا لەوانەیە کە تووشیی نەخۆشیی دڵ بووبیت، بۆنموونە: وەستانی کاتیی هەناسە لەکاتی خەودا Sleep apnea، دەرکەوتنی بڵۆقی پرتەقاڵیی زەردباو لەسەر پێستی پەنجەکانی دەست یان پێ، لاوازیی گوشینی شتەکان بە دەست Poor grip strength، دەرکەوتنی پنتی ڕەش لەژێر نینۆکەکاندا، سەرسووڕان لەبەر بێهێزبوونی توانای پاڵنانی خوێن لە دڵەوە بۆ مێشك یان نارێکیی لێدانەکانی دڵ، گۆڕانی ڕەنگی پێست وەکو شین هەڵگەڕانی ڕەنگی پەنجەکانی دەست یان پێ، خوێنبەربوون لە پوکەکاندا، دەرکەوتنی قانی قاوەیی تاریك لەسەر پێستدا Acanthosis nigricans بەتایبەتی لە پێستی مل یان پێستی بن کەوشەکاندا، هەستکردن بە توندبوونی سینگ لەکاتی هەناسەوەرگرتندا، ئاوسان لە پەلەکانی خوارەوەدا بەتایبەتی لەپاش وەستان لەسەر قاچ بۆ ماوەیەکی زۆر، هەروەها هەستکردن بە ماندووبوون.



## نیشانە جەستەییەکانی پەستی

هەموو کەسێك لە کاتێك یان چەند کاتێکی ژیانیدا لەبەر هۆکاری جیاواز تووشیی جۆرێکی پەستی دەبێت. پەستی Anxiety جگە لە نیشانە دەروونییەکانی وەکو نیگەرانی، ترس، هەستکردن بە ناڕەحەتی، یان گرفت لە تەرکیزکردندا، هۆکارە بۆ گەلێك نیشانەی جەستەیی (فیزیکی) کە بەپێی جۆری پەستی کەمێك جیاوازن. نیشانەکانی گرفتی پەستیی گشتیGAD : نەبوونی توانا بۆ حەسانەوە، ناڕەحەتبوونی خێرا بە هەر شتێکی نەخوارزاو، گرفت لە چوونە خەوەوە یان خەوزڕان، سەرئێشە، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ یان دڵەکوتێ، ئازاری گەدە، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، گرفت لە قووتدانی خۆراك و شلەمەنیدا، ئازاری پەیکەرە ماسوولکەکان، نۆرەی گەرمبوون یان ساردبوونی لەش، زیاد ئارەقەکردن، هەستکردن بە توندبوونی سینگ، هەناسەڕاوکێ یان خێرابوونی هەناسە، هەروەها سکچوون. نیشانەکانی پەستیی کۆمەڵایەتی Social anxi-ety: سووربوونەوەی دەموچاو Blushing، ئارەقەکردن، لەرزین، دڵەکوتێ، لەگەڵ هێڵنج یان ڕشانەوە. نیشانەکانی گرفتی تۆقین Panic disorder: دڵەڕاوکێ، ئارەقەکردن، هەستکردن بە سەرما، لەرزینی لەش، هەناسەڕاوکێ، سەرسووڕان، هێڵنج، سڕبوونی دەستەکان، سك ئێشە، هەروەها ئازاری سینگ.




## بەرهەمهێنانی میمۆری ک

لەو چەند ساڵەی دواییدا بەراستی گۆڕانکاری یا بە واتایەکی دیکە شۆڕشێکی گەورە لە داکردن و هەڵگرتنی داتادا هاتە گۆڕێ. لە ماوەیەکی کەمدا کارت میمۆری کە بچووکترین ئامرازی هەڵگرتنی داتایە و بۆ کامێرا و مۆبایلەکان دەبێت قۆناغی میگابایتی تێپەڕ کرد و گەیشتە قۆناغی ترابایت.

کۆمپانیای SanDisk یەکەمین میمۆری کارتی ٨ ترابایتی بەرهەمهێنا. پێشووتر لە هەر

## SSDیەکی تایبەت بە مۆبایل

مۆبایلە زیرەکەکانی ئەو سەردەمە توانای ئەوەیان هەیە داتایەکی زۆر لەخۆیاندا هەڵبگرن، بەڵام چونکە کوالیتی کامێراکانیشیان زۆر بەرزە و بۆیە تووشی کێشەی نەمانی میمۆری دەبن.

SSDیەکی تایبەت بە مۆبایل بەرهەم هاتووە کە بە جۆری hagibis m.2 ناسراوە. بە هێزی ڕاکێشانی موگناتیس بە پشتەوەی مۆبایلەکەوە دەنووسێت. هاردەکە خۆی باترییەکی تایبەتی تێدایە و وزە لە مۆبایلەکەوە وەرناگرێت. لەگەڵ هەموو جۆرە مۆبایلێك دەگونجێت. توانای داکردنی دوو ترابایتی هەیە. خێرایی گواستنەوەی داتاکان لەو SSD یەدا دەگاتە دە گیگابایت لە چرکەیەکدا. جگە لە مۆبایل بۆ لاپتۆپیش دەگونجێت.




## پاڵاوگەیەکی بچووک بۆ ئاوی پاک

کاتێك بۆ گەشتێك چ بۆ دارستان یا چیا بڕۆی، تووشی ڕووبار و چەم دەبی. دڵنیانی لە پاك بوونی ئاوی ڕووبارەکە. پاڵاوگەی بچووکی جۆری Fulling Way دەتوانێت لەو کاتەدا باشترین یارمەتیدەر بێت. لە ماوەیەکی کەمدا ئاوێکی پیس و نەشیاوی خواردنەوە، دەیپاڵێوێ و ڕوونی دەکاتەوە و لە هەموو شتێك پاکی دەکاتەوە.

ئامێری ناوبراو پێنج فیلتەری تێدایە و ئاوەکە بە پێنج فیلتەردا دەڕوات. بەهۆی ئەو فیلتەرانە بەکتریا، مادەی کیمیایی، مایکرۆپلاستیك دەپاڵێوێت. لە ماوەی تەنیا کاتژمێرێکدا دەتوانێت ٢٠ دەبە ئاو بپاڵێوێت. ئامێرێکە هەم بە کارەبا شەحن دەبێتەوە و هەم بە وزەی خۆریش، جگە لەوەش بە سووڕاندنی هەندرێلیش شەحن دەبێتەوە. جگە لە پاڵاوتنی ئاو دەبێتە پاوەربانك بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرەکان و جگە لەوەش گلۆپێکی ڕووناکی هەیە.

# ئامێرێكی جۆكەر



جۆرێك لە چەقۆ هەیە پێی دەگوترێت چەقۆی سویسری.. زۆربەی ئەو ئامێرانەی كارمان پێی دەبێت تێیدایە، وەك: كەوچك، دەرنافیز، پلایز، مەقەست...تاد. ئامێری دیجیتالی kiiTag2 ڕێك وەك ئەو ئامێرە وایە كە چەندین ئەرك ئەنجام دەدات.

ئەو كارانەی ئامێری ناوبراو ئەنجامی دەدات ئەوانەن: لایتێكی بۆ ڕووناكی، فلاش میمۆرییە، دۆزەرەوەی مۆبایلە، كۆنترۆڵی كامێرای مۆبایلە. ئامێری ناوبراو بچووكە هەر بەقەد چەقۆیەكی مامناوەند دەبێت و وەك مەدالیا لە شوینی سویچ دەكرێت.

فلاش میمۆرییەكی ١٦ گیگابایتییە بۆ داكردنی داتاكانی مۆبایل، هەروەها پاوەربانكێكە لەو كاتە هەستیارانەدا كە مۆبایلەكەت شەحنی تێدانامێنێت باشترین یارمەتیدەرە. دۆزەرەوەی مۆبایل و ئامێرەكانی دیكەشە، كاتێك مۆبایلەكەت لە شوێنێك لەبیر دەچێت، ئەگەر مەودایەك دووركەوتییەوە زەنگ لێدەدات.




# ـــــارتی 8 ترابایتی

لەمساڵدا میمۆری كارتی ٤ ترابایتی لەلایەن ئەو كۆمپانیایەوە بەرهەم هاتبوو. دەتوانێت بە ملیۆن وێنە بە كوالیتی بەرز لەخۆیدا تۆمار بكات و هەروەها دەكرێت سەدان فیلمی بەبەرزترین كوالیتی لەخۆیدا هەڵبگرێت. ئەوە دەبێتە پێشكەوتنێكی گەورە هەم لە جیهانی كامێرادا و هەم لە جیهانی مۆبایلدا. خێرایی میمۆری كارتی ناوبراو سەد میگاوات لە چركەیەكدایە.





# کیبۆردی پەپوولەیی

تەختەی دوگمەکان (کیبۆرد) ئامرازی فەرماندانە بە کۆمپیوتەر یا مۆبایل لەچەندین دوگمە پێکهاتووە، هەرکام لەو دوگمانە کاراکتەرێك (پیت، ژمارە، هێما) تایب دەکەن، یا فەرمانێك ئەنجام دەدەن.

شێواز و دیزاینی کیبۆردەکان لەو کاتەوە بەرهەمهاتووە، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام جار جارە کیبۆردێکی جیاواز بەرهەم دەهێنرێت. بۆ نموونە کیبۆردی پەپوولەیی keyboardio. کیبۆردەکە وەك پەپوولە دەچێت، هەردووك لاباڵەکانی جیاین و بە وایەرێك پێکەوە پەیوەند دراون. بەرهەمهێنەری کیبۆردەکە (Jesse Vincet) پێیوایە کیبۆردەکە تەواو ئۆرگۆنۆمیکە (تەندروست)ە. پەنجەکان ئازار نادات. شێوازی چینی پیتەکانیش جیاوازە. دوگمەکان گلۆپیان لە ژێرەوە و ڕەنگی گلۆپەکان دەگۆڕدرێن. ئەوانەی کاریان بەو کیبۆردە کردووە دەڵێن، خێرایی تایب کردن بەو کیبۆردە زیاترە. خاڵی جیاوازی کیبۆردەکە لەوە دایە کە لە پلاستیك دروست نەکراوە و بەڵکو لە داری سروشتی دروست کراوە تەنیا دوگمەکانی پلاستیکن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چ بکەم پەیامی کەسە نەناسراوەکانم لە فەیسبوکدا بۆ نەیەت و بلۆك بکرێن؟

خوێنەری بەڕێز کورد گوتەنی ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بە دز مەگرە. لەسەرەتادا دەبێت پرۆفایلەکە و زانیارییە تایبەتییەکانت بە جۆرێك دانابێت کە کەسێك جگە لە هاوڕێیانت زانیارییە کەسییەکانت نەبینن. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بچۆ لە بەشی setting ی و ئەو بەشە بکەوە تایبەتە بە زانیارییە کەسییەکانتە، بەشی Privacy check هەڵبژێرە و لەو بەشەدا People who can see what you share هەڵبژێرە، دواتر هەموو زانیارییەکان وا لێبکە تەنیا هاوڕێیانت بیانبینن، یان تەنیا خۆت بیبینی.



# دژە مێشوولەیەک بۆ گەشتەکانتان

کاتێك دەچی بۆ گەشت و شەو لە شوێنێك دەمینەوە، بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا هیچ شتێك لە ئازاری پێوەدانی مێشوولە (پێشکە) ناخۆشتر نییە. خەو و ئیسراحەتت لێ تێك دەدا.

ئامێری دژە پێشکەی جۆری TINY REPEL لە ڕیزی ئامێرە باشەکان دێت. هەڵگرتنی ئاسانە و کێشی کەمە و شەحن دەبێتەوە، جگە لەوەش خۆی ڕووناکییەکی کەمی هەیە بۆ کاتی خەوتن.

کێشی تەنیا ١٤٥ گرامە، بەقەد لایتێکی بچووك دەبێت. هەتا ٩ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. کاتێك لە شوێنێك هەڵیدەواسی، بازنەیەکی ٥ مەتری بە دەوری ئەو شوێنەدا دەکێشێت و هیچ مێشوولەیەك ناتوانێت لەو بازنەیە نزیك بێتەوە. خاڵێکی سەرنج ڕاکێش کە لەو ئامێرە دژە مێشوولەیەدا هەیە ئەوەیە دەکرێت وەك پاوەربانکی مۆبایلیش سوودی لێوەربگیرێت.



# ملوانکەیەک گوێ
# لە ڕاز نیازەکانت دەگرێت

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، تەنانەت هەست و سۆز و خۆشەویستیش بە ژیریی دەستکرد دەسپێردرێت! وەك ئەو ملوانکەیەکە بە ملوانکەی (friend) واتە هاوڕێ ناسراوە.

هاوڕێ وەك هاوڕێیەك هەمیشە لەگەڵتدایە، بەکارهێنەر دەتوانێت دەردەدڵی و ڕازنیازی ڕۆژانەی لەگەڵ باس بکا. ئەویش لە ڕێگای زیرەکی دەستکردەوە وەڵامت دەداتەوە.

بۆ وەڵامدانەوە دەبێ لەسەرەتادا (هاوڕێ) بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند درابێ. دواتر بەکارهێنەرەکەی ئەوەی مەبەستی بێت لێی دەپرسێ، ئەویش وەڵام دەداتەوە بەڵام نەك بە دەنگ، بەڵکو بە دەق و لەڕێگای ئاپێکی تایبەت بەخۆیەوە لە مۆبایلدا. بەرهەمهێنەری ملوانکەکە دەڵێت: بەداخەوە ئێمە لە سەردەمێکداین تەنیای تەنیا بووینەتەوە، خۆمان بە کار و کۆکردنەوەی پارەوە خەریك کردووە، کەسێك نابینین لە دەوروبەری خۆمان، بۆیە ئەم ملوانکەیەم بەرهەم هێناوە.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ زیندووکردنەوەی وێنەکان

لەو ڕۆژانەدا دەبینین، وێنە کۆنەکان جوڵەدار کراون واتە بوونەتە گرتەیەکی ڤیدیۆیی و گیانێکی نوێی بە وێنە کۆنەکان بەخشیوە. هەندێك ماڵپەڕی ژیریی دەستکرد هەن ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن. چەند ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد هەن ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن، یەکێك لەو ماڵپەڕانە ماڵپەڕی klingai.com کە هی وڵاتی چینە. ماڵپەڕەکە ڕۆژانە چەند کرێدێتێکت بە خۆڕایی دەداتێ و دەتوانی چەند دیمەنێکی پێ دروست بکەی. بەڵام لەسەرەتادا دەبێت وێنەکان لە دیمەن و شوێندا لە یەك نزیك بن. کوالیتی وێنەکان باش بێت. کێشەیەك هەیە لەو ماڵپەڕەدا ئەوەیە خێراییەکی کەمی هەیە و جار هەیە چەند کاتژمێرێکی پێدەچێت تا وێنەکە دەکات بە گرتەیەکی ڤیدیۆیی.

## پرۆگرامێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ مۆبایل

پرۆگرامەکانی تایبەت بە ژیریی دەستکرد لە هەر بوارێکدا بێ، زیاتر بەشێوەی ئۆنلاین و لەسەر ماڵپەڕی تایبەت بەخۆیان خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە خزمەتگوزارییەکانی ژیری دەستکرد وەك ئاپێك لەسەر مۆبایل دادەنرێت.

ئەپلکەیشن یا بە واتایەکی دیکە پرۆگرامی facetone کە پرۆگرامێکی ژیریی دەستکردە و گشت بوارەکانی تایبەت بە وێنە و فیلم لە خۆی دەگرێت بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس بەردەستە. ئەپلکەیشنەکە بەخۆڕایی نییە و هەندێك لە خزمەتگوزارییەکانی بە خۆڕایین. هەتا هەفتەیەك دەکرێت سوودیان لێوەربگیردرێت.

بەشێك لەو ئەرکانەی پرۆگرامەکە ئەنجامی دەدات ئەمانەن:

دەستکاری کردنی وێنە: وەك گۆڕینی روخسار، پرچ، جلوبەرگ بە جۆرێك هەست پێناکرێت. بەرزکردنەوەی کوالیتی وێنە. ماکیاژ کردنی وێنە بۆ ئافرەتان. بەگشتی هەر شتێك لە وێنە بکرێت.



بۆ ڤیدیۆش گەلێك تایبەتمەندی هەیە: وەك بەرزکردنەوەی کوالیتی ڤیدیۆ، سڕینەوەی دیمەنێك لە ڤیدیۆ بە جۆرێك کە هەست پێنەکرێت. مونتاژکردنی ڤیدیۆ. گۆڕینی کەسایەتیك لە ڤیدیۆدا بە کەسایەتییەکی دیکە...

# ڕێگەکانی پاککردنەوەی جلوبەرگی منداڵ تازە لەدایکبوو و لابردنی پەڵە لەسەری



بۆ ئەوەی جلوبەرگی منداڵەکەت بپارێزیت، پێویستە شێوازی دڵخواز بۆ شۆردنی جلوبەرگی منداڵان بزانیت، لێرەدا ڕێنماییەکی تەواو بۆ مامەڵەکردن و پاککردنەوەی جلوبەرگی منداڵەکەت دەخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی جێگەی ڕەزامەندی بێت. باشتر وایە بە خێرایی پەڵەی جلەکانی منداڵەکە لاببەیت، بە بەکارهێنانی پاککەرەوەیەکی نەرم و بێبۆنی جلشۆر یان لابەری پەڵەی دەستی، و بە فڵچە بە نەرمی بیشۆیت. لە لایەکی دیکەوە پەڵەی قورس لەوانەیە پێویستی بە تەڕکردنی جلوبەرگەکان هەبێت بۆ چەند کاتژمێرێك پێش ئەوەی لە ناو ئامێری جلشۆردا بشۆردرێت. پێش شوشتن، پێویستە جلوبەرگی کاڵ لە تۆخەکان جیا بکەیتەوە، بۆ ئەوەی ڕەنگەکانی پارێزراو بێت. جگە لەوەش پێویستە جلوبەرگی زۆر پیس لەوانی دیکە جیا بکەیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە پلەی گەرمیی بەرزتردا بشۆردرێن، لە لایەکی دیکەوە باشتر وایە جلوبەرگی منداڵی تازە لەدایکبوو لە خولێکی دیکەی جلشۆردا جیا لە جلوبەرگی ئەندامانی دیکەی خێزان بشۆرێت.



# سوودەکانی ماسکی ئامادەکراوی ماڵەوە بۆ پێستی هەستیار



کاتێك گرنگی بە جوانی و پێستت دەدەیت، بەڵام لەگەڵ پیسبوون و فشاری ڕۆژانەدا پێستت زیاتر بەرەوڕووی وشکبوونەوە و هەوکردن و هەستیاری دەبێتەوە، لێرەدا ڕۆڵی ماسکی سرووشتی دێتە ئاراوە، کە بریتییە لە چارەسەرێکی تەواو گونجاو بۆ گرنگیدان بە پێستی هەستیار.

**ماسکی خەیار و ماست**

**پێکهاتەکانی:** سەرەتا نیوەی خەیارێك پاك بکە و ڕەندەی بکە، هاوکات کەوچکێك ماستی سرووشتیی بهێنە و بە باشی تێکەڵیان بکە، سادە ترین و بەسوودترین مایکت دەیت دەکەوێت کەسوودەکانی بریتین لە:

- خەیار پێست نەرم و ئارام دەکاتەوە و یارمەتی کەمکردنەوەی سووربوونەوە هەستیاری دەدات.
- ماست پێست شێدار دەکات و خۆراکی دەستبەجێی پێ دەبەخشێت، ئەمەش وادەکات پێست بە تازەیی و بە نەرمی بمێنێتەوە.

باشترە دوای بەکار هێنان ڕوخسارت تەنیا بە ئاو بشۆیت، چونکە زۆربەی پاککەرەوەکان تێکەڵەی تیژ و بۆندار لەخۆ دەگرن، کە دوای بەکارهێنانی ئەم ماسکە ڕەنگە بەهۆی ناسکیی پێستەوە زیان بە پێستت بگات یان تووشی هەستیاری ببێتەوە.



# چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆن لەسەر قژ

بۆنی قژ دەتوانێت یارمەتی داپۆشینی بۆنە نەخوازراوەکان بدات، جگە لەوەش بۆنی قژ بە شێوەیەك دروست کراوە کە توندیی لە بۆنە ئاساییەکان کەمترە، چونکە ئەگەر پێکهاتەی توندی تێدا بێت، ڕەنگە قژ وشك ببێتەوە یان زیانی پێ بگەیەنێت.
هەندێك ڕێگە بۆ بۆنخۆشکردنی قژ:

- **شۆردنی قژ:** سەرەتا بە قژی خاوێن و تازە وشککراوە دەست پێ بکە، دڵنیابە قژت پاك و خاوێنە و دوورە لە هەر بۆنێکی دیکە.
- **کەمیی پرژاندنی بۆنی قژ:** دوور بکەوەرەوە لە پرژاندنی ڕاستەوخۆ لەسەر پێستی سەر و، کەمێ دوور لە قژتەوە بۆن بەکار بهێنە و بە نەرمی بیپرژێنە، بە بڕێکی کەم دەست پێ بکە، چونکە هەمیشە دەتوانیت زیاتری بکەیت ئەگەر پێویست بوو.
- **بۆن بدە لە خاڵە سەرەکییەکان:** سەرنجت لەسەر ناوەڕاست و کۆتایی قژت بێت، ئەم شوێنانە لەگەڵ جووڵەی قژدا باشتر بۆن دەگرن.
- **دوور بکەوەرەوە لە زۆر بەکارهێنان:** بۆنەکانی قژ دەتوانن زۆر بەهێز بن، بۆیە سپرای سووك بەکاربهێنە، زیاد بەکارهێنانی بەرهەمەکان دەتوانێت قورسایی قژت دابەزێنێت یان بۆنەکە زۆر توند بکات.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



## شارستانییەتی دێندێرای سەرنجڕاکێش

پەرستگای دێندێرا لە شاری قینا، لە وڵاتی میسر، بە یەکێك لە سەیرترین شاکارە مێژووییەکان دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، هەروەها بە گەورەترین شارستانییەتی سەر زەوی دادەنرێت، هەرەمی سێ ڕەهەندیە 3D یە کە ٥٢٠٠ساڵ لەمەوبەر کێشراوە و جوانییەکەی سەر سورهێنەرە! ئەم شارستانییەتە کۆنە لە میسرییە کۆنەکاندا هەبووە بە شێوەی وێنە و پەیکەرو هەرەم، لە سەدەی نوێدا توانرا وێنەکەی بکەنەوە بە 3D، کە ئەمەش جێگەی سەرسوڕمانە بۆ مێژووی هەرەمەکان! زاناکان و مێژوونوسان سەریان سوڕماوە لەم هەموو پێشکەوتنەی هەرەم و فیرعەونەکان!



## ملیاردێری ناو پاس

ئەستەمە کەسانی ملیاردێر و ملیۆنێرەکان لە شوێنی گشتی ببینیت، چونکە بە ئوتۆمبێل و فڕۆکەکانیان گەشت و هاتووچۆ دەکەن، ئەوە جانتا لەپشتەی دەبینین (ئەندریا ئانیلی) ئیتاڵییە خاوەنی کۆمپانیاکانی (فیات، فیراریی، کرایسلەر، وە یانەی یوفانتس) ە، سەروەتەکەی (١٣,٥)ملیار یۆرۆیە، وەك کەسانی ئاسایی میترۆ بەکاردەهێنێت. هەندێ لە خاوەن سەرمایەکان وێڕای ئەوەی خاوەن هەموو شتێکن، کەچی هەندێکیان حەز بەو سادییە دەکەن، یان هەیانە لە هەژارییەوە دەوڵەمەند بووە، بۆیە بیری ئەو ژیانە هەژاری و سادییەی دەکات کە پێشتر تێیدا ژیاوە.



## بیابیانە ڕازاوەکانی بۆلیڤیا

بیابانە جوانەکانی بۆلیڤیا، پێچەوانەی هەموو بیابیانەکانی جیهانن، کە بیابیانەکان بەوە ناسراون وشك و دیمەنێکی سامناك و چۆڵەوانییان پێوە دیارە، کەچی ئەو بیابیانە جوانترین دیمەنی هەیە، بەهۆی ئەوەی هەڵکەوتەیەکی جوگرافیی تایبەتی هەیە، ئەوەی دەیبینیت دیمەنی ڕاستەقینەی بیابانی «سالار دی ئویونی»یە لە بۆلیڤیا، کە بە (ئاوێنەی ئاسمان)یش ناو دەبرێت، تەختەیەکی خوێی فراوان و شەفافە کە بۆ مەودای ١٠ هەزار کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە ئەمە دیمەنێکی سیحراویی دەریاچەی ڕەنگاوڕەنگ و تەپۆڵکەی خوێیە، کە لە دیمەنەکەدا ئەستێرە و هەورەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر خوێیەکە دەبینیت وەك ئەوەی ئاوێنەیەکی سیحراوی بێت.



## دکتۆرە جوان دزەیی:

# خەڵک سوودی زۆر لە ڕێنماییە پزیشکییەکانی سوشیاڵ میدیا دەبینن



**دکتۆرە جوان دزەیی دکتۆری ددانە و لە سۆشیاڵ میدیادا هەوادار و جەماوەرێکی بەرچاوی هەیە، ئەکاونت و پلاتفۆرمەکانی لە سۆشیاڵ میدیا وەك نۆرینگەیەکی لێ هاتووە و ئەوانەی لە دوورن و ناتوانن بە نۆرینگەکەی بگەن، چ لە ناوەوە یان لە دەرەوەی کوردستان، بە پرسیارەکانیان دەربارەی هۆشیاری و کێشەکانی دەم و ددان پەیوەندی بە دکتۆرە جوانەوە دەکەن، ئەویش زۆربەی کاتی بۆ کارەکەی و سۆشیاڵ میدیادا داناوە، وێڕای ئەوەی سەکۆکانی ئینتەرنێت بەکار دەهێنێت بۆ پێدانی ڕێنمایی پزیشکی و ئامۆژگاری، بۆیە گوڵان لە چەند پرسیارێکدا بەسەری کردەوە:**

*** بیرۆکەی تێکەڵبوونی سۆشیاڵ میدیا و کاری پزیشکیت چۆن بۆ هات؟**

- بە حوکمی ئەوەی خەڵك سۆشیاڵ میدیا بەکار دەهێنن و بە ئاسانی دەست خەڵك دەکەوێت، ئێمە پێمان وا بوو کە هەر بەکار دەهێنرێت، بۆچی بۆ کار و سوود وەرگرتن نەبێت، کە بینەران بتوانن سوود لە ڕێنمایی و کاری پزیشکی وەربگرن، سۆشیاڵ میدیا کاری پزیشکی زۆر بەرەو پێشتر بردووە.

*** کارەکانت لە سۆشیاڵ میدیا بۆ ناوبانگە یان بۆ بەدەستهێنانی خەڵك و جەماوەر یان بۆ قازانجی ماددییە؟**

- بێگومان ئەو سێ لایەنە بە یەکترەوە بەستراونەتەوە، پێویستە دکتۆری ددان بزانێت کارەکانی چۆنە و خەڵکیش بزانێت چۆن لە دکتۆر تێبگات، کە ئەو زانستەی ئێمە فێری دەبین و دەتوانین لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە بە شێوەیەکی ڕوون بە جەماوەر و خەڵکی بگەیەنین.

*** نەخۆشەکانت بە قسەی خۆت ئامۆژگاری وەردەگرن یان لە سۆشیاڵ میدیا و ئینتەرنێت، تا چەند دەکرێت ڕێنمایی و ئامۆژگاریی پزیشکی بە خەڵك بگەیەنن؟**

- لە خوا بە زیاد بێت، خەڵك ئەمڕۆ تێگەیشتووە و نەخۆشی ئێستا بە جوانی ڕێنماییەکان جێبەجێ دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی لە سۆشیاڵ میدیادا بڵاو دەکرێنەوە، خەڵك بە جوانی ڕێنماییەکان وەردەگرن، هەندێ لە نەخۆشەکانم دوای ماوەیەك هەستم کردووە پابەندی تەواوی ڕێنماییەکانن، چ لە نۆرینگە یان لە ڕێنماییەکانی سۆشیاڵ میدیابێت.

*** وەك دەگوترێت شێوەت بە کچە ئەکتەری بۆلیوود کاترینا کێف دەچێت، هەوادارەکانت چی دەڵێن لەو بارەیەوە؟**

- لە ڤیدیۆیەکی ڕێنمایی داوی ددان لە سۆشیاڵ میدیادا، خەڵکێکی زۆر وایان بۆم نوسیبووم کە بەو ئەکتەرە دەچم، دیارە شێوازم لەو ئەکتەرە دەچێت.

*** ڕۆژانە چەند ڤیوت لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی هەن و خاوەن چەند فۆلۆوەرزی بە گشتی؟**

- لە سەرەتای دەستبەکاربوونم بە سۆشیاڵ میدیادا، چاودێریی فۆلۆوەرزەکانم دەکرد، بەڵام لە ئێستادا ناژمێردرێت و زۆرن، منیش زۆر گرنگی بە ڤیو نادەم، وابزانم زیاترە لە ٢٥ هەزار کەس، گرنگ لەوەدایە کەسەکان بتوانن ڕۆشنبیر بن و ڕێنماییەکانم وەربگرن و بە جوانی جێبەجێی بکەن، تەنانەت ئەگەر ملیۆنێك فۆلۆوەرزم هەبێت، گرنگ ئەوەیە بیرۆکەکە بە خەڵکەکە بگات و ئەوانیش بە ڕێکی ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن.

*** بوونی دوو کاری زەحمەت پزیشکی و سۆشیاڵ میدیا، کاتت زۆر لێ نابات؟**

- بەڵێ کاتێکی زۆرم بۆ تەرخان کردووە، بەهۆی سەرقاڵیمەوە زیاتر تیشکم خستووەتە سەر کارەکەم، بۆیە تیمێکم هەیە کە خەریکی کارەکانی سۆشیاڵ میدیان، کاتێك کە کاتم دەبێ و بزانم نەخۆشەکان چ جۆرە پرسیارێك دەکەن، یان ئەو پرسیارانەی دەکرێت لە سۆشیاڵ میدیادا وەڵام بدرێنەوە، وەڵام دەدەمەوە، تا بتوانین باشترین ڕێنمایی و ئامۆژگاری بە خەڵك بگەیەنین.

## شاخ و ئاوی ئاگرین



وڵاتی تورکیا ئەفسانەیەکی نهێنی لەخۆگرتووە کە تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵە، لە نێو ئەو دیاردە سەیرانەدا دیاردەی بەرد هەیە کە هەزاران ساڵە دەسووتێت و تا ئێستا نەکوژاوەتەوە، ئەم بەردانە بە دووریی ٨٠ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای ئەنتالیا و نزیك شارۆچکەی ئۆڵیمپوس، لە چوارچێوەی شاخێکی بەردین لە بەرزیی ١٩٥٠ مەتر لە ئاستی دەریاوەن و دەستگەیشتن پێیان ئاسان نییە، سەیرە کە بۆ هەزاران ساڵە ئەو کونە بەردیانە لە ناو ئاودا دەسوتێن. زۆرجار زانایانی جیۆلۆجی ڕووبەڕووی و شارەزایان دەڵێن، ئەم ئاگرانە لە ١٠ دە دەرچەی ناو شاخەکەوە دەردەچن و ئاگرەکە بۆ ماوەی دوو هەزار و ٥٠٠ ساڵە هەیە و لە گازی میسان کە لە ناوەوەی شاخەکەوە دەردەچێت درووست بووە، کە بە کۆنترین ئاگری بێ پچڕان دادەنرێت کە مرۆڤ پێی ئاشنا بووە.

## یاسا



**بژێویی ژن لەسەر پیاو**

لە چوارچێوەی یاسا و شەریعەتی ئیسلامدا هەموو کەس بژێویی لەسەر خۆیەتی، جگە لە ژن کە بژێویی لەسەر مێردەکەیەتی، بەگوێرەی مادە (بیست و چوارەم) بڕگە (٢) لە یاسای باری کەسیەتی (بژێوی بریتییە لە خواردن و جلوبەرگ و خانوو و پێویستییەکان و کرێی پزیشکی بە شێوەیەکی باش و، کرێی ئەو خزمەتکارەی کەوا بۆ ئافرەتانی هاوشێوەی ئەو ئافرەتە دیاری کراوە). ئەگەر سەیری مادە (بیست و سێیەم)ی ئەم یاسایەش بکەین، دەبینین بژێویی ژنی لەسەر مێرد پێویست کردووە هەر لە ڕۆژی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوژینییەوە، تەنانەت ئەگەر ژن هەبوو و خاوەن داهاتیش بێت، وەك لە مادەکەدا هاتووە (بژێویی ژن لەسەر پیاو پێویستە و لە حاڵەتی دەوڵەمەندیی ژندا بەرپرسیاریەتی هاوبەشە ئەگەر ژن ڕازی بێت)، بێگومان ئەمەش سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامە و لە یاساکەدا جێگیر کراوە و بووە بە دەق، بەگوێرەی هەموو ئەمانەش بێت پاش ئەنجامدانی گرێبەستی هاوژینیی دروست، ژن هەر شایستەی بژێوی دەبێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆریش نەگوازرێتەوە وەك ئەوەی دەگوترێت دەستگیراندار بێت، یان بگوازرێتەوە و لە ماڵی باوکی یان کەسوکاریدا ژیان بەسەر بەرێت و نەچووبێتە ماڵی هاوسەرێتی، یان بگوازرێتەوە و لە ماڵی هاوسەرێتیدا بێت.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کاتی ئەوە نییە بە شێوەیەك ڕەفتار بکەیت کە کەسانی چواردەورت ئارەزوو ی دەکەن، تەنیا بە شێوازی خۆت ڕەفتار بکە، ئەمەش دەری دەخات کێ بەڕاستی لەگەڵتدایە، لە لایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت سوپرایزت بۆ دەکات.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بیرکردنەوە لە تۆڵەکردنەوە زیان بە خۆت دەگەیەنێت، باشترە هەمو شتێك بۆ ڕۆژگار جێبهێڵیت و سەرقاڵی ژیانی خۆت بیت، کار لەسەر هەندێك پرۆژە دەکەیت کە لات قورسن، بەڵام توانات هەیە بە ئەنجامیان بگەیەنیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لە لایەنی پیشەییەوە پلان دابنێ، هەوڵ بدە بەو شێوازە کار بکەیت کە خاوەنکارەکەت داوات لێ دەکات، ئەگەر هەست دەکەیت پلەت نزم بووەتەوە لە پیشەکەت، هەوڵ بدە هۆکارەکەی بدۆزیتەوە و چارەسەری بکەیت، دوورکەوتنەوە لە خەڵك و بیرکردنەوە لە ژیانی خۆت بۆ ئەمڕۆ بیرۆکەیەکی باش دەبێت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

دەرفەتی زۆر باش دێتە بەردەمت، لە لایەنی سۆزدارییەوە زیاتر و زیاتر لە خۆشەویستەکەت نزیك دەبیتەوە، بەگشتی پەیوەندییەکی زۆر باشی کۆمەلایەتیت هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە هەستکردن بە تەنیایی دوور بکەویتەوە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

خۆشەویستەکەت ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستی بە یارمەتی و هاوکاریی تۆیە، دەست لە کارەکانت هەڵگرە و یارمەتی بدە، هەندێك هەواڵی خۆش دەبیستیت، هەوڵ بدە گرفتەکان بێ چارەسەر جێ نەهێڵیت، دەنا گرفتی زیاتر دێتە سەر ڕێگەت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەرکێکی زۆرت لەسەر شان جێ دەمێنێت، بەڵام نیگەران مەبە، ئەم دۆخە قبووڵ بکە و بە ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکە، کاتی ئەوە نییە کە هەموو کارێك بە دڵی کەسانی چواردەورت بکەیت، خۆشەویستەکەت گەورەترین پاڵپشتیکەرتە لە ئێستادا.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە داهاتووی مرۆڤایەتی و تەکنەلۆژیا دەکات، کە مرۆڤەکان خەریکی تەکنەلۆژیان و ڕۆبۆتەکانیش کتێبەکان دەخوێننەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

سکرینی بارهەڵگر

بارهەڵگری سامسۆنگ ڕێگەکەی پێشەوەت بۆ نیشان دەدات تا بتوانیت بە سەلامەتی تێپەڕیت. کامێرایەکی بێ وایەری پێشەوەی هەیە کە ڕیکۆردی ڕێگەکە دەکات و لەسەر شاشەی دواوە پیشانی دەدات!

بۆ زانیاریت

# جلوبەرگی فارادی بۆ کارەبا



جلوبەرگی گەیەنەری فارادای بە شێوەیەکی گونجاو دیزاین دەکرێت لە قەفەزی پاراستنی فارادەی دروست دەکرێت. هەندێك لە کارمەندانی هێڵی کارەبا قاتی فارادەی لەبەر دەکەن کە ڕێگەیان پێ دەدات لەسەر هێڵی کارەبای ڤۆڵتییە بەرزەکان کار بکەن، بەبێ مەترسی. قاتەکە ڕێگری دەکات لە تێپەڕبوونی تەزووی کارەبایی بە ناو جەستەدا و هیچ سنوورێکی تیۆری ڤۆڵتیی نییە بۆی. لێرەدا ئەم کچە ناوی کارلا دۆنە قاتێکی فارادەی لەبەردەکات و ئازایانە لەژێر نیوەبازنەی کۆیلێکی تێسلا a Tesla coil پیاسە دەکات. قاتی فارادای Faraday suits وەك قەفەزێکی فارادەی جوولاو کار دەکات، ڕێگە بە لەبەرکەر دەدات بە کارەبا دەورە بدرێت بەبێ ئەوەی زیانی پێ بگەیەنرێت. ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە تەنیا فێڵێکی سەرنجڕاکێش نییە، بەڵکو نمایشێکی بوێرانەیە لە فیزیای کرداریدا.

## فیلم

## کۆدی هەشت - Code 8: Part II




فیلمێکی سەرکێشی و ئەکشنە، باس لە شارێك دەکات کە لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەڵات و پۆلیسەوە ستەمیان لێ دەکرێت، تاوانبارێك دەبێت ڕوو لە ئاغایەکی مادده هۆشبەرەکان بکات، کە سووکایەتی پێ دەکات بۆ پاراستنی هەرزەکارێك لە پۆلیسێکی گەندەڵ، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٠) خولەکە، لە دەرهێنانی جیف چان، نووسینی ماری داڤیگنۆن، لە نواندنی: سیرینا گوالاگاوس، سارینا پارمەر، ڕۆبی ئەمیڵ، نۆرین گوالاگاوس، ستیڤین ئەمیل، جیان یۆن.



## پەند و وتە

تۆماس پاین، نوسەری ئینگلیزی و فەیلەسوفی سیاسی، لە ساڵی ١٧٣٧ لە شاری تاتفۆرد لە بەریتانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٠٩ لە گوندی گرینویچ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی نەزان دەڵێ: «تێگەیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانێك کە خاوەن هیچ پرنسیپ و زانیارییەك نین، هێندە بێسوودە وەك ئەوەیە دەرمان بدەیت بە کەسێکی مردوو».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی سەیری بکەیت، وادەزانی بەردێکە لە بۆشاییدا وەستاوە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا ڕاستی و دروستیی وێنەکە بزانیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ڕووی پیشەییەوە هەوڵ بدە سوود لە هەل و چانسەکان وەربگرە کە پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەی بەرەو پێش بچیت، ڕێگەی دروست هەڵبژێرە لەوەی پێشکەشی خۆشەویستەکەتی دەکەیت و ئارەزووی دەکات، پەیوەست بە ڕێنمایی پزیشکەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ ڕووبەڕووی شکست دەبیتەوە لە کارەکەتدا، بەڵام پێویست بە بێتاقەتی و تووڕەی ناکات، چونکە هەمو کارێك شکست و سەرکەوتنی هەیە، گرنگە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بە ڕوونی ڕاستگۆیی بدوێیت دەربارەی ئەو شتانەی مێشکی سەرقاڵ کردوویت، پێویست بە پشوودان هەیە لەپێناو تەندروستی و ئاسودەیی خۆتدا.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕێگە مەدە گرفتەکان لە لایەنی پیشەییەوە کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیت، بەڵام هەوڵی چارەسەرکردنیشیان بدە، یاری بە ئاگر مەکە و خۆت لە هەمو کارێك مەدە کە هەست دەکەیت جێبەجێکردنی لە توانای تۆدا نییە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

پێویستت بە پشوو هەیە لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە، لە ماڵەوە پشوو بدە و چێژ ببینە لەوەی کاتەکانت بە تەنیا بەسەر بەریت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت لەبارەی چەند بابەتێکەوە ناکۆکن، هەوڵ بدە بە شێوەیەکی هێمنانە بدوێن و گفتوگۆی لەسەر بکەن.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەگەر پێویستت بە زانیاری بوو، مەترسە لەوەی داوا لە کەسانی چواردەورت بکەیت، پەستانی زۆری پیشەیی ماندووت دەکات، هەر بۆیە کات تەرخان بکە بۆ پشوو وەرگرتنی خۆت، لە لایەنی داراییەوە هەوڵ بدە پارەکانت دابەش بکە بەسەر ڕۆژەکانتدا و هەموی لە یەك کاتدا خەرج مەکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بە زۆر گرفت و کێشەدا تێپەڕدەبیت لە کارەکەت، ئەمەش ناچاردەکات لەمەودوا بە شێوەیەکی زیاتر بیر لە لایەنی ماددی بکەیتەوە تا بگەیتە چارەسەر، ڕێگەمەدە تەنیا خۆشەویستەکەت بڕیار لەسەر پەیوەندیتان بدات، چونکە تۆش هاوبەشی ئەو خۆشەویستییەیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆڕی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆڕی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆڕی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت



- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.

**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly
Gulan
August 26, 2024 Issue,No.1427

